DOZI JIN
U
HEZAREY NIWE



دۆزی ژن و هەزارەی نوێ

ئارام سدیق

دۆزی ژن
و
هەزارەی نوێ

ئارام سدیق

ئارام سدیق

دۆزی ژن و هەزارەی نوێ

چەند بابەتێك لەمەڕ دۆزی ژنی كورد

سلێمانی ٢٠٠٧

- ناوی كتێب: دۆزی ژن و هەزارەی نوێ
- ناوی نووسەر: ئارام سدیق
- بابەت: وتار و لێكۆڵینەوە
- تایپ: ئاشتی و ئاشنا صدیق
- بەرگ: نووسەر
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپی یەكەم- ٢٠٠٥
- چاپی دووەم ٢٠٠٧
- ژمارەی سپاردنی (٦٤٨)ساڵی ٢٠٠٥

بـــــــۆ

ئـــاشـــــــــتی و ئاشـــــــــنـــــا

پێشکەشە

لەبری پێشەکی

قسەکردن لەسەر کێشە جۆراوجۆرەکانی ئەمڕۆی ژنانی کورد کارێکی سانا نییە، چونکە ئەگەر بەوردی لەسەرجەم رەهەندە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەکانەوە بڕوانین ئالۆزییەکی زۆر بەدی دەکەین و ئەم ئالۆزیەش رێگریی گەورەی ئەو قسەکردنەیە، چونکە ناتوانرێ توێژینەوەیەکی راستگۆیانە ئەنجام بدرێت تا خاوەنی کۆمەڵگەیەکی هێندە داخراو بین و ناتوانین دەست بۆ تابۆکانی نێو ژیانی ژنان بەرین و لێیان بکۆڵینەوە و هەوڵی رێگەچارە و بنبڕکردن و کەمکردنەوەیان بدەین.

ئەمڕۆ لەکوردستان و دەرەوەی کوردستانیش وتار و لێکۆڵینەوەی زۆر دەبینرێ لەمەڕ کێشە هەنووکەییەکانی ژنانی کورد، بەڵام زۆرێک لەم وتار و لێکۆڵینەوانە، یان سنوورێکی زۆر تەسکیان لە خۆگرتووە یان نەیانتوانیوە راشکاوانە لەسەر دیاردەکان بدوێن و پەنجە بۆ تابۆکانی کۆمەڵگە رابکێشن و لەو دیو پەردەوە و بە شێوەیەکی

تەمومژاوی لە دیاردە جۆراوجۆرەکان دواون، بۆیە پێموایە ئەمڕۆ کاتی ئەوە نییە لەو دیو دەرگاکانەوە لەسەر کێشە هەنووکەییەکانی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی قسەبکرێت.

ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە و ئەگەرچی بەشەکانیش تا رادەیەکی کەم لەیەکەوە دوورن، بەڵام هەموویان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە دەیانەوێت قسەیەك لەسەر (دۆزی ژنیکورد) بکەن لە ئەمڕۆدا و کردنەوەی پەنجەرەیەکی نوێ بن بۆ قسەکردن لەسەر ئەو دیاردانەی بوونەتە مشەخۆری گیانی کۆمەڵگەی کوردی و رێگری بەردەوامی بەردەم بەرەو دیموکراسیەت و مەدەنیبوون و یەکسانی نێوان هەردوو رەگەزن. لێرەوە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کۆی ئەم وتار و لێکۆڵینەوە و دیدارانە لە ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥)دا هاتوونەتە بوون و کارکردن و ماندووبوونی قۆناغێکی دیاری کراوی منە، بۆیە کۆکردنەوەیانم لەم کتێبەدا بە پێویستزانی.

ئارام سدیق

٢٠٠٥/٧/٢١

بەشی یەکەم

دۆزی ژن و هەزارەی نوێ

ئەوەی لەم بەشەدایە شەش چاوپێکەوتنە لەگەڵ شەش خانمی چالاکی بواری دۆزی ژنی کورد و ساڵی (٢٠٠٤) لە ژێر ناونیشانی (دۆزی ژن و هەزارەی نوێ) بڵاوکراوەتەوە.

دیداری مهاباد قەرەداغی

★دۆزی ژنان له جیهاندا چۆن دەبینیت به گشتی و دۆزی ژنانی کورد له چ ئاستێکدایه ؟

- دیاره وەکو ئەوەی ئەم سەدەیه ناونراوه بەسەدەی مافی ئافرەت، لەو ڕووه وه لەهەندێ شوێنی جیهاندا ئەم قسەیه ڕاسته و کاریگەری هەیه، ژنان لەوێ توانیویانه لەبەندەکانی دەسەڵات بگەن و توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا تاڕادەیەکی باش کەم بۆتەوە. توندوتیژی دیاردەیەکە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، هیچ کۆمەڵگەیەك نیه لەدنیادا و ناتوانین بڵێین لەداهاتوشدا دەبێت که توندوتیژی تێدا نەبێت، بەڵام ڕێژەی توندوتیژی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. کۆمەڵگەی وایه توانیویەتی تاڕادەیەك دیموکراسی پەیڕەوبکەن و زۆر ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکەن و ژنان بەزۆر لەپلەو پایەی کۆمەڵگه بکەن توندوتیژی تاڕادەیەکی زۆر کەم بۆتەوە.

دیاره توندوتیژی تەنها تایبەت نیه به ژنان، بەڵکو ئەگەر لەکۆمەڵگەیەك توندوتیژی هەبێ ئەو دژ به پیاوان و منداڵانیش هەیه، بۆیه پێموایه له ئەوروپاو ئەمریکادا خەباتی فیمینیستی توانیویەتی هەنگاو بەرەو پێشەوە

بنێ و ئەزموونێکی دروست کردووە بتوانرێ لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سود لەو ئەزموونە ببینرێ، بەڵام سوود وەرگرتنێك نەك تەنها بەگواستنەوەی، بەڵکو بەکارکردن و گونجاندنی بەگوێرەی تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

سەبارەت بەتوندوتیژی لەکۆمەڵگەی کوردیدا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، توندوتیژی دژی ژن دەگاتە لوتکەی خۆی و، لەدوای ڕاپەڕین کە بارێکی واڕەخساوە کە زۆر گروپ و ڕێکخراو دروست بوون کە پشتگیری لەمافەکانی ژنان بکەن و ریفۆرمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن، بەڵام خەباتێکە لەسەرەتایدایە.

توندوتیژی لەو کۆمەڵگانەی کەتێڕوانینێکی ئاینی بەسەردا زاڵە کەیاساکان لەسەر ڕێساو داب ونەریتی کۆنەپەرستانە دادەڕێژرێن و کلتورێکی باوکسالارانە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە، ئەوانەی داڕێژەری پەیڕەوپڕۆگرامی حزبەکانن لەعەقڵێکی باوکساری و کۆنخوازیەوە ئەو بەرنامانەیان داڕشتووە، ئەمانەش هۆکارن کەتوندوتیژی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بگاتە چڵەپۆپە و پیاو وەك باڵاو ژن وەکو کاڵاو بن دەستە.

★بەرای بەڕێزت ڕێکخراوەکانی ژنان توانیویانە بەدیهێنەری مافەکانی ژنان بن، ئایا تا چەند لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بوون؟

-لەڕاستیدا زۆر ئاساییە هەر حزبێك ڕێکخراوی ژنانی هەبێ و لە هەموو دنیاشدا هەیە، بۆ نموونە حزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی ڕێکخراوی ژنانیش هەیە، بەڵام لەوێدا ژنان هێندە پابەندنین بەو شتانەی پیاوان دایانناوە. سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەیە کەژنان خۆیان داڕێژەرین، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی ئەو حزبانەی ڕێکخراوی ژنانیان هەیە، ئەو ڕێکخراوانە پابەندبن بە سیاسەتی حزبەکانیانەوە کە پیاو داڕێژەرین. تا ئەم ساتەش کە من قسەی تێدا دەکەم سەرکردایەتی حزبەکان خاڵین لەژن و هەموو پەیڕەو پڕۆگرامەکانی حزب پیاو دایڕێژراوە، ئەگەر خاڵێك لە خاڵەکانی پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکان ئەوەی تێدابێ کەتێدەکۆشێ بۆ مافەکانی ژن و داکۆکی لەمافەکانی دەکات تەنها وەکو بانگەشەو تەنها وەکو تیۆری ماوەتەوەو لەپراکتیکدا ئەوە نابینین، بۆ نمونە لە سەرکردایەتی حزبەکاندا دەنگی ژنی تێدانیە ئەو شۆڕشانەی لەمێژووی کورددا هەبوو هەمیشە دەنگ و ڕەنگ و کاری هی پیاو بووە و ژن فەرامۆش و

پەراوێزخراوە لەناو یاساو ڕێساکاندا هەموو ئەو شتانەی پیاو داڕێژەری بوون ژنیان لە پەراوێزدا داناوە.

ئەو ڕێکخراوانەی پەیڕەوی ڕێنماییەکانی حزبەکەی خۆی دەکات بێگومان سنوردار دەبێ‌و ناتوانێ رای لەسەر مەسەلەی ژن هەبێ. من لەسەرەتای ئەم ساڵەوە (٢٠٠٤) هەست دەکەم هەستێك هەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان ئازادی ئەوەیان هەبێ وەکو ژن(نەك دابڕاو لە حزبەکان) خۆیان داڕێژەری هەندێ بەرنامەبن کە بتوانن گەشەی پێبدەن. هەروەها دەبینم لەبڵاوکراوەکانی ژناندا زۆربە جورئەتەوە قسە لەسەر کوشتنی شەرەف و شتی تر هەیە، کە ئەمە ئاسۆیەکی روونە، هەڵبەت لە کۆمەڵگەکانی دراوسێکاندا ئەم دیاردانە هەیە بەڵام کەمتر قسەی لەسەر کراوە. ژنی کورد لەو رووەوە توانیوێتی جەریئانە قسەی خۆی بکات، کە ئەمە من بەخاڵێکی پۆزەتیڤانەی لەقەڵەم دەدەم.

*پێتوایە لەنێو ڕێکخراوەکانی ژناندا ئەو ڕێکخراوانە چالاکن کەسەربەحزبن، یان ڕێکخراوە ناحزبیەکان؟

- بێگومان تۆکە سنورێکت بۆ دیاری نەکرێت ئازادتر دەتوانی بەرنامە بۆ خۆت دابڕێژی و کاری لەسەر بکەیت، وەکو سروشتی کارکردن ڕێکخراوە ناحزبیەکان توانیویانە

کاری باشتربکەن، ئەوان ئەو ئیمکانیەتەیان لەبەردەستدانیە، بەڵام ڕێکخراوەکانی سەربەحزب ئیمکانیەتی باشتریان لەبەردەستە لەرووی ئابووریەوە و وەکو وتم پابەند دەبن بە بەرنامەی حزبەکانیانەوە ئازادنین لەداڕشتنی بەرنامە، بەڵام ئەو ڕێکخراوانەی لە دەرەوەی حزبن زۆربەی کات کێشەی ئابوریان دەبێت و ئیمکانی ئەوەیان نیە بۆ بەرەو پێشبردنی پڕۆژەکانیان، زۆرجار پڕۆژەکانیان دوا دەکەوێت و لە تیۆریدا دەمێنێتەوە و ناتوانن پراکتیزەی بکەن.

*کەسێتی کوردی کەسێتیەکی نەگۆڕاوە، بەتایبەتی پیاو، کە پاش ئەم هەموو پێشکەوتنەی جیهان هێشتا بە تۆمەتی شەرەف و شتی تر ژنان تیرۆر دەکرێن ، ئەمەش تەنها لە کوردستان نیە ، بەڵکو لە ئەورووپاش روویدا وەکو تیرۆر کردنی (فاتیمە) و چەندانی تر ، پێتوایە هۆی نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چییە؟ لەکاتێکدا ژینگە و کۆمەڵگاش گۆڕدراوە ؟

-لەڕاستیدا باوکانی وەکو باوکی(فادیمە) کە ساڵانێکی زۆریش لە ئەوروپا دەبن، هەڵگری هەمان کلتورن کە لە کوردستان هەیە، ئەوە من بەشتێکی ئاسایی دەبینم، باوکی فادیمە نەخوێندەوارە و پەنجاساڵ لەئەوروپابێت ناتوانێ

فێری شتێك بێت، ئەوە كێشەیەكی بەردەوامە، من لەسوید
كە وەكو وەرگێڕیش كارم كردووە زۆر كەس دەدوانزە ساڵە
لەو وڵاتەیە نەیتوانیوە زمانی ئەو وڵاتە فێربێت، كەواتە
كە زمانی ئەو وڵاتە فێر نەبێت ناتوانی لەكلتوری ئەو
وڵاتەش سودمەند بێت و گۆڕانكاری لەفیكری خۆیدا بكات
و لە شتە باشەكانی كلتوری بەرامبەر سود وەربگریت،
بۆیە كارلەسەر كلتوری خۆت دەكەی، لەوێدا كەسانی وەكو
باوكی فادیمە زیاتر پابەند دەبن بەكلتوری خۆیانەوە
بەوەی كە ئازادیەك دەبینن بەتایبەت لەمەسەلەی ژندا
ئەوان ناتوانن لەو ئازادیە تێبگەن، بۆنمونە لەوێدا
لەنێوان كوڕو كچدا ئەڵتەرناتیڤێكی تری زەواج هەیە
بەوەی بەتەنها زەواج ئەوەنیە ژن و پیاو مارە ببڕدرێن و
ئەوساببنە(ژن و مێرد). لەوێ سێ جۆر ئەڵتەرناتیڤی
زەواج هەیە، یەكێكیان كچ و كوڕ پێكەوە دەژین بەبێ
مارەبڕین، دووەم ئەوەیە كچ و كوڕ پەیوەندیان هەیە،
بەڵام لەدووشوێنی جیاوازدا دەژین، جۆری سێیەم ئەوەیە
جاروبار پێكەوە دەژین و جاروبار جیا دەژین. ئەمانە
هەموو ئەڵتەرناتیڤی جیان لەكلتوری كەسێكی نارۆژئاوای،
ئەو ئەگەر زمان فێرنەبێت ناتوانێ لەو ئازادیە تێبگات،
بۆیە دەكەوێتە دژایەتی كردن لەگەڵ خۆیداو زیاتر

پابەند دەبێ بەكلتورەكەی خۆیەوە پێیوایە ئەو
رەسەنایەتیەی لەكلتوری ئەودایە دەبێ بپارێزرێ و ئەو
سنورداركردنی ژن بە رەسەنایەتی دادەنێت، دیارە ئەوە
لای ئەو رەسەنە، نەك لەڕاستیدا، بەڵام كەسانێكی زۆریش
هەن سود لەو كلتورانە دەبینن و شتە باشەكانی بۆ خۆیان
دەگوێزنەوە و زۆرجار دەیگوێزنەوە ناو وڵات لەڕێی
نوسین و ئاڵوگۆڕی بیروڕاوە.

★پێتوایە تەكنەلۆژیا تا چەند خزمەتی بە دۆزی ژنان
كردووە، لە كاتێكدا لەڕێی كەناڵ و سایتە سێكسیەكانەوە
قێزەونترین دیمەنی ژنان بڵاودەكرێتەوە ؟

-هەموو ئەو پێشكەوتنە خێرایانەی روو دەدات ئەگەر
دەرفەتێكت نەبێت بۆ سودوەرگرتن لێی، لایەنە
پۆزەتیڤەكانی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو گەردوونگەرایی
بەگشتی بەسەردا زاڵ دەبێت، ژن لەكۆمەڵگەكانی جیهاندا
دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخساوە لە پرۆژەی گەردوونگەرایی
سودمەندبێت، بۆیە زیاتر بەرزیانەكانی دەكەوێت، كاتێك
جەستەی ژن دەكرێتە كاڵا بۆ ساخكردنەوەی كاڵای
بازرگانی. بۆنمونە كە ریكلام بۆ كۆمپیوتەرێك دەكرێت
ژنێكی رووت دادەنرێت و هەروەها بۆ قەڵەمێكیش

بەهەمان شێوە، واتە توانراوە لەڕێی وروژندنی غەریزەی سێکسیەوە کاڵاکان ساخبکرێتەوە.

هەروەها ئەو کەناڵە سێکسیانەی کەتۆباسی دەکەی، لەوێدا زیاتر بازرگانی بەجەستە ژنەوە دەکرێت، لێرەدا کەباسی ئازادی دەکرێت و دەڵێین با جەستەی ژن ئازاد بێت، بەومانایەی کەجەستەی دیوی دەرەوەی مرۆڤە، کەئەو ئۆرگانە زیندوانەیە کە مرۆڤ دەهێڵێتەوە و کەسایەتی تۆ بە بەرامبەر دەناسێنێ، ئەو جەستەیە پێویستە لەو رووە وە کارابێت و پەرە بەکەسایەتی تۆبدات، نەك ببێتە کاڵایەکی بازرگانی لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا ژن بەوشێوەیە جەستەی بەکاردەهێنرێت وەکو لەفیلمی سێکسی و ریکلامەکاندا، لەکۆمەڵگە تەقلیدیەکانیشدا جەستەی ژن کراوەبە سندوقێك بۆشەرەفی پیاو و رەوایەتی دەدرێ بەدادڕینی ئەو جەستەیە و بەکوشتنی، یان وای لێدەکرێ خۆی بسوتێنێ، چونکە ئەو جەستەی کراوەبە سندوقی شەرەفی نێرینەی بنەماڵەو خێزانەکەی. لەهەردوو کۆمەڵگەدا لەمۆدێرن و تەقلیدیشدا لەو بەشەدا کەجەستەی ژن کاڵایەکە بۆ کۆمپانیایەکە ولای ژن و پیاو لە سروشتی مرۆڤانەی خۆیان دوور دەخرێنەوە.

★ پێتوایە خۆسوتاندن دەرئەنجامی چیە؟ چی وا لە ژنان دەکات بیر لەم رێگایە بکەنەوە، پێتوایە ئەمە چارەسەرە یان ئەو پەڕی بێتواناییە ؟

-لەرووی دەرونیەوە من لێکدانەوەم بۆی هەیە، کاتێك ژن دەرك بەوەدەکات، کە ئەوە جەستەی ئەوە بۆتە کاڵایەك بۆ نێرینەکانی بنەماڵەکەی هەست بەکەم و کوڕی کۆمەڵایەتی دەکات و دەیگەیەنێتە حاڵەتی خەمۆکی ئەو کاتە بێزار دەبێ لە جەستەی خۆی و کاتێکیش دەگاتە ئەو پەڕی خەمۆکی سزای خۆی و کۆمەڵگەکەی بەوە دەدات ئاگر لەجەستەی بەربدات، بۆیە من خۆسوتاندنی ژنان بەسزایەك دەبینم بۆ خۆی کۆمەڵگەکەی و بەو ئاگرە ئاماژەی پێدەدات، چونکە ئەو جەستەی خۆی تەنها بەسندوقێکی بەتاڵ هیچی تری تێدا نابینێتەوە ئەو سندوقەش شتێکە شەرەفی کەسانی تری تێدا دانراوە هیچ بایەخێکی بۆ خۆی نیە بۆیە سزای خۆی بەوە دەدات کە سزای کۆمەڵگەکەی و نێرینەکانی بدات و میکانزمێکی بەرگریشە ژن بەکاری دەهێنێت.

★دواهەمین کتێب لەمەڕدۆزی ژن کتێبی(شەرەفنامە)یە، ئەو میتۆدانە چین پشتت پێ بەستون بۆ نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ دۆزی ژنان؟

- دیاره من زیاتر سود لەدەروونناسی کۆمەڵایەتی سودی لێ دەبینم بۆ ئەولێکۆڵینەوانە، پێموایە هەموو دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە پێناسە بکرێن، بەتایبەت لەم کتێبەدا هەوڵم داوە چەمکی(شەرەف) پێناسەبکرێت، بەوشێوەیەی دەمەوێ بڵێم جەستەی ژن شەرەفی پیاو نیە ئەو سندوقە نیە کە بۆ پاراستنی شەرەفی پیاو بەکار بهێنرێت، بەڵکو ئەو ئۆرگانەیە کەپێویستە بەکاری بهێنێت بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی خۆی. ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە پێناسە بکرێت، دەمەوێ ئەوە پێناسە بکەمەوە کەبەئەدەببوون چیە؟ ئازادی چیە؟ هەروەها ئەو چەمکانەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێناسەی هەڵەیان هەیە هەوڵێکم داوە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەیان بەتایبەت جەستەی ژن و شەرەف.

تەمووزی ٢٠٠٤

دیداری بێخاڵ ئەبوبەکر

★دۆزی ژنان له جیهاندا چۆن دەبینیت به گشتی و دۆزی ژنانی کورد له چ ئاستێکدایه ؟

-دیاره، مەسەلەی ئافرەت و سەرهەڵدانی بزوتنەوەکەی و بەرەوپێش چوونی دۆزەکەی بەپێی شوێنی جوگرافی و هۆکاری مێژوویی، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، جیاوازی هەیە.

بەواتایەکیتر، فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لەنێوان کۆمەڵگەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا جیاوازی هەیە و ناکرێ بەیەك پێودانگ بپێورێن و هەمان رێگاچارەش بۆ گرفت و کێشە جیاوازەکان، پیادەبکرێت.

لەگەڵ ئەم جیاوازیانەشدا، دەتوانین بڵێین بەرئەنجامەکان هاوشێوەن، ئەویش بریتیە لەپەکخستنی رۆڵی کاریگەرانەی ئافرەت بۆ بەشداری راستەقینە لەبوارەکانی ژیانداو بێبەشکردنی کۆمەڵگەیە له نیوەی وزەو تواناکانی و کاریگەری راستەوخۆشی هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی لەڕووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری وئابوری و سیاسی و هەروەها لەسەر داهاتووی نەوەی نوێوە.

لەم سەردەمەدا ، هۆشیاریەکی بەتینتر له جاران لەسەر ئاستی جیهان ، سەبارەت به گرنگی رۆڵی ژنان هەست پێ

دەکرێت . لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە، چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئافرەت گرێدراوە و چەندین بڕیار و ڕێکەوتننامەشیان لێ کەوتۆتەوە، وەك:-

-یەکەمین کۆنگرەی جیهانی ئافرەت لە مەکسیك ساڵی(١٩٧٥).

-دووەمین کۆنگرەی جیهانی ئافرەت لە کۆبنهاگن ساڵی (١٩٨٠)

-سێیەمن کۆنگرەی جیهانی ئافرەت لە نایروبی ساڵی (١٩٨٥)

-چوارەمین کۆنگرەی جیهانی ئافرەت لە پەکین ساڵی (١٩٩٥)

-پەکین +٥ساڵی (٢٠٠٠)

-بڕیاریشە ساڵی (٢٠٠٥)کۆنگرەی پەکین +١٠بۆبەدواداچونی بڕیارەکانی پێشوو ببەسترێت.

سەبارەت بەکوردستانیش، دۆزی ئافرەتی کورد بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لەقۆناغی ژێر چەکمەی دیکتاتۆریەتی بەعسدا، خەباتی ژنی کورد مۆرکێکی سیاسی و نەتەوەیی زاڵ بووە بەسەریدا، چونکە لەو کاتەدا میللەت بە هەموو چین و توێژەکانیەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و پاکتاو کردن دەبویەوە.

لەپاش ڕاپەڕینەوە، سوپاس بۆ خوا، هۆشیارییەکی باش لە ڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە، لەلایەن توێژی ژنانەوە، درك پێ دەکرێت و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان، خۆیان لەریزی ڕێکخراوەکانیاندا ڕێکخستووە و خەمی گەورە و بەرپرسیارێتی گرنگیان هەڵگرتووە وەك برەودان بە توێژەکەیان و خزمەت کردن بەسەرجەم کۆمەڵگە و بەشداری کردنی بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

هەرچەندە ئەم بزاوت و بەشداریە، لەئاست هیواو ئاواتی ڕێکخراوەکاندا نییەو هەمیشە بەرەو بەدەست هێنانی دەستکەوتی باشتر و خزمەتی بەرفراوانتر و هێنانە پێشەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە ژنان وهۆشیارکردنەوەی زیاتری توێژی ژنان، هەنگاو هەڵدەگرن.

لەبەر ئەوەی ئافرەتی کورد، لەناو تاڵی و ناسۆریەکانی ژیاندا قاڵبووە قوربانیداوەو پشکی گەورەی مەرگەسات و نەهامەتیەکانیشی بەرکەوتووە، تێگەیشتن و دەرککردنی بە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و هەوڵ و کۆششەکانی بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر، بە بەراورد لەگەڵ

هاوڕەگەزەكانی لەشوێنانی دیكە، بەڕای من، لەئاستێكی بالاتردایە.

جگەلەستەم و نەهامەتیەكان كەلەرووی نەتەوەییەوە دووچاری بۆتەوەو ئێستاكەش ئاسەواری قورس و برینی قوڵ و بەسوێی لەدەرونیدا جێهێشتووە وەك مەرگەساتەكانی ئەنفال و كیمیاباران و راگواستن و.. هتد، جارێكی تریش لەڕووی كۆمەلایەتیەوە رووبەڕووی چەندین كێشەو ستەم و چەوساندنەوە دەبێتەوە، ئیتر بەهۆی كەم هۆشیاری و رۆشنبیری كۆمەڵ و دەوروبەرەوە بێت یان بەهۆی تێكەڵ كردنی هەندێك داب و نەریتی نارەوابێت بە یاساكانی شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز وەك(كچ خوێنداندان، كوشتن بەتۆمەتی شەرەف، مارە بەجاش، تالون و بەزۆربەشودان.. هتد)..

بەرای من، دۆزی ئافرەتی كورد لەبەرەو پێشچوندایەو بەهۆی شۆڕشی زانیاریەكان و چونەدەرەوەی ئەندامانی رێكخراوەكان و بەشداری كردنیان لەكۆنگرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەكاندا، زۆر باشتر لە جاران، دەتوانرێت زانیاری و هۆشیاری گەشە پێبدرێت سەبارەت بەمەسەلەی ئافرەت و مەسەلەكانی دیكە و سود لەئەزمونی شوێنانیتر

وەربگیرێت بەلام بەمەرجێ رەچاوكردن و پاراستنی تایبەتمەندی واقیعی كۆمەڵگەی خۆمان.

*پێتوایە لە كوردستاندا بزاوتێكی داكۆكیكەری تەواو لە مافەكانی ژنان هەبێت، یان سەرجەمیان لە ژێر چاودێری حزبەكاندان ؟

-بێگومان لە كوردستاندا، سەرجەم رێكخراوەكانی ژنان و ژنان و خوشكان و خانمان، دروشمی خزمەتكردن بە توێژەكەیان و داكۆكیكردن لە مافەكانیان بەرزكردۆتەوە و لەرێی راگەیاندن و بەشەكانی دیكەشیانەوە لەهەوڵی جێبەجێكردنی ئەو دروشمانەوە و كاریشی بۆ دەكەن و جێگا دەستیشیان دیارە، بەلام وەك لە پرسیارەكەدا هاتووە (ئایا سەرجەمیان لەژێر چاودێری حزبەكاندان؟) دەتوانین بلێین هەندێك رێكخراو تەنها بۆ بەرز كردنەوەی لافیتەیەكی تایبەت بە رێكخراوێكی ژنان و كۆكردنەوەی دەنگی ژنان لەكاتی پرۆسەكانی هەڵبژاردندا هاتونەتە بوون،یان بۆ ئەوەی حزبێك روی شارستانی بوون و پێشكەوتنی خۆی بە بوونی رێكخراوێكی ژنان برازێنێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە ئاماژە بەچەند راستیەك بدەین، لەوانەش: فرە لایەنی و فرە رێكخراوەیی دیاردەیەكی گەشی ئاسۆی گەیشتنە

بەکۆمەڵگەی مەدەنی و بەرەنجامی ئەو هەموو سەرکوتکارییەی کاتی رژێمی بەعس بوو کەدەبوایە هەموو دەنگ و رەنگەکان لە (حزب القائد) داو هی ژنانیش تەنها لای (مناڵ یونس) کۆببوایەتەوە.

جگە لەمانەش هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و تایبەتی پاش راپەرین لەکوردستاندا و هەندێ هۆکاری تری وەك شەڕی ناوخۆو دابەشبوونی دووئیدارە و پشتگیری نەکردنی رێکخراوەکان بەبودجەیەکی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە وەك رێکخراوێکی حکومی و لەلایەکی تریشەوە وەك رێکخراوێکی ناحکومی ئەژمار ناکرێت تا فەند لە رێکخراوە بیانیەکانەوە وەربگرن، هەموو ئەمانە وایکرد کەهەر رێکخراوێك لەپاڵ حزبێکدا خۆی ببینێتەوە.

لەگەڵ ئەم راستیانەشدا، هاوشێوە بوونی ئایدیا و رێی خەباتی حزبێك لەگەڵ رێکخراوێکی ژنان یان خوێندکاران یان هەر رێکخراوێکی دیکە، بەدیاردەیەکی نادروست نازانم بەمەرجێك ئەو رێکخراوەیە خاوەنی هەڵوێست و ستراتیژ و بڕیاری تایبەت بەخۆی بێت و حزب و لایەنەکەی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی و خزمەتکردن بەو توێژەی

کەگرنگی پێدەدات، بەکاربهێنێت، نەك بەتەنها خۆی بێتە ئامرازێکی حزبی.

پێموایە لە وڵاتە پێشکەوتووە کانیشدا کەسایەتی و رێکخراوەکانی ژنان پەیوەندیان لەگەڵ پارتە سیاسیەکان هەیە و لە وڵاتێکی وەك بەریتانیادا، ژنانی ناو پارتە سیاسیەکان دەتوانن بۆ پۆستە سیاسیەکان خۆیان کاندید بکەن.

کەواتە دەتوانین بڵێین، پەیوەندی نێوان حزب و رێکخراو خۆی لە خۆیدا کێشەنییە، بەڵکو کێشەکە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پەیوەندیەدایە، ئایا پەیوەندی هاوکاری و راوێژکاری وسودوەرگرتنە لەبیرو بۆچونە ئایدیاکان؟

یان پەیوەندییەکی تاکڕەوانەیە و تەنها بۆ وەرگرتنی(ئەمرو نەهی)یە؟!!

★بەرای بەڕێزت رێکخراوەکانی ژنان توانیویانە بەدیهێنەری مافەکانی ژنان بن، ئایا تا چەند لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بوون؟

-لەپاش راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١)، خەباتی نهێنی و سیاسی رێکخراوەکان وەرچەرخانێکی مێژوویی

گرنگی بەخۆوە بینی و بەرەو کاری ئاشکرای ڕێکخراوەیی، هەنگاوی هەڵگرت.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە خەبات و کۆششی خۆیان بۆ هێنانەدی مافەکانی توێژەکەیان بەردەوامن.

دیارە بەرەو پێش چوونی ڕێکخراوەکان و هەوڵدانیان بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی توێژەکەیان لە ئاست هیواو ئاواتی خۆیاندا نیە، بەڵام بەپێی توانا و تایبەتمەندی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردستان هەوڵیان بۆ داوە.

لێردا پێویستە ئاماژە بەراستیەك بکەین، ئەویش ئەوەیە: کە هێنانەدی مافەکان تەنها لە ئەستۆی ڕێکخراوەکاندا نییە، بەڵکو ئەمانە وەك گروپێکی هۆشیار، دەست نیشانی کێشە و گرفتەکان دەکەن و کۆمەڵگەی پێ هۆشیار دەکەنەوە و پێویستە ببنە هێزی فشار بۆ دەستەبەر کردن و هێنانە دی مافەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە چەندین لایەنی تر لەم ڕووەوە هاوکاریان بێت:وەك حکومەت و دەزگاکانی، حزب و لایەنە سیاسیەکان، کۆمەڵگە بە گشتی و(پیاوان) بەتایبەتی، جگە لەمانەش ڕۆڵی هونەر و میدیا و ڕاگەیاندن نابێت فەرامۆش بکرێت، چونکە پرۆسەی ریفۆرم و گۆڕانکاری،

فرەڕەهەندە و بەتەنها یەك لا ناگرێت، وەك شاعیرێکی عەرەب دەڵێت:

متى يبلغ البنيان تحامهُ

اذا أنت تبنى وغيرك يهدمُ

بۆ نمونە: هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان باس لە پێویستی بەشداری سیاسی ژنان دەکەن و تواناکانی دەخەنە ڕوو و گرنگی ئەو بەشداریە ڕوون دەکەنەوە، کەچی لە برگەیەکی درامای تەلەفزیۆنیدا ڕۆڵی ژن بە گاڵتەجاڕی و بۆ پێکەنین دەخرێتە ڕوو و لەسەر زمانی ئەکتەرێکی ژن، ئاماژە بەوە دەدات کە(دەتوانێت لەیەك سەعاتدا (ئەوەندە) بنێشت بخوات و دوو عەشیرەت بەشەڕ بدات)، یان بەداخەوە بەلاسایی کردنەوەی کەناڵە بیانی و عەرەبیەکان، لەکەناڵە ئاسمانیە کوردیەکانیشدا(ئافرەت) کراوەتە ڕەواجی کلیپەکان و ڕۆڵی ئەو تەنها دیکۆرە و بایەخێکی ئەوتۆ بە توانا فیکری و عەقڵیەکان نادرێت.

*کەسێتی کوردی کەسێتیەکی نەگۆڕاوە، بەتایبەتی پیاو، کە پاش ئەم هەموو پێشکەوتنەی جیهان هێشتا بە تۆمەتی شەرەف و شتی تر ژنان تیرۆر دەکرێن ، ئەمەش تەنها لە کوردستان نیە ، بەڵکو لە ئەورووپاش ڕوویدا وەکو تیرۆر کردنی (فاتیمە) و چەندانی تر ، پێتوایە هۆی

نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چی‌یە؟ لەکاتێکدا ژینگە و کۆمەڵگاش گۆڕدراوە ؟

-ئاشکرایە کە(پرۆسەی گۆڕان)، پرۆسەیەکی گرنگە و هەر کۆمەڵگەیەك، بەخۆداچوونەوە و رەخنە لە خۆ گرتنی تێدا پیادە نەکرێت پرۆسەی گۆڕانیشی تێدا نایەتە کایەوە و وەك ئاوی مەنگ لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە پرۆسەی گۆڕان گرنگتر(گۆڕانە بەرەو کوێ؟!)

پێویستە گۆڕان بەرەو ئاسۆی گەشتر و بیری روناکتر و ژیانی مرۆڤانەتر و ئاسودەتر، هەنگاومان پێ هەڵبگرێت.بەرەو دەرککردن بە گرنگی رۆڵمان لە ژیاندا و ئەرکەکانی سەرشانمان و چۆنیەتی پیادە کردنی ماف و ئازادییەکانمان.ئەمانەش هەموو پێویستە پرەنسیپی چەسپاو لە کەسێتیماندا پراکتیزە بکەین، نەك تەنها بانگەشە و دروشم بن.گۆڕان پرۆسەیەکی گشتگیر و فرە رەهەندە، پێویستە کۆمەڵگە بە هەردوو رەگەزەوە پیادەی بکات.

سەرچاوە و فاکتەری سەرهەڵدانیشی بریتیە لەهۆشیاری و رۆشنبیری، کاتێك کە ژن و پیاو هۆشیار بن و گرنگی و رۆڵیان بزانن بە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی،

کەسێتی خۆیان بۆ یەکتر بسەلمێنن،ئیتر بوار بۆ رێزنەگرتن و سوکایەتی و بەکەم سەیرکردن نامێنێتەوە.

بەڕای من، پرۆسەی گۆڕانکاری پێویستە لە هەموو بوارەکاندا بێتە ئاراوە، بۆ نموونە: ئەگەر دەوڵەت لە سیستمی سیاسیدا، دیموکراسی راستەقینە پیادە بکات، کەس بەهۆی ئینتیما و رەگەز و نەوە...هتد نەچەوسێنرێتەوە و هاوڵاتیان مافی هەڵبژارد و خۆ پاڵاوتن و دەست نیشانکردنی ئازادانەی نوێنەرەکانیان هەبێت و لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە، مافەکانیان لە دابینکردنی هەلی کار و خوێندن و شوێنی نیشتەجێبوون مسۆگەر بکرێت، پێموایە خەڵکی ئاسودەتر دەژین و بیر لە بەکارهێنانی توندوتیژی ناکەنەوە و هەست بەپاراستنی هاو کەرامەتی مرۆیی خۆیان دەکەن و لێرەوە بناغەی پرۆسەی گۆڕانکاری و بەرەو پێش چوون دادەمەزرێت.

لە روویەکی تریشەوە،(ئافرەت) خودی خۆی پێویستە بە خۆسەلماندن و خۆهۆشیارکردن هەیە، ئەوەی جێی سەرنجە، بەداخەوە زۆرجار ژنان سەرقاڵی شتی‌بچوك و کەم بایەخن، کەمترین بایەخ بە بواری خۆ ڕۆشنبیر کردن و هۆشیاری دەدەن، بەم هۆیەوە ناتوانن بەشداری لە

گفتوگۆ و مەسەلە جدیەکاندا بکەن و راوبۆچوونی تایبەتی خۆیان لەبوارەکانی سیاسەت و ئابوری و یاسا...هتد کاتێکیش باس لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە بواری ئافرەتدا دەکرێت، ئەوەی کەتێبینی دەکرێت بەپێی پێویست باس لە گۆڕانی فرە رەهەند ناکرێت کە ئافرەت دێنێتە هەموو مەیدانەکانی ژیان و وزە و تواناکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی و کۆمەڵگە بەگەڕ دەخات، بەڵکو تەنها تیشك دەخرێتە سەر پێویست گۆڕان لە رەوشتی پەیوەندییە تایبەتیەکەی نێوان ژن و پیاو دا، زۆرجار لە نوسین و لەڕێی کەناڵەکانی ترەوە، بانگەشە بۆ پەیوەندی لەدەرەوەی خێزان دەکرێت و هەوڵی ئاسایی کردنیشی دەدرێت، بێ ئەوەی باس لە بەرەنجامی ئەم بانگەشانە بکرێت و ئاسەوارەکانیشی لەسەر ئافرەت و پیاو و کۆمەڵگە و چوارەمیش کە رەنگە بێتە ئاراوە، کە ئەویش(منداڵ)ە، بە هەند بگیرێت.

ئەوەی جێی نیگەرانییە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوەندەی لاسایی کردنەوەی بێ بیرکردنەوە و چاولێکەری کاریگەری لەسەر گۆڕان و هەڵسوکەوت و بڕیاری خێزانەکان و ئەندامەکانی هەیە، ئەوەندە بڕیاری لۆجیکی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی راستەقینە لەئارادانییە.

کاتێك خێزانێك کۆچ دەکات بۆ هەندەران، نازانێ بۆ کۆچ دەکات؟ ئەگەر بیر لە پاشەڕۆژی منداڵەکانی بکاتەوە، رەنگە تەنها لە رووی پێداویستیە ماددیەکانەوە بێت.

لەزێد و زەمینەیەك هەڵیان دەکێشێت و لە زەمینە و واقعێکی تەواو جیاوازدا دەیانچێنێت و لە پاشانیشدا دەیەوێت وەك زەمینەکەی یەکەمجار نەشونما بکەن.

لەلایەکی تریشەوە گەنجەکان بری پێملکردنی ژیانیان لە هەندەران بۆ بەهێزکردنی کەسێتی رۆشنبیری خۆیان و بەدەست هێنانی بڕوانامەی زانستی لە بوارە جیاوازەکاندا، لەناو روکەشەکانی ژیاری رۆژئاوادا دەتوێنەوە.

بۆیە دەبینی بە گۆڕانی ژینگە و کۆمەڵگە،هەڵەکان دووبارە دەبنەوە، چونکە ناخەکان هەمان ناخن.

کەواتە پێویستە پرۆسەی گۆڕانکاری، لە ناخ و قەڵایی بڕوای مرۆڤەوە سەرهەڵبدات و هەر بەم شێوەیەش دەتوانێت خۆی و کۆمەڵگە بگۆڕێت نەك بەتەنها وەك ئامێرێکی بێ هەست و نەست خۆی بدات بەدەست دەورووبەریەوە.

*پێتوایە تەکنەلۆژیا تا چەند خزمەتی بە دۆزی ژنان کردووە، لە کاتێکدا لەڕێی کەناڵ و سایتە سێکسیەکانەوە قێزەونترین دیمەنی ژنان بلاودەکرێتەوە ؟

-بێگومان تەکنەلۆژیا وەك هەر داهێنراوێکی دیکەی چەکێکی دووجەمسەرییە، ئەو دەستەی کە بەکاریدەهێنێت دەتوانێت لەڕێگەیەوە گەورەترین خزمەت بە رۆڤایەتی بکات، لە هەمان کاتیشدا کەکرێت وەك هایدگەر دەڵێت؛ مرۆڤ بکاە بەندەی خۆی و لەوێرانکاری و بەها مادی و مەعنەوییەکاندا، بخرێتەگەڕ.

وەك هەموو توێژەکانی تر، تەکنەلۆژیا گەورەترین خزمەتی بەدۆزی ژنان کردووە، هەر لەکورتکردنەوەی ئەنجامدانی کارەکان، تا کردنی جیهان بە گوندێکی بچوك کە لەڕێی ئینتەرنێت و شۆڕشی زانیارییەکانەوە، رۆژانە دەتوانرێت هەواڵی کاروچالاکی و کۆنگرە و کێشە و ئاستەنگەکانی بزوتنەوەی ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا بزانرێت.

دیارە ئەمەش بۆ خۆڕۆشنبیر کردن و گۆڕینەوەی ئەزمون و شارەزایی، هۆکارێکی زۆر گرنگە و هەقوایە هیچ کەس لێی دەستبەردار نابێت.

ئەمانە جگە لە ئاسانکردنی گەیاندنی دەنگ و راو بۆچوونەکان، بەهەموو جیهان و بە زمانە جیاوازەکان لەڕێی نمایشکردنی گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان، لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا.

بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەم داهێنراوە ناوازەیە بۆ کاری ڤێزەونی بازرگانی سێکسی بەکاردەهێنرێت و بەنمایشکردنی دیمەنە ڤێزەونەکان بەها و کەرامەتی نەك تەنها ئافرەت، بەڵکو مرۆڤایەتی مرۆڤ سفر دەکەن بۆ خوار پلەی ئاژەڵیش دایدەبەزێنن، چونکە گیاندارانی دیکە پێیان قورسە دیەنی جوتبونی خۆیان نمایش بکەن، بەڵام(مرۆڤ) لەگەڵ ئەوەی رێزدارترین بەدیهێنراوی گەردونە، بەم کارە نەشیاوانە رێز و بەها و کەسێتی خۆی، سفر دەکات.

لەلایەکی تریشەوە ئاسەواری زۆر دزێو و نالەباری بۆ سەر گەنجان لە کچان و کوڕان هەیە چ بۆ هەڵسوکەوتی خۆیان و چ بۆ تێڕوانینیان بۆ پێگەی ئافرەت لە ژیاندا، لەبری ئەوەی(سێکس) وەك خۆی (هۆکار)ێك بێت لە ژیانی مرۆڤدا، دەکرێتە (ئامانج) و هەموو وزە و تواناکانیانی بۆ ئاراستە دەکرێت و نەك تەنها ئەوەندە بەڵکو بەرەو ژیانیریزپەڕ و شازەکان بانگەشەیان دەکات و ئەگەر خێزانیش پێکەوە بنێن، رەنگە نەتوانن ژیانێکی هاوسەرێتی ئاسایی بگوزەرێنن.

هەرچەندە بەپێی چەندین بڕیاری نێودەوڵەتی لەوانەش بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکین و

ڕێکوتننامـەی(CEDAW)، داوای قەدەغـەکردنی ئـە دیـاردە قێزەونـە کـراوە، بـەڵام ئـەوەی دەبینرێـت، نـەك تـەنها قەدەغە نەکراوە، بەڵکو جەستەی (ئافرەت) بۆتـە ئـامێری ڕەواج پێدانی کاڵاکان و لەسەر حسابی جەسـە و هەسـتی، سەرمایەی ملیاردێرەکانە زیاتر و زیاتر کەڵەکە دەبێت و لەڕێی ریکلامەکانیشەوە دەیگەڕێننەوە بۆ کونجی مەتبەخ.

*ئەگەر دوا پرسیارم لەسەر خۆسوتاندن بێت ، پێتوایە خۆسوتاندن دەرئەنجامی چیە؟ چی وا لە ژنان دەکات بیر لـەم ڕێگایـە بکەنـەوە، پێتوایـە ئەمـە چارەسـەرە یـان ئـەو پەڕی بێتواناییی؟

-(خۆسوتاندن) دەرەنجامی حاڵەتێکی بێ هیوایی و بێ توانایيە لەبەردەم کێشە و ئاستەنگە بەرز و نزمەکانی ژیان، ئاسەواری پەروەردە و مامەڵەی هەڵە و فشاری زۆری دەرونی و کۆمەڵایەتی و داخستنی سەرجەم دەرگا و دەروازەکانی دیالۆگ و وتو وێژ و لێك حاڵی بوونە لە نێوان قوربانیەکە و دەوروبەریدا.

(خۆسوتاندن) نەك تەنها چارەسەر نییە، بەڵکو ڕێگایەکی کوشندەو هەڵەیە بۆ دەربازبوون لە واقیع، کە ئەگەر بەردنیش کۆتایی نەیەت، واقیعێکی تاڵتر بە هێنانە

کایەی جەستەیەکی شێواو، منداڵی بێناز بێ چارە دەروون شێواو و کێشەی گەورەتر دێتە ئاراوە.

ئەمە جگە لە چەندین قسە و باس و چیرۆکی هەڵبەستراو سەبارەت بە هۆکاری خۆسوتاندنەکە کە کاریگەری زۆر نێگەتیڤانە لەسەر دەروونی منداڵەکان بەجێ دەهێڵێت و ئاسەواری تا کۆتایی ژیانیان درێژەی دەبێت.

لێرەوە بانگەشەی ژنان دەکەم کە لە کێشەکانیان گەورەتربن، شێرە ژنەکانی میلەتەکەیان بکەنە پێشەنگی خۆیان لە ئارامگرتن و کۆڵنەداندا، ئەوانەی لە سەختترین ساتەکانی تەمەنیاندا، لەگەڵ ئەوەی بێ کەس و هەندێجار بێ هاوسەر بوون، بە رەنجی شانی خۆیان بە کشتوکاڵکردن وتەشیڕستن و لفکەچنین، نەك هەر سەربەرزانە منداڵەکانیان پەروەردەکردووە و خزمەتی شۆڕش و خەبای سیاسی میلەتەکەشیان دەکرد.

بەداخەوە زۆرجار خۆسوتاند لەسەر کێشەی بچوك و داواکاری ماددی زۆر سادە و روکەشە، هەڵچونێکی بێ بیرکردنەوەیە کە پەشیمانی یەکجارەکی دنیا و پاشەرۆژیشی لە دواوەیە.

هیوادارم ژنان پیاوان هۆشیارانەتر لە ژیان کێشەکان بڕوانن و لە خێزانەکانیشیاندا هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا بکەن بە هاوڕێتی کردن و ڕێزگرتن و هاوسۆزی دەربڕین، دەرگای دەربڕیان دیالۆگ لە بەردەمیاندا والا بکەن تا پەنا بۆ ڕێی هەڵە و چارەی نەشیاو نەبەن.

هەروەها پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بناغەی ڕێز و خۆشەویستی دابمەزرێت بە خۆهەڵخەڵەتاندن لە ژیاری دەوروبەر، زیندەگی نەکرێتە دۆزەخ لەیەکتر، وەك ئەوەی هەندێ لە بوك و ماڵە خەزوران بەرامبەر یەکتری دەینوێنن سەر ئەنجامیش هەڵچوون و ناکۆکی و کارەسات سەرهەڵدەدات. پاشانیش بەڕێوەبەر و مامۆستایان دەتوانن لە خوێندنگە ناوەندی دواناوەندیەکاندا هۆشیاری بدەنە کچان و ئەگەر یەکێکیان توشی کێشە هات هاوکاری بکەن و بەجگەرگۆشەی خۆیانی بزانن، نەك بە بڕیاری هەڵە و بێ بیرکردنەوە بیان خەنە نێوان دوو بەرداشی کاڵفامی خێزان و سەرکوتکردنی خوێندنگە. وەك نمونەی ئەو خوێندکارەی لە دووەمی ناوەندی لەسەر نامەیەك پاش هەڕەشەی بەڕێوەبەری خوێندنگەکەیبە گەیاندنی بە ماڵەویان، خۆی سوتاند و گیانی لە دەستدا. جێی داخە کە

ئافرەتێکی دایك خاوەن ئەزموون و بڕوانامە و تەمەن خۆی لە بیر بکات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە قۆناغی هەرزاکاریدا تێپەڕیوە و لەبری ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی ڕاست و دروست بەو شێوە ناشارستانیە مامەڵە لەگەڵ کچێکی تەمەن (١٤)ساڵدا بکات.

دیداری د.روئیا تلووعی

*دۆزی ژنان لە جیهانـدا چۆن دەبینیـت بـە گـشتی و دۆزی ژنانی کورد لە چ ئاستێکدایە؟

–دۆزی ژنان لە جیهانـدا بـەرەو گەشـەی ژن و گەیـشتـن بـە بڕێـك لـە مافـەکانی دەبیـنـم هەرچـەند ژن هێـشتا بـە تـەواوی نەگەیـشتۆتە ئـەو پێگـەی مرۆڤایەتیـە کـە شـیاویەتی، بـەڵام هەوڵـەکان زۆرتـر و ڕێـكوپێکتـر بـوون و سـەرکەوتنی ژنـان بەرچاوە. ناوی ئافرەتی کورد کە دێتە گۆڕێ بێ ڕاوەسـتان دەبێ دۆخی کورد سەیر کرێ. کورد لە چوار پارچە دەژی کـە هاوکات لەگـەڵ هاوبـەش بـوونی کێـشەکان بڕێـك جیاوازیـشی هەیـە. هەلومەرجی هەموو پارچەکان وەك یـەك نیـن. پارچـەی باشـوور ئـازادتر پارچـەکانیتـرە. خـەباتی بـاکوور بەرچـاوتر لـە خـەباتی ڕۆژهەڵاتە. بزاڤـی ڕۆشنبیـری ڕۆژهـەڵات هـەوڵێکی زۆری هەیـە. ئـافرەتی کـورد بـە تایبـەت لـە باشـوور خـەریکی ئـەزموونی بزووتنەوەی فمێنیستی خۆیەتی و من هەوڵـەکانیم پـێ پیـرۆزە. بەڵام لـە ڕۆژهـەڵات هێـشتا بزووتنـەوەی فمێنیـستی ژنـانی کورد فۆڕمی نەگرتووە و کێشەکان ئێجگار زۆرن. دیارە ژنانی کـورد بـە گـشتی تـا گەیـشتـن بـەو پێگـەی کـە ژنـانی وڵاتـانی پیـشەیی پێشکەوتوو پێی گەیشتوون ڕێگایەکی زۆریان ماوە.

*پێتوایە لە کوردستاندا بزاڤێکی داکۆکیکەری تەواو لە مافەکانی ژنان هەبێت یان سەرجەمیان لە ژێر چاودێری حزبەکاندان؟

–دیارە لە کوردستان بزاڤی داکۆکیکەری مافی ژنان هەیە و نکوولی لەوە ناکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی کە سەرجەم لە ژێر چاودێری حزبەکانن یان نا دەبێ بڕوانینە واقیعی کۆمەڵگا. ئێمە لە جیهانی سێیەمدا دەژین یان دەتوانم بڵێم لە دابەشکردنی نوێدا ئێمە باشوورین نە خەڵکی باکووری جیهان. ئێمە هێشتا ئەزموونی دیموکراسیمان بە تەواوی نیە. کولتوورمان دیموکرات نیە. ژێرخانە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووریەکانمان هێشتا خێڵ و عەشیرەییە و کاریگەرێتی فیۆدالیزمی هەر تێدا دیارە. لە ئاوەها کۆمەڵگایەکی جیهان سێیەمیدا وەك زۆربەی جیهان سێیەمیەکانیتر چۆن دەتوانین چاوەڕوانی ئازادیەکی تەواو بین؟ ئازادی کولتووری دەوێ. دیارە دەسەڵات هەر بەسەر ڕێکخراوەکاندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زاڵ دەبێ. گرنگ ئەوەیە لەم بارودۆخە لەگەڵ هەوڵ بۆ دروست کردنی ژێرخانەکان باشترین کەڵك وەرگرین و هاوکاتیش هەوڵ بدەین ئازادتر بین و ئەو چاودێریە کەمتر کەین.

لە ڕاستیدا (NGO) واتە ڕێکخراوەی ناحکوومی و نابێ لە ژێر چاودێری دەسەڵات و سیاسەتدا بێ.

*بەڕای بەڕێزت ڕێکخراوەکانی ژنان توانیویانە بەدیهێنەری مافەکانی ژنان بن؟ ئایا تا چەند لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بوون؟

–ڕێکخراوەکان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ئاگایی ژنان لە مافەکانیان و لە لایەکی تریشەوە زەخت خستنە سەر دەسەڵات بۆ ئاڵوگۆڕ لەو یاسایانەی کە دژ بە ژنە و پەسندی یاساگەلێك کە بە بەرژەوەندی ژنانن.

دیارە لەم بوارانەوە لە لایەن ڕێکخراوەکانی ژنان هەوڵ دراوە، بەڵام هەروا کە ئاماژەم کرد ئێمە هێشتا لە سەرەتادایین و ڕێگایەکی زۆرمان لەبەرە. دیارە دەبێ هەوڵ بدرێ کە هەموو ژنان بە تایبەت ژنانی کابان و ژنانی دێهاتی ئاگایی و زانستیان بچێتە سەر و سەبارەت بە مافەکانی خۆیان وەك مرۆڤ ئاگاداریان پێ بدرێ و بە فێر کردن و بە توانا کردنیان هەوڵ بدەین سیستمی پەروەردەش چ لە نێو بنەماڵە و چ لە خوێندنگەکان وا بگۆڕین کە چەمکی جیاکاری نێوان کچ و کوڕی لێ وەسڕین. کاتێك ڕێکخراوەکان بە تەواوی سەرکەوتوون کە بگەنە ئەو رادەی کە زۆرینەی ژنەکان بەم شێوە رابێن و دیارە جاری ئەوە بەدی نەهاتووە.

*کەسێتی کوردی کەسێتیەکی نەگۆڕاوە بە تایبەتی پیاو، کە پاش ئەم هەموو پێشکەوتنەی جیهان هێشتا بە تۆمەتی شەرەف و شتیتر ژنان تیرۆر دەکرێن و ئەمەش تەنیا لە کوردستان نیە،

بەڵکو لە ئەورووپاش روو دەیدا، وەکو تیرۆر کردنی "فادیمە" و ئەوانیتر. پێت وایە هۆی نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چییە؟ لە کاتێکدا ژینگە و کۆمەڵگاش گۆڕاوە.

-من لەسەر ئەو بڕوا نیم کە کەسیەتی ئێمە نەگۆڕاوە و عەقڵی پیاوی کورد هەر ئەو عەقڵە کۆنەیە. دەزانن بۆ؟

بۆ ئەوەی ئەگەر هێشتا تاقمەیەك هەن کە عەقڵیەتی کۆنیان هەیە و ژن لەسەر شەرەف دەکوژن، تاقمەیەکیش هەن کە دژ بەو کردەوەن و ئەمانە بریتیین لە ژنیش و پیاویش. پیاویشمان هەیە کە خەریکی ئیشی فەرهەنگیە و رووناکبیرە و تێدەکۆشێ و هەڵسوکەوتیشی لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا جیاوازە و بە تایبەت لە جیلی نوێدا ئەمە دەبینین. من ناتوانم بە حوکمی تاقمەیەك کە ژن کوژن هەموو پیاوی کورد بە کۆنەپەرست دانێم و بە حوکمی تاقمەیەکیش کە نوێخوازن دیسان بڵێم هەموو پیاوی کورد نوێخوازە و عەقڵیەتی گۆڕاوە. ناموسکوژی و خۆسووتاندن و توندوتیژی دژ بە ژنان جاران بووە و ئێستاش هەیە، بەڵام ئیمڕۆ زەق دەکرێتەوە و راگەیاندن لەسەری هەیە و دەکەوێتە بەر باس‌وخواس. ئەمە نیشان دەدا عەقڵیەتی کۆمەڵگای ئێمە لە گۆڕان بەرەو باشیدایە. ئەو رەوتەش زەمەنی پێویستە و دیارە کتوپڕ عەقڵیەتی هەموو چاك ناکرێ. ئەوەی تەسك‌بینە تا کاتێك ریفۆرمێکی فیکری لە خۆیدا نەکا لە ئەورووپاش بێت یان

ئەفریقا یان کوردستان هەر تەسکبین دەبێ. ئەوەی خۆی لە تەسکبینی رزگار کردبێ لە هەر شوێنێکی جیهان بێ هەر ئازاد بیر دەکاتەوە، بەڵام دیارە ژینگە و کۆمەڵگا لەم کەسەدا کاریگەریتی ئەوەی دەبێ کە فیکر و توانای گەشەی زیاتر بکات یان رێگای لێ بگرێ و کەندوکۆسپی بۆ ساز کات.

*پێتوایە تەکنولۆژی تا چەند خزمەتی بە دۆزی ژنان کردووە لە کاتێکدا لە رێی کەناڵ و سایتە سێکسیەکانەوە قێزەونترین دیمەنی ژنان بڵاودەکرێتەوە؟

—تەکنولۆجیا و ئامێرە نوێکانی پێوەندی گشتی وەك هەموو شتێکیتر دەتوانین کەڵکی چاکی لێ وەرگرین یان کەڵکی خراپ. لە لایەکەوە بە داخەوە ژن دەبێتە ئامرازێك بۆ سێکس و وێنەی قێزەونی لێ بڵاو دەکرێتەوە و بە داخی زۆرتریشەوە یەك دوو ژنی کوردیش هەن کە لە چەتەکاندا خۆیان بە لایەنگری حزبێکی ئێرانی دەناسێنن و لە کامێرادا بۆ پیاوان رووت دەبنەوە و ناویشی دەنێن عیشقی ئازاد!!

لە لایەکی تریشەوە ژنانی کورد سایتی ئینتەرنێتی خۆیان هەیە وەك jinname و نووسینەکانیان بڵاو دەکەنەوە و کۆڕ و کۆمەڵ و کۆنفرانس دەگرن و کێشەکانیان دەخەنە بەر باس و وتووێژ. ئەوەی کە هەرکەس چۆن بیەوێ لەم ئامێرانە کەڵك وەرگرێ ماوەتەوە سەر خۆی. بە گشتی من گەشەی تەکنولۆجیا

به پیرۆز دهزانم و پێم وایه بۆته هۆكاری پێوهندی ژنان و پیاوانی خاوهن بیروبڕوا پێكهوه و جیهانی بچووك كردۆتهوه.

*بزاڤی فمێنیستی له ئێران به گشتی و كوردستانهكهی چۆن دهبینیت؟

–بزاڤی فمێنیستی له ئێران ههر چهند ڕێبهرایهتیهكی دیاری نیه و چڵوپۆی زۆره و ژنه دهوڵهتیهكانیش ههوڵ ئهدهن به زۆر دوو وشهی فمێنیزم و ئیسلام بخهنه لای یهك و ههرچیش دهكهن ئهم دوو وشه وهك دوو جهمسهری هاوناوی مغناتیس ههر یهك ناكهون، بهڵام به هۆی ههوڵ و تێكۆشانی ژنانی ناحكومی و ژنانی خوێندهوار و نووسهر و... بنهمایهكی دیموكراتیكی ههیه و چالاكی و پێوهندی به ژنانیتری جیهانهوه زۆرتر بووه.

ژنانی ئێران بوونهته كۆسپێكی گهوره بۆ كۆماری ئیسلامی. بهشداریان له هونهر و سینهما و چاپهمهنی و نووسیندا زۆر بووه و جیلی نوێش تهنانهت به شێوهی جلوبهرگیهوه به تایبهت له تاران، دژایهتی بایهخه داسهپاوهكانی دهسهڵات دهكهن. ههڵبهت نابێ چاوپۆشی له گرفته كۆمهڵایهتیهكان و قهیرانگهلێك وهك پهرهسهندنی كێشهی ژنانی خیابانی و لهشفرۆشی و ئیعتیاد و خۆكوژیش بكهین. له ڕۆژههڵاتی كوردستان هێشتا بزووتنهوهی فمێنیستی له سهرهتای

جموجۆڵدایه و نهیتوانیوه خۆی ڕێك بكات و سازمانێك به خۆی بدات. تێكۆشانه بهرچاوهكان زیاتر تاكهكهسین.

دیداری بەناز کوێستانی

★دۆزی ژنـان لەجیهانـدا چۆن دەبینیت بەگشتیو دۆزی ژنانی کورد لەچ ئاستێکدایە..؟

-دەکرێـت دۆزی ژنـانی جیهـان بکـەین بـەدوو بەشـەوە، وڵاتـانی خۆرئـاواو پێـشکەوتوو، لەگـەڵ وڵاتـانی دواکـەوتوو، بۆیەکـــەمیان ڕەنگــە تارادەیـــەك ژنـــان توانیبێتیـــان مافـــەکانیان دەســـتەبەر بکـــەنو بتـــوانن وەك مرۆڤێکـــی ئاسـاییو پلـە یـەك حسابیان بـۆ بکرێـت لـەناو کۆمەڵگـەدا، کـەبێگومان ئەمــەش بەتــەنها بەجوهـدی خۆیـان نــەبووە، راســتە خۆیــان خــەباتێکی زۆریــان کــردووەو خــوێنێکی زۆریـــشیان رشـــتووە، چـــەندەها رێکخـــراوی فیمینیزمـــیو داکۆکیکەریان لەمافەکانی ژنان دروست کـردووە، کـەداکۆکی لـەمافو ژیـانو شـەرەفو کەرامـەتیان دەکـاتو توانیویانـە کۆمەڵـە بەربەرسـتو ئاسـتەنگێکی زۆر بـبڕنو ئـەو دابو نەریتو کەلتورە کۆنانە هـەرەس پـێ بهێـنن کەبۆتـە رێگـر لەبـــەردەم خواســـتو ئـــاوات داخوازیـــەکانیان، هـــەروەها بوونەتـە هێزێکـی گوشـار بـۆ گـۆڕینی یاسـای وڵاتـەکانیان، کـەبێگومان هـەموو گۆڕانکارییـەکی بنـەڕەتی لەیاسـای ئـەو وڵاتــەوە دەســت پــێ دەکـات، هەریاسـایە سـەروەری گـشت گۆڕانکاریـــەکان، کـــەوای لـــەژنان کـــردووە لـــەو وڵاتانـــەدا

کەماف‌و دەنگیان بەپلەی یەکەم بێت‌و لەپێش پیاوانەوە بن بۆ هەموو کارو داخوازی‌و مافێك، هەر لەمافی هاوسەرێتی‌و دایکایەتی‌و جیابوونەوەو ئابوری سەربەخۆ...هتد گشت لایەنەکانی ژیانیان بۆ دابینکراوە.. هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکیان بۆ دابینکراوە وەك مافی دایکایەتی‌و چاودێری منداڵ‌و دایەنگەو تەنانەت لەهەندێ دەوڵەتدا خەرجی ژیانی منداڵەکانیشیان بۆ دابین دەکرێت... بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنانەشدا دەبینین.. چەوساندنەوەی ژنان لەو وڵاتانەدا هەر دەکرێت‌و هەندێجار حاڵەتی کوشتنیش روودەدات.. ئەمە جگە لەوەی کەهەندێجار جەستەی رووتی ئافرەت وەك کالایەك بازرگانی پێوە دەکرێت‌و لەکەناڵ‌و هەندێك شوێندا بەمەبەستی تایبەتی بەکاریان دەهێنن..

بەڵام دەکرێت بڵێین تارادەیەکی زۆر باش لەگەڵ دۆزی ژنانی کورددا جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئافرەتی کورد بوونەوەرێکی گوناهو زوڵم لێکراوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتیش ژنانی نەخوێندەوارو گوندەکان‌و گەڕەکە هەژارنشینەکان‌و ئەو ژنانەی کەعەقڵی باوکسالاری زاڵە بەسەریانداو دەبێت لەژێر ئەوامرو عەقڵیەتی ئەو

پیاوەدا رەفتار بکات‌و جل بپۆشێت‌و بۆی نییە بەبێ پرسی ئەو بچێتە دەرەوە کەئەم حاڵەتە تاوەکو ئێستاش لەزۆربەی ماڵ‌و کۆمەڵگەدا پەیرەو دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی کەبەبیانووی لەکەدارکردنی شەرەف‌و کۆمەلێك بیانووی بێ بنەما ژن تیرۆر دەکرێت یان سەرەونگوم دەکرێت یان وای لێ دەکرێت کەخۆی بەدەستی خۆی لەناو بەرێت‌و خۆی بسوتێنێت.

*پێتوایە لەکوردستاندا بزاوتێکی داکۆکیکەری تەواو لەمافەکانی ژنان هەبێت، یان سەرجەمیان لەژێر چاودێری حزبەکاندان..؟

-هەموو کۆمەڵگەیەکیش کۆمەلێك خاڵی سلبی‌و ئیجابی هەیەو لەپاڵ دەرکەوتنی ئەو هەموو دواکەوتووییە بەعەقڵیەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، کۆمەڵێك کەسایەتی‌و رێکخراوو گروپ‌و تاقمی باشییش هەن کەکار بۆ مافەکانی ژنان‌و داکۆکیکردن لەماف‌و خواست‌و ئاواتەکانیان دەکەن و وەك بزووتنەوەیەکی نوێگەری‌و بونیادنەری بواری ژنان سەری هەڵداوە ، هەرچەندە بەژمارە کەمن، بەڵام توانیویانە دەورو کاریگەریەکی باشیان لەسەر کۆمەڵگەو کۆمەڵێك بڕیاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەبێت‌و شوێن‌و پەنجەیان لەو بوارەدا

دەركەوتووە. بەڵام ناكرێت بووترێت كەبزاوتێكی داكۆكیكەری تەواو لەمافەكانی ژنان لەكۆمەڵگەی كوردیدا هەیە، ئەو رێكخراوە سەربەخۆیانەی كەتایبەتە بەم بزاوتەو سەر بەهیچ لایەنو حزبو تاقمێك نین تازە بەتازە سەر هەڵئەدەنو یەكە یەكە دەردەكەون.. دەیانەوێت بەردێك زیاتر لەبناغەكەدا دابنێن، پێم وایە هۆی درەنگ دەركەوتنی ئەم بزاوتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارو زروفەی ئەوسای كوردستان كە ئابلۆقەیەكی ئابوری تەكنەلۆجی فیكریو فەلسەفی لەسەر ناوچەكە هەبوو هەموو دەرگاكان بەرووماندا داخرابوو، دەروازەیەك نەبوو لێوەی دەنگی خۆمان بگەیەنینە رێكخراكانی ژنانی جیهانو ئەو هەموو رێكخراوە خێرخوازەكانی كەئێستا لەكوردستاندا كاردەكەنو پاڵپشتی تەواویان دەربڕیووە بۆ بزووتنەوەی ژنانو گەشەكردنی.

*بەرای بەڕێزت رێكخراوەكانی ژنان توانیویانە بەدیهێنەری مافەكانی ژنان بن، ئایا تاچەند لەم ئەركەدا سەركەوتوو بوون..؟

-هەڵبەتە بوونی رێكخراوەكانی ژنان توانیویەتی پردێك بێت بۆ هێنانە دەرەوەی ژن لە ماڵەوە بۆ شەقامو

كاركردن لەرێكخراو دەزگاكاندا، با ئەوەمان بیر نەچێت ئەوەیان كارێكی كەم نییە، بۆئەوەی بتوانین بڵێین كە رێكخراوەكان كەمو كورتیان هەیە لەبەرامبەر ئەركەكانیان، بەڵام ناكرێت هەموویان وەك یەك سەیر بكەین، چونكە ڕێكخراوی وای تیادا هەیە، تەنیا بۆڕازیكردنی حزبەكەی كاردەكات، لەهەمان كاتدا ڕێكخراوی واهەیە هەموو خەمی لەوەدا كۆبۆتەوە كە لەرێگەی بەئەرشیفكردنی تاوانەكانی توندوتیژی، ئەم ولاتە وەك جەنگەلستانێك دەربخات، بێگومان ئەوەش ئایدیۆلۆژیایەكی سیاسی لەپشتەوە وەستاوە، لەهەمان كاتدا ئێمە ڕێكخراوی چالاكی وامان هەیە كەلەپێناو بزووتنەوەی ژناندا دەسكەوتی مەزنیشی بەدەست هێناوە، بۆیە لەو كاتەدا هەڵەیەكی گەورە دەكەین هەموو رێكخراوەكان بەیەك چاو سەیر بكەین، ئەوە رقێكی نێرانەی توندڕەوە نایەڵێت جیاوازیەكانی ژن ببینین، هیوادارم لەو دەستەواژەیە هەڵەم نەكردبێت، چونكە عەقڵی باوكسالاری ناو ئەو جۆرە تێفكرینە توانای ئەوەی نییە هێزی ژن ببینێت لە بەشداریكردنیكۆمەڵگادا. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بێگومانبە لەوەی كەراگەیاندنەكانی رێكخراوەكانی ژنان كەم تا زۆر شوێن دەستیان دیارە،

لەدەرخستنی کێشەو کەمو کوڕییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، هەندێ جاریش ویستویانە لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگە بەرەو مەدەنیەتو دیموکراسیو یەکسانی مافەکان بەرن، ئەمەش هەموو ڕاگەیاندنەکانی هەموو ڕێکخراوەکان ناگرێتەوە هەروەكو لەسەرەوە باسم کرد، چونکە هەندێ ڕێکخراو ڕەنگە بڵاوکراوەشیان هەبێ، بەڵام بڵاوکراوەکەیان لەچوارچێوەی حزبەکەی خۆیان دەرناچێتو تەنها بەسەر ئەندامە حزبیەکانی خۆیاندا دابەشی دەکەن بەتایبەتیش لێپرسراوو عەقڵە پیاوسالارییەکانی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە، ناوەرۆكو بابەتەکانیش بەخواستو ویستی ئەوان دەنووسرێت جا ئەو جۆرە بڵاوکراوەیە دەبێ چ خزمەتێك بەتوێژی ژنان بگەیەنێت.

بۆیە دەکرێت هەر ڕێکخراوێکی ژنان لەڕێگەی کارو چالاکیو بەرهەمەکانیانەوە ئەركو سەرکەوتنیان دیاری بکرێتو ئاماژەی پێ بدرێت، بێگومان چاوی جەماوەریش بۆ ئەو شتانە تیژەو دەتوانن جیاوازی نێوانیان ببینینو هەڵیان بسەنگێنن.

★کەسێتی کوردی کەسێتییەکی نەگۆڕاوە، بەتایبەتی پیاو، کەپاش ئەم هەموو پێشکەوتنەی جیهان هێشتا بەتۆمەتی شەرەفو شتی تر ژنان تیرۆر دەکرێن، ئەمەش تەنها لەکوردستان نییە، بەڵکو لەئەورووپاش روویدا وەکو تیرۆرکردنی (فادیمە)و چەندانی تر، پێتوایە هۆی نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چییە؟ لەکاتێکدا ژینگەو کۆمەڵگاش گۆڕاوە..؟

-تیرۆرکردنی ژنان بەهەر بیانوویەك بێت، تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بەتوێژی ژنانو بەکۆمەڵگەو بەمرۆڤایەتی دەکرێت، پێشتر لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ژمارەیەکی زۆر لەژنان تیرۆرو شوێن وندەکران بەبێ ئەوەی نەناویان بێت نە هیچ کەسو لایەنێك بۆی هەبێ باس لەو کێشانە بکات، کەئەمەش بۆ توندوتیژی ئەو رژێمە دەگەڕایەوە کەکەس نەیدەوێرا بەئاشکرا باس لەو زوڵمو زۆرو کوشتنو بڕینە بکات، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینو گەشەکردنی کەناڵەکانی میدیاوە پەردە لەسەر گشت ئەو تاوانانە هەڵدرایەوەو، ئەنجامدانی هەر تاوانێك ئاشکرا دەکرێتو بەروونی لەگشت کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە باس دەکرێت، بەتایبەتیش دەنگدانەوەی کوشتنی ژنانی کورد لەهەندەران کەئەمە خۆی لەخۆیدا، ڕووی دزێوی ئەو

جۆره کەسانە دەردەخات کەسەر لەخۆیانوماڵو منداڵیان دەشێوێنن لەپێناوی گەیشتن بەهەندەراندا، بەڵام کاتێك دەگەنە ئەوێ نەدەتوانن لەگەڵ ئەو کەشو هەوایەی ئەوێدا هەڵ بکەن وەك هاوڵاتیەکی ئەوێ لەگەڵ کلتورو رۆشنبیریو پەیوەندییەکانی ئەوێدا بژین، نەدەشتوانن وەك کوردێك بەگۆشەگیری لەو وڵاتانەدا بژین، ئەمە جگە لەوەی کە نێرینەی کورد لەهەندەران هەموو شتەکانو گۆرانکاریەکانو خۆشیەکان بۆخۆی بەحەڵال و بەرەوا دەبینێت لەکاتێکدا بەبەرامبەرەکەی، جا ئەوە کچی بێت، یان خوشکی یان هاوسەری بەحەرام دەبینێتو نابێتو ناشێت مومارەسەی حەزەکانی خۆی بکات وەك ئەو، لەکاتێکدا ئەو ئافرەتە هیچ تاوانێکی نییە کەبەزۆر لەکۆمەڵگەی خۆی دایدەبڕنو دەیبەنە هەندەرانو لەوێش بێبەشی دەکەن لەحەزو ئارەزو سەربەستیەکانی خۆی، نموونەشمان زۆرە کەنەیانتوانییوە ئەو واقعە قبوڵ بکەنو کچەکانی خۆیان کوشتووە،وەك: فادیمە، پیلا..هتد چەندانی تری وەك ئەوان.

بەڕای من لەم سەردەمەدا کەبەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بەرەو پێشەوەچوونی جیهانو دنیای مەدەنیو جیهانگیری ناو دەبرێت، نەگۆڕانی کەسایەتی

پیاوانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی تێکهەڵکێش کەدەکرێت بەسەرەتایترین هۆکار دەست پێبکەین: ئەویش جیاوازی پەروەردەی منداڵی کوڕو کچە لەناو خێزاندا، بەتایبەتیش لەتەمەنی منداڵیدا کەیەك ساڵ تا شەش ساڵ دەگرێتەوە، کەدایكو باوك بەجۆرێکی وا پەروەردەیان دەکەن، هەر لەجلو بەرگو جۆری یاریو جۆری قسەکردنو تەنانەت جۆری ئەو وشەیەش کەبەکاری دەهێنن، کاریگەرییەکی سلبی دەکاتە سەر کەسایەتیانو دروستکردنی جیاوازییەکی بونیادی جەستەییو عەقڵیو فیکریان لادروست دەکات، کەلەداهاتووی تەمەنیاندا رەنگ دەداتەوەو تەواو گەشە دەکاتو گەورە دەبێت لەگەڵیاندا. دەکرێت خاڵی دووەم: خوێندنگە بێت، چونکە بەراستی جیاکردنەوەی خوێندکاری کوڕو کچ لەرووی مامەڵەکردنەوەو جیاکردنەوەی شوێنی دانیشتنیانو تەنانەت جیاکردنەوەی یاریو کەلو پەلەکانیان، جگە لە نادروستیو کەمو کوری زۆر کەلەمەنهەجی خوێندندا هەیە، هەر لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە هەتا دوا قۆناغەکانی زانکۆ، هەروەها مامەڵەی جیاوازی مامۆستایان کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر لایەنی دەروونیو بیرکردنەوەی ئەو کەسایەتیانە بەشێوەیەکی زۆر قوڵ

لەناخیاندا رەگو ریشەی خۆی دادەكوتێ كەمەحاڵە بتوانن وا بەئاسانی گۆڕانكاری تیادا بكرێت، سەرباری ئەمانەش كۆمەڵێك هۆكاری ژینگەیی گەورە هەیە وەك: دابو نەریتو ئەو كلتورەی كە بەجێ ماوە و هەروەها ئاین كەرۆڵی بەرچاو دەگێرێت لەدروست كردنی جیاوازیی گەورە لەنێوان رەگەزی نێرو مێو چەسپاندنی ئەو بیرو باوەڕە سواوو كۆنانە لەناخی مرۆڤەكاندا بەتایبەتیش پیاوان كە جۆرە غرورو خۆ بەزل زانینێكی باش لەكەسایەتیاندا دروست دەبێتو خۆیان بەبەرپرس دەزانن بەرامبەر بەرەگەزی دووەمو بەخۆیان رەوا دەبینن لەبوارەكانی ژیاندا بڕیار لەجیاتی تۆی ژن بدەن.

هەر ئەو خاڵانەی سەرەوە وایكردووە كە بەئاسانی كەسایەتی پیاوانی كورد نەگۆڕێنو هەست بەپێشكەوتنو گۆڕانكارییە گەورەكان نەكەن لەجیهانداو هەر بەعەقڵیەتی پیاوسالاری باوكو باپیرانیان بیردەكەنەوەو بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەكان دەدەن.

سەرەرای ئەوانەش تروسكاییەك بەدی دەكرێت لەناو پیاواندا، كەئەوانیش دروست بوونی نوخبەیەكە لەناویاندا كەرۆشنبیرنو خاوەن هەڵوێستنو پشتگیری دۆزی ژنان دەكەن لەناو كۆمەڵگەدا چالاكن.

*پێتوایە تەكنەلۆژیا تاچەند خزمەتی بەدۆزی ژنان كردووە، لەكاتێكدا لەرێی كەناڵو سایتە سێكسیەكانەوە قێزەونترین دیمەنی ژنان بڵاودەكرێتەوە..؟

-دەكرێت بڵێین تەكنەلۆژیا ئەو دەروازە گەورەیەیە كەدەتوانێت خزمەتێكی گەورە بەهەموو بوارەكانی ژیانی مرۆڤایەتی بكات، كەبێگومان ئەمەش دوولایەنەیە رەنگە زەرەریشی هەبێت، بەڵام سوودو قازانجەكەی زۆر زیاترە لە لایەنە سلبیەكەی.

ئەگەر بەشێوەیەكی راست و دروست تەكنەلۆژیا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو كێشە كۆمەڵایەتیەكان و ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری و... هتد، بەكار بهێنرێت، بێگومان دەبینین لەوەی كە لایەنێكی زۆر ئیجابییە، بەتایبەتیش لەبواری ژنانو ژناندا، هەر بەهۆی تەكنەلۆژیاوە دەتوانین ئاگاداری گشت ئەو رووداو هەواڵە دڵتەزێنو توندوتیژیانە بین كەلەسەرانسەرو لەهەر كونجو كەلەبەرێكی گێتیدا روودەدات، بەماوەیەكی زۆر كەم، ئەمە جگە لەوەی كەژنانی كورد توانیویانە سودێكی باشی لێ وەربگرنو چەند سایتێكی تایبەت بەژنانی كورد بكەنەوەو وتارو زانیاریو بیرو بۆچوونەكانیان

لەورێگەیەوە ئاڵوگۆڕ پێ بکەن‌و دەنگی خۆیان بگەیەنن بەگشت دونیاو ڕێکخراو کۆمەڵەو کەسایەتییە جیهانیەکان.

بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك کەس یان گروپ یان لەسەر ئاستی تاکە کەسیش تەکنەلۆژیا بەمەبەستی خراپ بەکار بهێنێت‌و کۆمەلێك سایتی سێکسی تیادا پەخش بکەن، کەکاریگەری دەکاتە سەر لایەنی دەروونی‌و بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی کەبەکاری دەهێنن، بەتایبەتیش لاوان‌و هەرزەکاران، بەکارهێنانی ئەو سایتانەش ئاستی رۆشنبیری‌و مەعریفی ئەو کەسە خۆی دەردەخات ، چونکە تاك خۆی بەرپرسە بەرامبەر بەکارو هەڵوێستەکانی لەناو کۆمەڵگەدا بەپلەی یەکەم ، پاشان کۆمەڵگەو خێزان بەرپرس دەبن بەرامبەری.راستە لاوان پێویستیان بەرۆشنبیری سێکسی هەیە، بەڵام دەکرێت ئەوە لەرێگەی خوێندنەوەی کتێب‌و بابەتی زانستیەوە بەدەستی بهێنن، بۆیە پێویستە هۆشیاری‌و ئاستی رۆشنبیری لاوان و هەرزەکاران بەرز بکرێتەوە لەرێگەی خولی تایبەت بۆ ئەوەی لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە سایتانە دوور بکەونەوەو کاتی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن‌و هەوڵ بدەن لەجیاتی ئەوە

سوود لە بوارێکی وەرزشی، مۆسیقی، هونەری، ئەدەبی، زانستی...هتد، وەربگرن.

★ئەگەر دوا پرسیارم لەسەر خۆسووتاندن بێت، پێتوایە خۆسوتاندن دەرئەنجامی چییە؟ چی وا لەژنان دەکات بیر لەم رێگایە بکەنەوە، پێتوایە ئەمە چارەسەرە یان ئەو پەری بێتواناییە..؟

-خۆسووتاندن ئەو تەقسە ئاینیەیە کەتەنها ژنان‌و ژنان دەتوانن، لەگەڵیدا هاوڕێ بن‌و پەنای بۆ بەرن‌و بەچارەسەری کێشەکانیانی بزانن، چونکە کەس تا ئێستا بیستویەتی پیاوێك بتوانێت‌و ئەوەندە بەجورئەت بێت خۆی بسوتێنێت، بێگومان نەخێر.

بەڵام دەبێت ئەوە باش بزانین کەخۆسووتاندنی ژنان دەرەنجامی ئەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی‌و خێڵایەتی‌و دابو نەریت‌و کلتورە باوانەیە، کە زۆربەی خێزان‌و پیاوانی کورد تا ئێستا پەیڕەوی دەکەن‌و ژنان ناچار دەکەن کەپەنا بۆ خۆسووتاندن بەرن. دەکرێت ئەمەش دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

یەکەمیان: بەجورئەتی‌و ئازایەتی‌و لەخۆ بردووی ژنی کورد نیشان دەدات، کەدەتوانێت و بەجورئەتەوە دەستی

دەچێتە سوتاندنی لاشەی خۆی لەناو بردنی وەك لەوەی سەر بۆ کۆمەڵێك بڕیاری نابەجێ دابنەوێنێتو مل کەچی فەرمانەکانیان بێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا لەرووە مەعرفیەکەیەوە، کەسایەتی بەهێزی ژنی کورد دەردەخات، کەخۆزگە دەخوازم چیدی پەنا بۆ سوتاندنی لاشەی خۆیان نەبەن، بەڵکو بەجورئەتەوە رووبەڕووی ئەو بڕیارە نەشیاوانە بوەستنەوەو چۆکیان پێ دابدەن، یاخود لایەنی لەیەك تێگەیشتن رێکەوتن لەسەر بنەمایەکی ئینسانی رێك بکەون.

دووەمیان: ژنی کورد لەئاستی هەندێك کێشەدا بەتایبەتیش کێشە گەورە خێزانیەکانی کەرووبەڕووی دەبێتەوەو هەست دەکات کۆمەڵگە سەرزەنشتی دەکاتو بەرەو کونجە تاریکەکانی دەبات، هەست بەتێکشکانو لاوازیو بێ چارەسەری دەکاتو هەموو خۆ رزگارکردنێکی خۆی لەسوتاندنی لاشەی خۆیدا دەبینێتەوە.بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەم کارەو بەجارێك خۆشیو خێزانو کۆمەڵگەکەشی بەدەردی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەست دەکات.

بەڵام ئەوەی تێبینیم کردووەو ئەم خۆسووتاندنە بەزۆری تەنها لەناو ژنانی کورددا زۆر باوە، کەرەنگە

ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ تەقسێکی ئاینی یان کۆمەڵایەتی کەهەر لەمنداڵییەوە کاریگەرییەکی سلبی لادروست کردوون وبەفریادرەسی خۆیانی دەزانن لەکاتی تەنگانەیەکی گەورەدا. بۆیە جارێکی تریش هیواخوازم کەژنانی کورد لەم کردەوەیە دوور بکەونەوەو بەورەیەکی بەرزەوە رووبەڕووی کێشەکانیان ببنەوەوچارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

٭دۆزی ژنـان لەجیهانـدا چۆن دەبینیـت بەگشتیو دۆزی ژنانی کورد لەچ ئاستێکدایە..؟

-قـسەکردن لەسـەر دۆزیـژن یـان ئـافرەت، مەودایـەکی بەرفراوان و تێڕوانینێکی قوڵی هەیە کە نـاتوانرێ بەیـەك پرسیار وەڵام بدرێتـەوە، چونکە مـن ئەگـەر بـاس لـە دۆزی ژن بکـەم لـە جیهـان دەبـێ بـاس لـە وڵاتـانی رۆژئـاوا و رۆژهەڵات، باس لـە ئـەفریقا و ئـەمریکا، بـاس لـە سروشـتی پێکهاتەی دۆزی ژن لە وڵاتـانی ئەسـکەندەنافیا، لـە وڵاتـانی رەش پێـست و سـپی پێـست لـە وڵاتـانی ئیـسلام و مەسـیح و جولەکە، لـە وڵاتـانی رەگـەز ئـاری و رەگـەز سـامی و عیـبری و٠٠٠ هتد،بکەم و سروشت و نەریت و سـتراکتۆر و بونیـادی ئـەو وڵاتانـە هەڵـتـەکێنم و لـەوێوە دۆزی ژن و مێـژوو و ئاکـام و ئێـستای بهێنمـەوە پـێش چـاو و پێـشبینی بـۆ ئایندەشی بکەم، بۆیە من لێرەدا بـە پێویـستی دەزانم خـۆم لە بەشـی یەکـەمی ئـەم پرسـیارە ببـوێرم و هەڵـسەنگاندنی خۆم بۆ دۆزی ژن لە جیهاندا نەخەمە روو، بەڵام سـەبارەت بـە ئاسـتی ژنـی کـورد ئـەوا پێموایـە ئەگـەر بەچـاوێکی بەراوردکارییـەوە بڕوانینـە چـاوگی ئاسـتی ژن لەکۆمـەڵگای کوردەواریدا دەبینین ئێستا بەر لەهەمووکاتێکی تر لەسـەر

دیداری ڤیان مەجید

ئاستی شکڵ لە لوتکەی پێشکەوتندایە بەچاو ساڵانی رابردووەوە، واتا لەڕووی شکڵیەوە دەبینین دەقاودەق لای ئێمە بڕیاری ٢٥٪ جێبەجێ کراوەو ئەوەتا(٤) ژن لەلایەنی سیاسی کۆمەڵگا وەزارەتیان لەدەستەو چەندین ڕێکخراوی (NGO) و حزبی تایبەت بەژنان هەن کە بنەماو پەیڕەویان بۆ کەم کردنەوەی نایەکسانی یەو پێشخستنی ژنان و کۆمەڵگایە، بەڵام لەڕووی جەوهەر و بابەتیەوە پێموایە دۆزی ژن زۆر مەوداو بوارماوە دەبێت بیبڕێت تاکوبگاتە ئەو ئاستەی شایستەیەتی و دیارە ئەمەش بەر لەهەموو شت بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێ فاکتەرو پاڵنەرەوە کە هەریەکەیان رۆڵی کاریگەرو بنچینەیی لەسەر دۆزی ژن و پەیام و ئامانجەکەی ئەبینن و پێم وابێت ئەگەر ژن خاوەن پەروەردەیەکی تەندروست و ئابوریەکی سەربەخۆ و وشیاریەکی راستەقینە نەبێت مەحاڵە بوترێت دۆزی ژنی کورد یان هەر نەتەوەیەکی تر تەنانەت بوونیشی هەیە.

⋆پێتوایە لەکوردستاندا بزاوتێکی داکۆکیکەری تەواو لەمافەکانی ژنان هەبێت، یان سەرجەمیان لەژێر چاودێری حزبەکاندان..؟

-هەموو جار دەمەوێت خۆم ببوێرم لەباسکردنی ڕێکخراو، چونکە مادام ڕێکخراو لەئەنجامی بەریەککەوتنی کۆمەڵێك فیکرەی هاوشێوەوە دروست دەبێ کە ئامانجی سەرەکی تیایدا بەدی هێنانی ئەوفیکرانەو پێکاندنی ئامانجەکەیەتی، کەواتە ئاسایی‌یە نەمەوێت قسە لەسەر ئەم ڕێکخراوانەی ئێرە بکەم، چونکە کاتێك لێرە ڕێکخراو دروست دەبێت ئەوا هەژموونی حزبایەتی باڵی تەواو بەسەر کەسایەتی ڕێکخراوەکەدا دەکێشێ و ئیدی بواری مومارەسەی فیعلی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەوڕێکخراوە نامێنێ ، لەڕاستیدا ڕێکخراو دەبێ گروپی فشارو هێزی بەرژەوەندی و لۆبی بێت لەنێو دەوڵەتدا نەك ببێتە ساقە سەری ئەو حزبەی دروستی کردووە. بۆیە کاتێك دەوترێ ڕێکخراوی ژنان دەبێ بەرژەوەندی ئەو ڕێکخراوە ئامانج و ئاکام و ستراتیژ و پەیامەکەی بۆ ژن بێ لەژن بێ و و هی ژن بێ، نەوەك کەسایەتی حزبی کاراکتەری سەرەکی نێو شانۆکەی بێ و هەرلەبەر ئەوەش ئەگەر سەیری ئەم وڵاتە بکەین تائێستا هیچ ڕێکخراوێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا نەیتوانیوە کاربکات، ئەوەتا یەکێتی ژنان کە گەورەترین ڕێکخراوە تەنها لەسەر ئاستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی(ی.ن.ك) کار ئەکات و یەکێتی ژنان

لەناوچەکانی(پ.د.ک) و.....تد، کەئەمەش جگە لە پەرتبونەوەی خواستە هەمیشەیی و خواستە یەکگرتووەکانی ژنان هیچ ئاکامێکی تری لێ ناکەوێتەوەو تەنانەت یەکانگیری و هاوبیروڕایی لەسەر مەسەلە هەنوکەیی‌یە-کانیش لەباردەبات. بۆ نمونە کاتێ نەسرین بەرواری شووبە غازی عجیلی سێ ژنە دەکات ئەوە بەفعلی کاری ڕێکخراوی یەکێتی ژنان و (ی.ژ.ک) و سەرجەمی ڕێکخراوەکانی ژنان بەیاننامەیەکی هاوبەشی سەرانسەری دەربکەن و تیایدا ناڕەزایی بدەنە دەست سەرکردایەتی سیاسی کورد کە ئەوان ئەم حاڵەتە ڕەت دەکەنەوە کەچی بەداخەوە جگە لە(ی.ژ.ک) کە لەڕۆژنامەی ژیانەوەدا ئاماژەی پێدا، زۆرینەی ڕێکخراوەکانی تر مەسەلەکەیان کردە قوربانی پەیوەندی حزبایەتی و دیزە بەدەرخۆنەیان کرد.

بۆیە من پێم وایە هەتا ڕێکخراو خاوەن بڕیارو کەسایەتی و ڕێبازی سەربەخۆی خۆی نەبێ مەحاڵە بتوانێ بەڕاستی نوێنەرایەتی ئەو جەماوەرەبکات کە لەپێناویدا دامەزراوە.

*کەسێتی کوردی کەسێتییەکی نەگۆڕاوە، بەتایبەتی پیاو، کەپاش ئەم هەموو پێشکەوتنەی جیهان هێشتا

بەتۆمەتی شەرەفو شتی تر ژنان تیرۆر دەکرێن، ئەمەش تەنها لەکوردستان نییە، بەڵکو لەئەورووپاش روویدا وەکو تیرۆرکردنی (فادیمە)و چەندانی تر، پێتوایە هۆی نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چییە؟ لەکاتێکدا ژینگەو کۆمەڵگاش گۆڕاوە..؟

-ئەمە پرسیارێکی تەواو سۆسیۆلۆژی و لەهەمان کاتدا پەیوەندیەکی قوڵی بەدنیای دەرونناسییەوە هەیە، چونکە کەسایەتی مرۆڤەکان هەمیشە دوو پێوەر تەحەکومیان پێوە دەکات، (١)ئەو کۆمەڵگایەی کەمرۆڤ تیایدا دەژی(٢) ئەوعەقڵیەتەی مرۆڤ خۆی خاوەنیەتی.

لێرەوە کێشەکە قوڵ دەبێتەوە، چونکە کۆمەڵگای ڕۆژهەلات، نەك بە تەنها کۆمەڵگای کوردی، هەموویان کۆمەڵگای توندڕەو و دەمارگیرو نەژاد پەرستن بۆیە ئەسالەت و ڕەسەنایەتی و شەهامەت و پیاوەتی و خانەوادەیی و٠٠٠هتد، کۆمەڵ چەمکی کۆمەڵایەتی تەواو حساب بۆ کراون وئەوان ئایندەی تاك و خێزان و کۆمەڵ دادەڕێژن.

کەواتە دەبێت ئێمە هەمیشە ئەو حەقیقەتە لە بەرچاو بگرین کە تا چەندێك وابەستەین بە کۆمەڵگا و خێزانەوە، تا چەندێك پەیوەندیەکی ڕۆحانی لە نێوان

خۆمان و ئەخلاقماندا هەیە، ئەخلاق لای ئێمە شتێکە لە مولامەسە و چاوبڕکێ و زەردەخەنە و سێکسدا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر کچێك یان کوڕێك ئەم ڕێسایەی شکاند شایستەی لێپرسینەوەیە، بۆیە هەردەم کوڕو کچی ئێمە لەبەردەم مەترسی تاواندان ئەو تاوانانەی کە کلتوری کۆمەڵایەتی دایان ئەڕێژێ و ئەمەش خواستێك لە ناخیاندا دروست دەکات کە تامەزرۆی دەرچوون بن لە واقیع، تامەزرۆی پەناهندەیی و کۆچکردن و غوربەت بکەن،تۆ سەیری رابردووی نزیك بکە،چەندین کچ، کیژۆڵە، مێرد منداڵ، لاو، کۆچیانکردوو بەرەو هەندەران هەڵتوتن، ئەوان لە راستیدا حەز بە غوربەت ناکەن، بەڵام چارەی لێپرسینەوەشیان ناوێت، کەیفیان بە چاو لێ سورکردنەوە نایەت، حەز بە چارەی دڵپیسی و بوختان و درۆکردن ناکەن، ئەوان زۆربەیان وایاندەزانی لەوێ ئازاد دەبن، نەیانزانی پەروەردەکەیان بە شێوەیەکی سیتماتیکی بە دوایانەوەیە، من پێموایە کوشتنی (فادیمە) هێندە کارەساتێکی گەورە نەبوو وەك ئەوەی هەموو میدیاکان لەسەری هاتنە دەنگ بە بەراورد بەو کارەساتانەی کە بەهۆیەوە چەندین کچی ئەم وڵاتە لە ترسی لێپرسینەوە، لە واقیع رایان کرد و هێندەش مەترسیدار نەبوو بە

قەدەر ئەوەی پیاوە پیرەکانی هەندەران دێن و بەهەمان عەقڵی عەشایەرییەوە کیژۆڵێەکی (١٥-٢٠) ساڵان مارە دەکەن.

ئەزانی...کارەسات ئەوەیە روناکبیر و خەڵکە بڕوانامەدارەکەش بەم کارە هەڵدەستن نەوەك تەنها پارەدار و کەسە نەناسەکە.

★پێتوایە تەکنەلۆژیا تاچەند خزمەتی بەدۆزی ژنان کردووە، لەکاتێکدا لەرێی کەناڵو سایتە سێکسیەکانەوە قێزەونترین دیمەنی ژنان بڵاودەکرێتەوە..؟

هەموو شتێك لایەنی پۆزەتیڤ ونێگەتیڤی هەیە، رەنگە مەسەلەی تەکنەلۆژیا، دۆزی ژنانی ناوچە دوورە دەستەکانی نزیك کردبێتەوە و کۆنتاك و پەیوەندیە ئەلیکترۆنیەکان زۆر مەوداو پارەی بۆ ژنان گێڕابێتەوە. جاران بۆ ئەوەی پەیوەندیەك بە یەکێ لە ژنە ناودارەکانی بۆ نمونە لە رۆژهەڵاتی کوردستانی بکرایە، دەبوو بە نامەیەکی نهێنی بدرایەتە دەست کاروانچیەك و (٢-٣)هەفتە چاوەڕوانی بوینایە تا وەڵامی دەدایەوە، بەڵام ئێستا تۆڕەکانی ئینتەرنێت ئەم کارە بە (١٠) خولەك ئەنجام دەدەن، هەڵبەت ئەوەی ئێوەش دەیڵێن وایە سەتەلایت و هۆکارەکانیتری عەولەمە و تۆڕەکانی

تەکنەلۆژیا زیانی باشی لەلاکەی ترەوە بە ژنان گەیاندووە، من پێموایە عەولەمە چینی سەرمایەدار و خاوەن نفوز سودی باشی لێ دەبینێ جا پیاو بێ یان ژن، بەڵام خەڵکە رەشوروتەکەش دەبنە سوتماکی ئەو پرۆسە جیهانگیریە و ئاشکراشە ژن هەمیشە لە نێوەندی چینە نەدارەکەدایە ئەمە سەرباری ئەوەی بۆ خۆی کەرەسەیەکی جوانکاری ئەو کەناڵ و سایتانەیە، بڕوانە بۆ نمونەی گۆرانی (البرتوقالە)، یان روبی گۆرانیبێژی میسری یان لوسی یان...هتد[1]، ئەمانە کێ پێیان دەڵێ ئەم کارە بکەن، کێ پێیان دەڵێ ئاوها جوانی لەش و لاریان پەخش بکەن؟ کێ پێیان دەڵێ ئەوەندە شەهوەتبازانە یاری بە زمان و چاو و لەش و لاریان بکەن؟

لە راستیدا ئەلیساو نانسی عەجرەمیش خۆیان پەخش دەکەن، بەڵام ئەمەی ئەمانە زۆر جیاوازە لەوەی روبی و لوسی، لانی کەم هەست دەکەین ئەم دووەی دواین دەیانەوێ پەیامێکی هونەری بگەیەنن، بەڵام ئەوانی دی گروپێکی پارە پەیداکردنن و نەهامەتیەکەش لەوەدایە ئەوانەی بە کاری وێنەگرتن هەڵدەستن زۆر بێ شەرمانە زوومی کامێراکانیان دەخەنە سەر سنگ و سمت و شوێنە هەستیارەکانی تری ئەو کچە شۆخانەی وەك بووکە شوشە

سەما دەکەن، ئەمەش بە رای من ئازادی نییە، بەڵکو سەر لەنوێ بە کەنیزەك کردن و بە کۆیلەکردنی ژنانە بە جۆرێکی تر کە ئەمجارەیان ژن خۆی بە کەسایەتیەکی ماسۆشیانە رۆڵ دەبینێ.

⋆ئەگەر دوا پرسیارم لەسەر خۆسووتاندن بێت، پێتوایە خۆسوتاندن دەرئەنجامی چییە؟ چی وا لەژنان دەکات بیر لەم رێگایە بکەنەوە، پێتوایە ئەمە چارەسەرە یان ئەو پەری بێتواناییە..؟

-ئەو دەمەی مرۆڤ هەست دەکات هیچ چێژێك لە ژیان نابینێت، ئەو دەمە دەگاتە ئەو بڕوایەی مردن دوا چارەسەرەو ئەم دەتوانێ لانی کەم ئەگەر خۆشی ژیانی بۆ نەگێرێتەوە، لە ناخۆشی ژیان رزگار بکات. بۆیە زەحمەتە تاکێك کە ئاوها بیر بکاتەوە، بتوانێ کۆنترۆڵی خواستی خۆ رزگارکردنی بکات و تەحەکومێکی عەقڵانیانە بەسەر ئەو خواستەدا بکات. هەڵبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆسوتاندن، یان خۆکوشتن هەمیشە دەرئەنجامی بەکارهێنانی فشار و زۆرلێکردن و پەستان خستنەسەرە بە شێوەیەك ئەو فشار و پەستانانە کاریگەریەکی زۆر بریندارکەر لە دەروونی ئەو کەسەدا جێدەهێڵێ تا ئەو

رادەیەی بۆ ئەوەی ئارامی بداتە خۆی، بڕیاری خۆسوتاندن دەدات.

من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە زۆرینەی خۆسوتاندنەکان پیاوێکی لە پشتەوەیە، لە کاتێکدا، دەزانم ئەم قسەیەم قابیلی قبوڵکردن نییە، چونکە بۆ خۆی فەلسەفەی خۆسوتاندن لای من زۆر نەفام و بێ مێشکیانەیە، بەڵام ناکرێت ئەو راستیە نەوترێت کە پیاو کاراکتەری مەسەلەی خۆسوتاندنە لای ژن، جا ئەو پیاوە مێرد، یان باوك، یان برا بێت کە سلبیانە کاریگەری بخەنە سەر و بیانەوێ کارێك بەو ژنە بکەن کە ئەو نەیەوێت بیکات.

بۆیە من پێموایە هەر ژنێك دەمرێت پیاوەکەی خۆش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجارەش دەیڵێمەوە مەسەلەی خۆسوتاندن کارێکی یەکجار نامرۆڤانەیە و دەرئەنجامەکەشی زۆربەی کات بە نێگەتیف بەسەر ژنە سوتاوەکەدا دەشکێتەوە بۆیە ژن ئەگەر بە دوای چارەسەردا بگەڕێت، چاکترە خۆی نەکوژێت، یان خۆی نەسوتێنێت و رێگایەکی تر بگرێتە بەر بۆ دەربازبوون لەو کۆتو بەندانەی لەسەریەتی، هیچ نەبێ پەیوەندی بکات بە یەکێك لەو سەنتەرانەی ژنان دەپارێزن و

پارێزگاری لە کەرامەتیان دەکەن، چونکە لە دواجاردا خۆسوتاندنی هەر ژنێك پەڵەیەکی بەد رەوشتی بۆ ئەو ژنە دەهێنێ و هەمووشمان ئەزانین هەموو خۆسوتاندنەکان پەیوەندیان بەڕەوشتەوە نیيە!!

دیداری سەرگوڵ قەرەداغی

★دۆزی ژنان لە جیهانـدا چـۆن دەبینیـت بەگـشتی و دۆزی ژنانی کورد لە چ ئاستێکدایە..؟

-دۆزی ژنان لە جیهاندا ئێستا کە لە هـەزارەی سـێیەمداین و جیهان هەنگاوی گەورەی ناوە لە گشت بوارەکانـدا، بـەڵام دۆزی ژنـان نەچـۆتە پێـشەوە و هێـشتا لـە پەراوێزدایـە و نەبۆتـە کێـشەیەکی سـەرەکی و هـەوڵی جددی بـۆ نـەدراوە، لـە واقیعـدا بـارودۆخی ژنـان لـە رۆژئـاوا ئەگـەر سـەرنجی بـدەین زۆر ناهــەموارە لــە زۆربــەی وڵاتــانی رۆژئــاوادا، تائێـستاش کـرێی کـاری ئـافرەت بەرامبـەر پیـاوان نیـیـە، زۆربـەی ئامارەکـان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ژنـان قوربـانی دەسـتی توندوتیـژی خێزانــی و خــاوەن کــارن تائێــستاش لەزۆربــەی وڵاتــانی رۆژئــاوای بــەناو پێــشکەوتوو ژنــان نەگەیــشتونەتە ناوەنــدەکانی بڕیــار و دەســەڵات، کێـشەی ژنان لە رۆژهەڵات زۆر ناهـەموار تـرە لـە ژنـانی رۆژئـاوا تـا ئێستا ژنان دەنـاڵێنن بەدەسـت کێشە کۆمەڵایەتییەکانـەوە و بەرزی رێژەی نەخوێنـدەواری و هـەروەها بێبەشـبوونیان لــە ناوەنـــدەکانی بڕیـــار و دەســـەڵات بەنیـــسبەت دۆزی ئـافرەتی کـورد کـە ئـەویش دابـڕاو نیـیـە لـە دۆزی کـورد، خۆی کە لەدوای راپەڕینەوە جۆرێك لە بەجیهان ناساندنی کێشەی کورد و گـەلی کـورد رویـدا کـە ئـەویش بـووە هـۆی

کرانەوەی جیهان بە رووی کورد و کێشەکەیدا کە دواتر کاریگەری هەبوو لەسەر دۆزی ئافرەتی کورد، بەڵام بەپێی تایبەتمەندی کوردستان و دروست بوونی فرە حزبی کە بێگومان ئافرەتیش وەك تاكێکی ئەم کۆمەڵگایە بوون بە ئەندامی ئەو حزبانە لەرێی رێکخراوەکانی ژنانەوە کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو رێکخراوانەی کە سەر بە حزبی دەسەڵاتدار بوون کە تەنها لەسەر ئاستی کۆمەڵێك ئافرەتی نوخبە بوو، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی تائێستاش کۆمەڵێك گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئافرەتی کورد پێوەی دەناڵێت، هەروەها کۆمەڵێك کێشە و گرفتی نوێ کە لەدایك بووی قۆناغی دوای راپەڕین بۆ ژنان دروست بووە لە کۆچ کردنی لاوان بۆ هەندەران و دیاردەی لەشفرۆشی و بەرزبوونەوەی رێژەی خۆسوتاندن کە پێویستی بە کەسانی خەمخۆر هەیە بۆ لێکدانەوەیان.

*پێتوایە لە کوردستاندا بزاوتێکی داکۆکیکەری تەواو لە مافەکانی ژنان هەبێت، ئایا سەرجەمیان لەژێر چاودێری حزبەکاندان..؟

-بزوتنەوەی ژنان لە کوردستاندا بە ڕای من بزوتنەوەیەکی داکۆکیکەری تەواو نییەلە مافەکانی ژنان، چونکە رێکخراوەکانی ژنان هەریەکەیان پاشکۆی حزبێکن

بەپێی بیروبۆچوون و ئایدیای ئەو حزبە داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن، واتە ئەگەر ئافرەتێك مافی بخورێت و ستەمی لێبکرێت فڵان رێکخراوی ژنان ئامادە نییە داکۆکی لێبکات، چونکە ئایدیای ئەو ئافرەتە ناگونجێت لەگەڵ ئایدیای ئەو رێکخراوەدا، یان سەر بە رێکخراوێکە دژی بیروبۆچونی ئەوە، واتە حیساب بۆ کەسێتی ئافرەتەکە ناکرێت.

*بەڕای بەڕێزت رێکخراوەکانی ژنان توانیویانە بەدیهێنەری مافەکانی ژنان بن، ئایا تا چەند لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بوون..؟

-پێموایە ئەم پرسیارە لەگەڵ پرسیاری پێشوودا زۆر جیاوازی نییە، چونکە ئەگەر رێکخراوەکانی ژنان داکۆکیکەری تەواو نەبن لە مافەکانی ئافرەت چۆن دەتوانن مافیان بۆ بەدیبهێنن! رێکخراوەکانی ژنان خۆیان بە شتی لاوەکیەوە خەریك کردووە، وەك تەنها لێدوان و قسەکردن و کۆڕ و سیمینار، بەڵام بواری پراکتیکی عەمەلی کەم ئیشی بۆ کراوە، لەم ساڵانەی دوایدا زۆربەی هەوڵی رێکخراوەکان بۆ گۆڕینی یاسای ئەحوالی شەخصی عێراقی بوو، کە دوا هەوڵیان بڕیاری (٦٢) بوو تایبەت بە تەعدیلی چەند بڕگە و مادەیەکی ئەو یاسایە، بەڵام

لەدوای ئەوەی چووە بواری عەمەلیەوە دەرکەوت ئەو بڕیارە نەك مافی بۆ ژنان بەدی نەهێناوە، بەڵکو چەند مافێکی لێ سەندونەتەوە کە لێرەدا بواری باسکردنی ئەو بڕیارە نییە.

٭کەسێتی کوردی کەسێتییەکی نەگۆڕاوە، بەتایبەتی پیاو، کە پاش ئەم هەموو پێشکەوتنەی جیهان هێشتا بە تۆمەتی شەرەف و شتی تر ژنان تیرۆر دەکرێن، ئەمەش تەنها لە کوردستان نییە، بەڵکو لە ئەوروپاش روویداوە وەکو تیرۆرکردنی (فادیمە) و چەندانی تر، پێتوایە هۆی نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چییە؟ لە کاتێکدا ژینگە و کۆمەڵگاش گۆڕاوە..؟

-هۆکاری نەگۆڕانی عەقڵی پیاوی کورد چییە؟ بەنیسبەت ئەم پرسیارەوە ئەوەی شتێکی روون و ئاشکرابێت پیاوی رۆژهەلات بەگشتی و پیاوی کورد بە تایبەتی لەسەر جۆرە نەریت و شێوازێك پەروەردەکراون لە منداڵیەوە کە کاریگەری بۆسەر کەسێتیان هەیە لە گەورەییدا بۆتە بەشێك لە بوون و تێکەڵ بە عەقڵ و هۆشیان بووە کاتێك دەچێتە هەندەران بێگومان هەر بەو عەقڵیەتەوە دەچێت کە لەسەری پەروەردە بووە و مامەڵەی پێکردووە، بەڵام واقیعی ژیانی هەندەران زۆر جیاوازە لەگەڵ واقعی ژیانی

کورددا لەڕووی کەلتوور و زمان و شێوازی هەڵس و کەوت کە بێگومان نامۆیە بە داب و نەریتی ئایینی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام ئەو تاوانەی ئەکرێت بەرامبەر ئافرەت بە (تۆمەتی شەرەف) کە زۆرجار بێئاگایانە دەدرێتە پاڵ ئایین ئەگەر بە چاوێکی ئینسانیەوە سەیری بکەین دوورە لە پاکی ئایینی ئیسلام کە لەکاتی حاڵەتی لەو جۆرەدا داوای لێکۆڵینەوە و دڵنیا بوون دەکات و بوونی ژمارەیەك شایەد لەسەر ئەو حاڵەتە دواتر یەکلاییکردنەوەی کێشەکە لەبەردەم دادگا، نەك تاکەکان خۆیان ئەم کارە ئەنجام بدەن.

٭پێتوایە تەکنەلۆژیا تاچەند خزمەتی بە دۆزی ژنان کردووە، لەکاتێکدا لەڕێی کەناڵ و سایتە سێکسیەکانەوە قێزەونترین دیمەنی ژنان بڵاودەکرێتەوە..؟

-بێگومان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا خزمەتێکی گەورەی بەسەرجەم مرۆڤایەتی کردووە بەگشتی و ژنان بە تایبەتی، بەڵام ژمارەیەك لە کۆمپانیا و کەناڵە بازرگانیەکان تەنها مەبەستیان بەرژەوەندی و لایەنی مادی خۆیانە وە ئافرەتیان کردووە بە کالایەك بۆ رەواج پێدانی کەناڵەکانیان کە ئەوپەڕی سوکایەتییە بەرامبەر

کەسێتی ژنان کە بە قێزەونترین دیمەن وێنەی ژنان بڵاو دەکەنەوە.

*ئەگەر دوا پرسیارم لەسەر خۆسوتاندن بێت، پێتوایە خۆسوتاندن دەرئەنجامی چیە؟ چی وا لە ئافرەت دەکات بیر لەم ڕێگایە بکەنەوە، پێتوایە ئەمە چارەسەرە یان ئەوپەڕی بێتواناییە..؟

-خۆسوتاندن دەرئەنجامی بێهیوایی و داڕوخانی کەسێتی ئافرەتە کە ڕێژەکەی زۆر زیادی کردووە لە کۆمەڵگاکەماندا کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بدرێت، هۆکارەکانی زۆرجار لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەهیچ کاتێکدا نابێتە چارەسەر بۆ کێشەکان تەنها دەلالەت لە بێتوانایی و بێئارامی و نەمانی هیوا دەکات.

بەشی دووەم

ژن و تێڕوانینەکان

ئەم وتارانەی لەم بەشەدا بڵاوکراونەتەوە زۆرێکیان لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە و لەبەر پەرش و بڵاویان کۆکردنەوەیانم بە پێویستزانی

قسەیەك لە (٨)ی مارس-دا

هەموو ساڵێك (٨)ی مارس رۆژی ژنانی جیهانە، کە تێیدا ژنان دەنگی ناڕەزاییان بەرامبەر دەسەڵاتی پیاوسالاری و چەوساندنەوە بەرزکردەوە، ئەویش کە ژنانی یەکێك لە کارگەکانی چنینی شاری (نیۆرك)ی ئەمریکا دەستیان بە مانگرتن کرد و ناڕەزاییان دەربڕی لە بارەی چوونە سەری کرێ و هەقدەسی کار وهەقی بیمەی بێکاری و کەمکردنەوەی کاتی کارکردن.وەڵێ پاشان بە ئاگرتێبەردانی کارگەکە وەڵام درانەوە و لە ئەنجامدا (١٢٩) ژن لەو ژنە شۆڕشگێڕانە گیانیان سپارد لە پێناوی مافە سروشتییەکانی خۆیاندا قوربانیاندا و لەو رۆژەوە بەردەوام تا هەنووکەش سەرجەم ژنانی جیهان یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە و بە جەژنی ژنانی ناو دەبەن.

دیارە ئازادی ژن بریتی نییە لە ئازادی لە سنورێکی دیاریکراودا، بەڵکو بریتیە لە مومارەسەی کۆمەڵایەتیانەی ئازادی لەلایەن تاکەکانەوە و دەبێ زەمینەی پتەوی

پەروەردەیی و ئابووری وشیاری کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە، چونکە پێموایە بە بێ هەر یەکێك لەو فاکتەرانەی سەرەوە ئەم مافە بە ژن رەوا نابینرێ. هەروەها ئازادی ژن بەبێ ئازادی تاك سەرناگرێ، دەبێ دەسەڵاتی پیاو کە بە یاسا لەسەر ژن لادەبرێ بگۆڕدرێت بۆ سەربەستیەکی راستەقینەی مرۆیی کە مێیینە مومارەسەی بکات. بۆیە لە ناوبردنی عەقڵیەتی دۆگما وسەلەفی ئەرکی یەکەمە تا سنوری ئازادی مێیینە فراوانتر بێت و دەروازەیەکی نوێی بەرووی مافەکانیاندا بکرێتەوە.

ئەمڕۆ لە ژیانی تاکدا رۆژبەرۆژ مەودای دیموکراسیەت لە زۆر شوێنی دنیادا بەرەو فراوانتر هەنگاو دەنێت و ئەم فراوان بوونەش فاکتەری باش بووە بۆ کارکردن و بەردەوامی ژنان بۆ چنگ کەوتنی ئازادی و بەدیهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان و رێگە گرتن لە کردەی تیرۆری کچان وژنان وسەر نگومکردنیان، هەروەها دەبێ ژنانی قوربانیدەر لە خۆبووردووی نێو بزوتنەوەکانی ژنان کاری جددی بکەن بۆ سڕینەوەی ئاسەواری گشت زوڵم و ستەمەکانی سەر ژنان.

(٨)ی مارسی ئەمساڵ کە پاش یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراسی دێت لە عیراقدا لە هەموو روویەکەوە جیاوازە لە ساڵانی رابردوو، ئەمساڵ خەباتی ژنان پێیناوەتە قۆناغێکی هەستیارەوە ، کە من بە قۆناغی بەربەرەکانێ و گفتوگۆی ناودەنێم بۆ دەست خستنی مافەکانی ژنان. بۆیە دەبێ سەرجەم رێکخراوەکانی ژنان بەیەك دەنگ بڕیار لەسەر هەر مەسەلەیەك بدەن کە سودمەندە بۆ دۆزی ئەوان و هەر بڕیارێکیش رەت بکەنەوە کە دژی مافەکانیان دەوەستێت، هەروەها دەکرێت پیاوانی ئازادیخوازیش یارمەتیدەری ژنان بن لەبەدەستهێنانی مافەکانیان،چونکە ژنی ئازاد وهاوچەرخ ورۆشنبیر نەك بۆ پیاوان سەر شکان نییە، بەڵکو هێزی راستەقینەی ئازادی پیاوانیش دەبێ و هەردوو رەگەز پێکەوە لە یەکسانیاندا هاوسەنگیەك دەدەن بە ژیان وبەرگێکی رازاوەتری بە باڵا دەپۆشن و ژیانێکی ئاسودەتر دێتەبوون.

دواجار با (٨)ی مارس رۆژی لە ناوبردنی چەوساندنەوەی مێینە و بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆر و سەرنگومکردنی ژنان بێت و ببێتە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەرهەمهێنانی تاکی ئازاد لە فەزای دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنیدا و ژنانیش پاش لە ناو چوونی رژێمی بەعس بە

مافە سروشتییە رەواکانی خۆیان بگەن و لە دەستووری هەمیشەیشدا سەرجەم مافەکان بەرجەستە بکرێن، هەروەها وەکو چینێکی دیاری کۆمەڵگە پەرە بە ئەفراندن و توانا و وزە شاراوەکانی خۆیان بدەن و تا بوونیان لە کۆمەڵگەدا بەسەنگێکی قورسەوە بسەلمێ.

٢٠٠٥/٣/٦

شکسپیر و ژن

نوسین وەکو پرۆسەیەکی داهێنان بەدەر نییە لە کارتێکردەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە نوویەر تێیدا دەژی و لەهەمانکاتدا ئەگەر نووسەر ئاگاداری دەورووبەر و وڵاتانی جیهان بێت ئەو کاریگەریانە رەنگدانەوەی هەمەلایەنتری دەبێت هەر لێرەشەوە دەکرێت بڵێین کە روانینی نووسەر بۆ دیاردەکان و شتەکان بەدەر لەوەی لە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەی نوسەردایە، بەڵکو دەوروبەریش کاریگەری لە پرۆسەی خولقاندنی نوسیندا هەیە. ئاشکرایە کە نوسەران تەنها لە رێی نوسینەوە گوزارشت لە هەموو بووەکانی کۆمەڵگە بکەن و یەکێك لەو بوارانەشی کە زۆرترین قسەی لەسەرکراوە "ژن"ە وەکو هاوبەشێکی ژیانی مرۆڤ.

سەرەتا دەمەوێ بە قسەیەکی جۆن میلتۆن دەست پێبکەم کە دەڵێت؛ ژن جوانترین دیاری ئاسمانە. واتە لەگەڵ ئەو هەموو دیاریەی خودا بۆ ژیان بەخشیویەتی بە مرۆڤ، جوانترینیان ژنە، بێگومان ئەم وتەیەش لەگەڵ

روانینی یەکێک لە گەورە نوسەرانی دنیادا کۆکە کە ئەویش(شکسپیر) ە. ئەم نوسەرە وەکو زۆرێک لە نوسەرانی تر روانینی گونجاو و پۆزەتیڤی هەیە لەسەر ژن و ئەم روانینانەشی لە زۆرێک لە شانۆکانیدا رونکردۆتەوە لەوانە لە (هاملێت، رۆمیۆ و جولێت، شالیر)دا بە تایبەتیش لە(رۆمیۆ و جولێت)دا کە هەردوو پاڵەوانی شانۆکە لە پێناوی عەشقی یەکتردا مەرگ هەڵدەبژێرن و ئەمەش دەتوانین وەکو جوانترین تەوزیفکردنی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز سەیربکەین، کە ئەمەش جوانترین و درەوشاوەترین خاڵی نوسینە لای شکسپیر.ئەگەر لێرەوە سەرنج لەبوونی یەکسانی بدەین، دەبینین ئەم نووسەرە وەکو داکۆکیکەرێکی مرۆڤ و پاشان ژن هیچ جیاوازیەکی لە نێوان ئەم دوو رەگەزەدا ناهێڵێتەوە، چونکە پێموایە تاکە ئەرکی پرۆسەی نووسین ئەوەیە کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت و کاتێکیش نووسین ئەم بەها گرنگەی لە دەستدا لە تیرۆری فیکری و رۆحی ئینسان هیچ خزمەتێکی تر ناکات.

میهرەبانی ژن یەکێکی ترە لەو پایانەی بۆتە بناغەی فیکری شکسپیر و ئەو جوانی ژنی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو میهرەبانی بەلاوە گرنگە، چونکە جوانی لای

شکسپیر میوانێکە و هەموو مرۆڤێک سەردەمێک ئەو میوانە لە روخساریدا دەبێت، بەڵام ئەوەی جەوهەرییە و میوانێکی هەمیشەییە لە دڵ و دەروون و روخساریمرۆڤە "میهرەبانی"یە، بۆیە پێی وایە ژنی میهرەبان باشترین دیاری خودایە، لەلایەکی ترەوە دەڵێت؛ ئەی ژن تۆ ئەوەیت کە خوازیارم هەرچی هەمە و نیمە بیخەمە ژێر پێتەوە. لێرەشدا دیسان ژن وەکو کائینێکی کاراتر و پڕ بایەختر دەبینێت و ئەو بەشایەنی یان خاوەنی هەموو شتەکانی ژیانی پیاو دەزانێت، کەواتە شکسپیریش دەیەوێت وەکو بەلزاک بڵێت؛ ماڵی بێ ژن گۆڕستانە. واتە ئەوە ژنە رۆحی پیاو بە ژیاندۆستی ئاشنا دەکات و ناهێڵێت ماڵ و لانەی ژیانی لێ ببێتە گۆڕستان.

دواجار دەتوانین بڵێین ژن لای شکسپیر هەڵگری بەهایەکی تایبەتی ژیاندۆستی و خۆ فیداکاریە، ئەمەش لە سەرجەم بەرهەمە شانۆیی و سۆنێتە شیعریەکانیدا رەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە و لە هەمان کاتیشدا دەنگێکی نەرێی گەورەیە دژی چەوسانەوەی ژن لەلایەن ئایین و کۆمەڵگەوە.

شوباتی ٢٠٠٥

ڤۆڵتێر و ژن

ڤۆڵتێر بیریار و رۆشنگەری فەرەنسی و یەکێک لەو نوسەرانەی دەتوانین بە داکۆکیکەری مافەکانی ژنانی لەقەڵەم بدەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەندێک نوسینیدا چەند رایەکی جیا یان پێچەوانەی داکۆکیکردنەکانیەتی لە ژن، ئەوەی گرنگە قسەی لەسەر بکەین پێگەی ژنە لای ڤۆڵتێر و ئەو هۆکارەی بووەتە هۆی ئەم دووفاقییە.

ڤۆڵتێر ژن وەکو پێویستییەکی گرنگ دەبینێت لە ژیانی پیاودا و پێیوایە تەنها ژن دەتوانێ ئەو بۆشاییە بۆ پیاو پڕبکاتەوە کاتێک دەبێتە هاوسەری ژیانی، یان زیاتر رۆدەچێت و دەڵێت؛ خۆشەویستی ژنێک بۆ مێردەکی شیرینترین شتە لە ژیاندا. ئەم هەڵوێستانە لە چەندین کتێبدا دووپاتکردۆتەوە و تا دەگاتە ئەوەی کە خۆشەویستی ژن لەسەرووی هەموو زانست و بەهرەیەکی پیاوەوەیە وەکو خۆی دەڵێت؛ هەموو ئەو زانست و بیرەی کە پیاو هەیەتی نرخی خۆشەویستی ژنی نییە. واتە ئەوە

خۆشەویستییە کە هەموو شتێک بۆ ژیانی مرۆڤ فەراهەم دەکات و هاوکێشەی لاسەنگی ژیانی پیاو هاوسەنگ دەکات، یان بە مانایەکی تر قسەکردنە لەسەر چەمکی یەکسانی هەردوو رەگەز، کە پێموایە لێرەدا ڤۆڵتێر زۆر جوان تەوزیفی کردووە، چونکە ئەم بیرمەندە ژیان وادەبینێت کە بەبێ ژن هاوسەنگییەکەی لەدەست دەدات.

لەلایەکی ترەوە ڤۆڵتێر چەند رایەکی جیاوازی لەسەر ژن هەیە و ژن وەکو شومترین بونەوەری ناوزەد دەکات، بێگومان ئەم ناکامیە لەو رایەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژن وەکو کائینێک خاوەنی تایبەتمەندی و روانینی خۆیەتی بۆ ژیان و بوون، چونکە سروشتی مرۆڤ ئاڵۆزیەکی زۆری تێدایە و لە نێو ئەم ئاڵۆزیەشدا بەشێکی زیاتر بەر رەگەزی مێینە دەکەوێت و کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی سیفاتی تایبەتمەند کە رەنگە زۆرجار پێچەوانەی رای رەگەزی بەرامبەر بێت، هەر بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت؛ ژن سەرتاپای مەتەڵە، تەنیا منداڵبوون دەتوانێت پەی بەو مەتەڵە ببات. دیسان لێرەشدا ڤۆڵتێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن بونەوەرێکی ئاڵۆزە(کە ئەو بە مەتەڵ ناوی دەبات و مەبەست لە مەتەڵیش بوونی

ئالۆزیەکەیەتی) و ئەو ئالۆزیەیە کە تێگەیشتن لە بیر و ئەندێشەی ژن بە سانایی ناهێڵێتەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو رایانەشدا وەکو سەرەتا ئاماژەم پێدا ژن لای ڤۆڵتێر خاوەنی پێگەی تایبەت و یەکسانە لە ماف و ژیاندا، بەڵام پێکهاتەی فیسیۆلۆژی وا دەکات تێگەیشتن لە ژن و گۆڕانکاریەکانی سروشتی وەکو بونەوەرێك بەرەو روانین و تێگەیشتنی نادروستمان بەرێت.

مارسی ٢٠٠٥

لامارتین و ژن

ژن تاکە بوونەوەری سەرزەوییە کەهەڵگری زۆرترین تەفسیرەو زۆرجاریش تەفسیرەکان بەهەڵە بۆ ژن کراون، چونکە وەکو لەچەند نوسینێکی تریشدا ئاماژەم بۆ کردووە ژن تاکە بوونەوەرە کە دەتوانێت بەچەندین سیمای جۆراوجۆر خۆی پیشانی رەگەزی بەرامبەر بدات و تاسەرنجی رابکێشێت و ئەم سەرنج راکێشانەش چ بەلایەنی پۆزەتیف،یان نێگەتیف لە هەردوو بارەکەدا رەگەزی بەرامبەر سەرسام دەکەن و زۆرجار ئەم سەرسام بوونەش بووەتە هۆی ئەوەی زاناو فەیلەسوف و نوسەرەکان بەدرێژای تەمەنیان لەسەر هەمان رای یەکەمجار نەبن، یان لەگەڵ بەساڵاچوون و هەڵکشانی تەمەندا رای جۆراو جۆریان لەسەر ژن هەبووە هەندێکجاریش چەندین رای دژیەکیشیان خستۆتەروو.

دیارە ئەگەر وردتر لەم بۆچوونە بڕوانین ئەوا دەبێ باروودۆخی دەروونی نوسەر و ژینگە و کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرین، هەروەها ئەو سەدەیەش کە ئەو نوسەرە، یان

بیرمەندەی تێدا ژیاوە، چونکە کۆمەڵناسان هەموویان لەسەر ئەو رایە کۆکن کە کۆمەڵگە کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر بیرکردنەوەی نوسەر دەبێت، لەهەمانکاتیشدا کەسانی دەورووبەریش بەتایبەت کە زۆر لە نوسەرەوە نزیکبن لەو کاریگەریانە بەدەرنین، بۆیە کاتێك قسە لەسەر چەمکێك، یان بۆچوونێك دەکەین لای نوسەرێك دەبێت رەچاوی ئەو خاڵانەی سەرەوە بکەین.

شاعیری گەورەی سەدەی نۆزدەی فەڕەنسا(لامارتین) یەکێکە لەو شاعیرانەی بۆ چوونێکی دووفاقی هەر لەسەر ژن هەیە و ئەو پێیوایە ژن کاملترین دروستکراوی خودایە. واتە ئەوە ژنانن لە پیاوانیش کاملترن و توانای هەموو کارێکی گرنگیان هەیە، یان وەکو خۆی دەڵێت؛ لەسەرەتای هەموو کارێکی گرنگدا ژن هەیە. بێگومان ئەم رایانە رای پۆزەتیڤن لەسەر ژن، ئەم نوسەرە ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەم رایانەی بەردەوام بوو، بەڵام هەر لامارتین رای دژی راکانی سەرەوەی خۆیشی هەیە و دەڵێت؛ سەرەتای هەموو خراپەکاریەك دەستی ژنی تێدایە. بێگومان ئەم رایە لەو عەقڵە ئەفلاتۆنیەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێ؛ سوپاسی خواوەند دەکەم کە حەوت تایبەتمەندی پێبەخشیوم یەکەمیان ئەوەیە کە ئازادانە

هاتومەتە دنیاوە، دووەمیشیان ئەوەیە کە پیاوبووم نەك ژن. بیرکردنەوە لە پیاوبوون لای ئەفلاتون بیرکردنەوەیە لەباڵادەستی و نێرسالاری،کەلای لامارتینیش رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە،لەم بۆچوونە دژەشدا لامارتین سوودێکی زۆری لەو قسەیەی ئەفلاتون وەرگرتووە. بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەورایەی عەقڵی نێر سالاری نەك ریشەیەکی کۆنی لەنێو ئاییندا هەبووە، بەڵکو ریشەیەکی کۆنیشی لەنێو هزری رۆشنبیران و بیرمەندیشدا هەبووەو هەیە، چونکە دواجار ئەوانیش لە کاریگەری ئایین و کۆمەڵگە و...هتد بەدەر نەبوون. بێگومان تەنها لامارتین خاوەنی بۆچوونی دووفاق نییە، بەڵکو دەیان نوسەر و بیرمەندیتر خاوەنی هەمان دووفاقی لامارتینن.

مارسی ٢٠٠٥

نیكۆس كازانتزاكیس و ژن

زۆرن ئەو نوسەرانەی لە بارەی ژنەوە بیر و رای خۆیان دەربڕیوە و ژن بۆتە یەكێك لە رەگەزە سەرەكی‌یەكانی نووسین، وەلێ كەمن ئەو نوسەرانەی كە بە گشت پەنهانەكانی رۆحی ژن ئاشنا بوون، بێگومان مرۆڤ بونەوەرێكە هەڵگری تەفسیرگەلی جیاوازە، چونكە تاكە بوونەوەری هۆشەكی سەرزەوییە، وەلێ ژن هەم وەكو مرۆڤ هەڵگری سیفەتگەلی خۆیەتی و هەم وەكو مێینەش كائینێكی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندە، كە هەر لەسەرەتای مێژووەوە هەڵگری تایبەتمەندی بووە و سروشتیش چەندین تایبەتمەندی‌تری بەخشیوەتە ئەم بوونەوەرە، كە ژنە.

یەكێك لەو نوسەرانەی توانیویەتی كەشفی زۆرێك لە جوانیەكانی ژن بكات و وەكو بوونەوەرێكی میهرەبان و خاوەن ئیرادە ژن سەیر بكات (نیكۆس كازانتزاكیس)ە، ئەم نوسەرە لەزۆرێك لە بەرهەمەكانیدا پێگەیەكی تایبەت و

دیاری داوەتە ژن و ئەو یەكسانییەی نێوان هەردوو رەگەزی لە چەند رۆمانێكدا دووبارە كردۆتەوە و ئەوینی ژن وەكو پێویستیەكی هەمیشەیی بۆ ژیانی پیاو دەبینێ و ئەو لە یاداشتەكانییدا دەنووسێ؛ لە راستیدا ئەگەر دڵی میهرەبانی ژن نەبوایە، ئەوا خودا هەتا هەتایە پیاوی لە نێو گۆڕ دەنا، ئاخر رزگاری ئێمە بەتاڵێك دەزووەوە بەندە، رزگاری ئێمە بە هاواری ئەڤینەوە بەندە، كەواتە كازانتزاكیس پێیوایە ئەوە ئەوینی ژنە رۆحی پیاو لەكۆت و بەندەكانی ژیان رزگار دەكات و بە ئەڤین دەوڵەمەندی دەكات، چونكە پێیوایە تەنها ئەڤین دەتوانێ رۆحی مرۆڤەكان لەترس و مەرگ رزگار بكات.

لەلایەكی ترەوە نیكۆس كازانتزاكیس ژن وەكو فریادرەسێك دەبینێ كە دەستی پیاو دەگرێت و بەرەو بەهەشت رێنمایی دەكات و لەم بارەیەوە دەنوسێت؛ بۆ یەكەم جار لەژیانی بێڕوحم و نائینسانیدا تێگەیشتم كە خودا چەندێك میهرەبانە! كە خودا چەندێك ئینسانی خۆشدەوێ و بەزەیی پێیدا دێتەوە! كە ژنی بەو هەموو دڵڕفێنییەوە بۆ خولقاندووە تا دڵنیاترین و نزیكترین رێگەوە رێنومایمان بەرەو بەهەشت بكات. واتە ئەوە ژنانن دەبنە ئەلتەرناتیڤی رزگاربوونی پیاوان لە دۆزەخ و هەر

ئەوان بەرەو بەهەشت ڕێنمایی دەکەن. هەروەها پێیوایە ئەو پیاوەی خاوەنی ژنێك بێت هەژاری و رووت و رەجاڵیی هیچ نیە؟ چونکە ژن هەموو بەختەوەریەکی ژیان بۆ پیاو بەرجەستە دەکات، بێگومان لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەوە ژنانن دەتوانن جوانتر لە پیاوان رێز لەبەهاکانی ژیان بگرن و بەرنامەی تۆکمە بۆ ژیانی هەردوو رەگەز پێکەوە دابنێن.

دواجار دەتوانین بەکازانتزاکیس بڵێین نوسەری داکۆکیکەر لە ژن و ژیاندۆستی و هەڵگری بەیداخی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز.

شوباتی ٢٠٠٥

ژنان بۆ کێ دەنوسن؟!

رەنگە سەرەتاییترین پرسیار کە لە نوسەر دەکرێ ئەوە بێ کە بۆ کێ دەنوسێ؟ بێگومان هەموو نوسەر و شاعیرێ بۆ کەسێ دەنوسێ کە رەنگە ئەو کەسە خودی نوسەرەکە بێت، یان کەسێك بێت کە سەرنجی نوسەری راکێشابێت جا ئیتر بە جوانی ئەو کەسە بێت، یان دانایی، یان هێمنی...هتد، پێموایە ئەو پرسیارە پێش ئەوەی لە پیاوە نوسەرەکان بکرێت زیاتر رووبەڕووی ژنە نوسەرەکان دەکرێتەوە، چونکە ئەوان ژمارەیان کەمترەو هەمیشە لە کۆمەڵگا سوننەتی و تەقلیدیەکاندا لە لایەن رەگەزی بەرامبەرەوە بە چاوێکی گوماناوییەوە سەیر کراون، بۆیە دەکرێ لە ستونێکی ئاوهادا قسە لەسەر ژنە نوسەرە کوردەکان بکەین، کە ئایا ئەوان بۆ کێ دەنوسن؟

فیرجینیا وڵف لەمەڕ پرۆسەی نوسین لای مێینە دەنوسێ؛ نوسینی هەر ژنێك هەمیشە ژنانەیە و ناتوانێت ژنانە نەبێت. دەکرێت لێرەدا مەبەستی "وڵف" ئەوەبێت کە هەموو ژنانی نوسەر هەڵگری ئیحساسی ژنانەی خۆیانن

و ناتوانن خۆیان لەو سنورە بدزنەوە، هەر ئەمەش وایان لێدەکات ژنانە بنوسن وبیربکەنەوە، بەڵام ئایا تا چەند ژنە نوسەرە کوردەکان، یان ئەگەر باس لە خانمە گۆرانیبێژەکانیش بکەین توانیویانە پەیڕەوی ئەم خاڵە بکەن و کە بەرهەمێ یان گۆرانییەکی ئەو خانمانەت بینی بزانی ئەوە لە هەستێکی مێینەوە هاتۆتە بوون، بێگومان لە زۆرێك لەو نوسین و بەرهەمانەشدا هەستی مێینەیی لاوازە یان نییە و ئەو خانمە نوسەر و هونەرمەندانە نەیانتوانیوە گوزارشت لە خودی ئازار و کێشەکانی خۆیان بکەن، ئەو ژنانەشی توانیویانە ئازادانە گوزارشت لە هەست و نەستی مێینەتی خۆیان بکەن و سنورە تەقلیدیەکانی نوسین تێبپەڕێنن و بەرەو جیهانی فراوانی ئەدەب و هونەر هەنگاو بنێن و بێ سانسۆری کۆمەڵایەتی شیعرو چیرۆك و رۆمان بنوسن ژمارەیان زۆر کەمە، بۆیە دەکرێت هەموو خانمە نوسەر و هونەرمەندەکان بەر لە بڵاوکردنەوەی هەربەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری دەبێ بیر لە خزمەتکردن و جۆری خزمەتکردنەکە بکەنەوە بە دۆزی ژن ئەرکی یەکەمی هەموو نوسەر و هونەرمەندێ خزمەتکردنە بە مرۆڤ و ژیان.

دواجار دەتوانین بڵێین ئەو بەرهەمەی ژنێك پێشکەشی کۆمەڵگایەکی دەکات پێش هەموو شتێ دەبێ خزمەت بە خودی خۆی و رەگەزەکەی و کۆمەڵگاکەی بکات ئەوسا رەگەزی بەرامبەر و کۆمەڵگاکانی‌تر ئەگەر وانەبوو ئەوە بەرهەمێکی لاوازە و ناچێتە خانەی ئەفراندنەوە، بەڵام ئەگەر خزمەتی کرد ئەوە هەقە هەم نوسەرەکەی و هاورەگەزەکانی شانازی پێوەبکەن و هاندەری بن و پشتگیری لێبکەن.

شۆپنهاوەر و ژن

نووسین پرۆسەیەکە بۆ جوانکردنی جیهان و ئاشناکردنی هەموو مرۆڤێك بە ئەو لایەنە شاراوانەی بوون و ژیان کە پەییان پێنەبراوە و چاوی نووسەر دەرکی بەو لایەنانە بردووە، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم حەز دەکەم ئەم وتەیەی نووسەری بەناوبانگی جیهانی (ساموائیل جۆنسۆن) بهێنمەوە کە دەڵێت؛ ئەرکی نووسەر و شاعیر جوانترکردنی دنیایە لەوەی کە هەیە. بێگومان جوانکردنی دنیا لە رێی بیروبۆچووی ژیاندۆستی و تەبایی و قبوڵکردنی جیاوازیەکانەوە دەبێت، ئەو جیاوازیانەی کە ژیان بەهەمەرەنگی دەهێڵنەوە و لەیەکرەنگی و تاك رەهەندی قوتاری دەکەن. کەمنین ئەو نوسەرانەی لە پێناوی ئەم لایەنەی ژیاندا هەموو تەمەنی خۆیان بە نووسین بەخشی و ئێستا وەکو پەیامبەری ژیاندۆستی ناو دەبرێن بوونەتە خاوەنی پێگەو پلەی تایبەت لە مێژووی نەتەوەکەی خۆیان و جیهاندا، بەڵام کەمیش نین ئەو نوسەرانەیروانینێکی پوچگەرایانەیان بۆ ژیان و هەموو

بووەکانی تری کۆمەڵگە و لە نێو هەموو نوسینەکانیدا روانینێکی پوچگەراییانەی هەیە،کە ئەمانیش لە نێو وڵاتی خۆیان و جیهانیشدا بە رەشبین و پوچگەرا ناسراون، واتە تەنها دیووە تاریکەکەی ژیان و هەموو بووەکانیتر دەبینن، ئەوەی من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم روانینی فەیلەسوفی پوچگەرایی (شۆپنهاوەر)ە بۆ ژن و تەفسیرکردنی ژن لە ژیانی پیاودا.

دیارە نوسەرێك کە بنەماکانی بیری خۆی لەسەر پوچگەرایی دانابێ، روانینی بۆ (ژن)یش روانینێکی ئەکتیف نابێت، بۆیە ئاساییە ئەگەر روانینی یەکێکی وەکو شۆپنهاوەرلەمەڕ ژن ئەکتیف نەبێت،چونکە شۆپنهاوەر لەمەڕ یەکسانی ژن و پیاو دەڵێت؛ ژن بوونەوەرێکی ناتەواوە و شایانی هیچ پەروەردە و فێرکردنێك نییە. ئەم بۆچوونە رەتکردنەوەیەکی تەواوەتی رەگەزی بەرامبەر و سوك سەیرکردنێکی زۆری تێدایە بۆ ئەو رەگەزەی بێ ئەو ژیان بەردەوام نابێت و هیچ مانایەك بەردەوامیەك و نامێنێتەوە هاوکێشەی ژیان هاوسەنگ نابێت، لێرەدا تێدەگەین کە ئەم نوسەرە هەرگیز ژنی لە ئاستی پیاودا نەبینیووە، بەڵکو بە بوونەوەرێکی پلە دووی داناوە. هەروەها لە شوێنێکیتردا

دەڵێت؛ ژن رەگەزێکی بێ هونەرە و جێی باوەڕنییە. بێگومان ئەم رایە لەو بۆچوونە پوچگەراییانەوە سەچاوەی گرتووە سەتاپای بیر و نووسینی ئەم نووسەرە گرتبووەوە و رەنگە هەرئەم بۆچوونانەشی بووبێتە سەرچاوەی کاریگەرییەکی زۆرلەسەر روانین و دنیابینی گەورەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (نیچە)کە ئەویش بۆچوونێکی لەم باشتری لەمەڕ ژن نەبوو. لە لایەکیترەوە ئەگەر وردتر رۆبچینە ناوبیری ئەم فەیلەسووفەوە درك بەوە دەکەین کە ترسێکی زۆری بەرامبەر بە ژن هەبووە ئەو ترسەش وایکرردووە بڵێت؛ ژن بۆ زنجیرکردنی پیاو درووست کراوە. رەنگە سەرچاوەی ئەم ترسە لە کێشەیەکی تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتبێ ، یان کاریگەرییەکی راستەوخۆی ژینگەو دەورووبەرە و پێموایە ئەم رایەی دوایی سەرچاوەی هەموو بۆچوونە نێگەتیڤەکانیەتی لەسەر ژن.

دواجار دەمەوێ ئاماژە بەقسەکی ناپلیۆن بکەم کە دەڵێت ؛ داگیر کردنی وڵاتێکیگەورە ئاسانترە لە دڵی بچووکی ژنێك ، لێرەوە دەگەینە ئەورایەی شۆپنهاوەریش وەکو ناپلیۆن رەنگە لە هەموو تەمەنیدا نەیتوانیبێ دڵی

ژنێك داگیر بکات و جێی خۆی تێدا بکاتەوە، بۆیە هەمیشە بە چاوێلکەیەکی رەش لە ژن و ژیانی روانیوە.

مایسی ٢٠٠٥

ماركیز و ژن

"ژن هێزی راستەقینەی سروشتە"

"ماركیز"

ئەگەر سەیری سەرجەم بەرهەمی نوسەرانی دنیا بکەین و زیاتر رۆبچینە نێو ژیانی تایبەتیانەوە دەبینین ژن رۆڵێکی بەرچاو و دیاری لە ژیانی نوسەراندا هەبووە، هەر ئەم رۆڵەش بۆتە هۆی رەنگدانەوە لە بەرهەمی نوسەراندا. بێگومان هەموو نوسەران وەکو یەك لە ژنیان نەڕوانیوە و هەریەکەیان خاوەنی تێڕوانینی جیاواز بووە لەمەڕ ژن، هەندێکیان رای زۆر نێگەتیڤیان هەیە لەسەر بوونی ژن لە گەردووندا و دواتر لە ژیانی پیاودا، بەڵام کەمیش نین ئەو نوسەرانەی رای پۆزەتیڤیان هەیە لەسەر ژن و لە دیدێکی ژیاندۆستیەوە روانیویانەتە پێکهاتەی عەقڵی و سروشتی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی ژن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا، یەکێك لەو نوسەرانەی زۆر

پۆزەتیڤانە لە ژنی روانیوە و زۆرێك لە بەرهەمەکانی خستۆتە خزمەتی دۆزی ژنەوە (گابریل گارسیا ماركیز)ە.

ماركیز لەزۆربەی نوسین و رۆمانەکانیدا بەرگریەکی زۆر لە ژن دەکات و ئەو بەچاوێکی پڕ لە میهرەبانیەوە لە ژن دەڕوانێت، ئەگەر بڕوانینە ژیانی خێزانی ئەم نوسەرە دەبینین لە سەرەتای منداڵیدا چەند ساڵێك لای نەنك و باپیری ژیاوە و دواتریش کە گەڕاوەتەوە بۆ خێزانەکەی لە کەش و هەوایەکی پڕ لە سۆزو میهرەبانیدا بەخێوکراوەو پاشانیش کە خێزانی لەگەڵ(مارسیدس) پێکهێنا ئەوەندەی تر دەرگای میهرەبانی ژنی بۆ کرایەوە، ئەمانە یەکەمین کاریگەرین لەسەر بیری ئەم نوسەرە لەمەڕ ژن و روانینێکی پۆزەتیڤانە بۆ مافەکانی مێینە.

ماركیز لە رۆمانی (پایزی باوکسالاریدا) باس لە پیاوانی زۆردار دەکات کە هەم زۆردارن بەسەر کۆمەڵگەوە بەگشتی و هەم زۆرداریشن بەسەر ژنەوەو هەوڵی فەرزکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەدەن بەسەر مێینەدا.پەتریارکی ماركیز، کە وەکو پێکهاتەیەکی هەموو دیکتاتۆرەکانی ئەمریکای لاتینی تەماشا دەکرێت، لە بنەڕەتدا بریتییە لە کەسایەتییەکی خەمبار کە سۆزی ئەوانی دی دەوروژێنێت، دەشێت مرۆڤ بخوازێت کە وێنەیەکی قێزەونترو ناشیرین

تری بە دیکتاتۆر ڕەواببینیایە، بەڵام تاکە چەکی نوسەر کەبەڕووی ستەمکاری ناو ڕۆمانەکەیدا بەرزی دەکاتەوە، بریتی‌یە لەگەمەو گاڵتەجاڕی، هەروەها خەیاڵی زیادەڕۆی و نامۆگەرایی سەیرو سەمەرەیی کەسایەتی دیکتاتۆر کەدەیکات بەکەسایەتیەکی کاریکاتۆری و زۆردارێکی زەلیل و دیکتاتۆرێکی نەشارەزا، هەروەها چیرۆکی"پرسەی دایە گەورە" چیرۆکێکی نائاساییە و پڕیەتی لە چیرۆکی سەیر و سەمەرە و نائاسایی و خەیاڵی. چیرۆکبێژ بەشێوەی ئەو فرۆشیارانەی لە بازاڕدا هاوار دەکەن، بەم شێوەیە چیرۆکەکە دەکاتەوە: " ئەی هەموو ئەو کەسانەی باوەڕ ناکەن، ئەمە حیکایەتی راستەقینەی دایکی گەورەیە، حاکم و دەسەڵاتداری رەهای مەملەکەتی ماکۆندۆ، لەپێناوی دەسەڵاتەکەیدا نەوەد و دوو ساڵ ژیا، لە یەکێ لە رۆژەکانی سێشەممەی ئەیلەلی رابردودا، لەو پەڕی پاکیزەییدا گیانی سپارد و پاپاش لە پرسەکەیدا ئامادەبوو". لەوە دەچێ ئەم پاکیزە دیکتاتۆر و خاوەن دەسەڵات و خورافییە ئەنتەرناتیقی. پەتریاکی مارکیز بێت لە رۆمانی "پاییزی پاتریارک" ١٩٧٥.

لەلایەکی ترەوە لە رۆمانی (یادەوەری سۆزانیە خەمبارەکانم)دا مارکیز لەم رۆمانە نوێیەیدا رەخنە

کۆمەڵگای نێرایەتی دەگرێ لە میانەی تیشك خستنە سەر ئەو ژنانەی لەخانەی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەژین وەکو سۆزانیەکان و کارەکەرەکان، بەڵام مارکیز لە پەراوێزی ژیانەوە هەڵیان دەگرێ و دەیانخاتە ناو مەتنی گێڕانەوەکە هەر وەکو ئەوەی لەو کۆت و پێوەندە جۆرا و جۆرانە رزگاریان بکات بەرەو فەزای ئازادی لەسەر لاپەڕەکانی رۆمانەکە. ئەو لایەنگیریەی مارکیز بۆ ژنە چەوساوەکان هەیەتی رەگەکەی بۆ ساڵانی دووری سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە لە یادەوەریەکانیدا (ژیان لە پێناو گێڕانەوەدا) دان بەوەدا دەنێ کە لە جەوهەری شێوازی ژیان و بیرکردنەوەیدا قەرزارباری ژنانی خێزانەکەی و ئەو ژنە کارەکەرانەیە کە لە منالێیدا خزمەتیان کردووە. ئەو ژنانەی کەسێتیەکی بەهێز و دڵێکی فراوانیان هەبووە و بەشێوەیەکی خۆڕسکانەی بەهەشتێکی سەرزەوی رەفتاریان لەگەڵدا دەکردم. لە دیدارێکدا لە مارکیز دەپرسن؛ لەرۆمانە هەرە دیارەکانتدا (سەد ساڵ تەنیایی) و (پاییزی باوکسالار) بەشێوەیەکی زۆر جیاواز مامەڵەت لەگەڵ کارەکتەری ژندا کردووە. لە یەکەمیاندا جیهانی مێینە زۆر بەهێزە، ژنان لەوێدا بە ئاشکرا تایبەتمەندی زیاتریان لە پیاوەکانی هەیە، هەمووشیان بە یەك ناو

ناویان دەبرێن "خوزێە ئەرکاردیو بویفیدیا" بەڵام لەلایەکی ترەوە لە (پاییزی باوکسالار)دا ژنان تەنها لەڕێی پەیوەندیان بە پیاوەوە بوونیان هەیە. ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە. ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت؛ ژن تارادەیەکی زۆر جێی بایەخی منن. کارەکتەری ناونیشان لە (پاییزی باوکسالاردا) رەهایە و نایەوێت پشت بەکەس ببەستێت، بەڵکو داوا لە هەموان دەکات کە خودایشیان لەگەڵدا بێت پشت بەو ببەستن. لەگەڵ ئەمەیشدا کە لەپاتریاکدا دوو نوختەی لاوازی گەورە هەیە، هەردوکیان پەیوەندیان بە ژنەوەیە، ژنان وایان لێکردبوو خەریك بوو سەری خۆی لەدەست بدات، بۆیە لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو وای دەزانی نوێنەری بەرجەستەی هێزێکی رەهایە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەو دوو ژنەی لە رۆمانەکەدا کەسایەتی سەرەکین، وایان لێکردبوو هاوسەنگی نەهێڵن. بەلای مارکیزەوە (ژن هێزی راستەقینەی سروشتە) هەروەها دواتر دەڵێت؛ هەوڵ دەدەم ئەمە لە چیرۆك و رۆمانەکانمدا بەرجەستە بکەم، لە بەرهەمەکانمدا وا دەردەکەوێ کە ژن دنیای لەناو دەستایە، بەڵام پیاو گەمژانە رەفتار دەکات ئەمە بیر و رای راستەقینەی منە.

هەروەها مارکیز لە چاوپێکەوتنێکیتردا دەڵێت؛ من لە هاوڕێیەتیا جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو ناکەم، بەڵام لەگەڵ ئافرەتدا بەختیارترم. هەر لە چاوپێکەوتنێکی تردا مارکیز لەوە ئەدوێ کە هەر لە منداڵییەوە ئافرەت کاری گەورەی لەسەر ژیانی بووە و دەوری ئەوەی هەبووە کە لە گەورترین تەنگ و چەڵەمە رزگاری بکات تا ئەوەی وەك بۆچونێکی میسالیانە بڕوای بەوە بێت کە تا لەگەڵ ئافرەتا بێت گیروگرفت نەیەتە رێگای و هەست بە دڵنیایی بکات ئەگەر ئەو دڵنیاییە نەبوایە نەیئەتوانی نیوەی ئەو کارە چاکانەی بکات کە بەرهەمی هێناون، بەتایبەت لە بواری نوسیندا.

مارکیز لە رۆمانەکانیدا و بەتایبەت لە (سەد ساڵ تەنیایی)دا بێئەوەی مەبەستی بوبێت یا دەستی ئەنقەستی تیابێت هەمیشە دەوری پارێزگاریکردنی رژێمی کۆمەڵایەتی داوەتە دەست ژن و پیاویشی لا ئاژاوەچی و هەرزەکار و سەرەڕۆ بووە. کە رەخنەگرەکان ئەم دیاردەیەیان دۆزیوەتەوە و مارکیز پێی قایل بووە و وا پاساوی ئەدات کە (هەر لە منداڵییەوە بەهۆی ئەو چیرۆکانەوە کە بۆیان گێڕاوەتەوە و باسی شەڕی ئەهلیان کردووە ئەم هەستەی لا دروست بووەکە لە ئافرەتدا

هێزێکی گەورە هەیە بەرامبەر ترس و کارەساتە گەورەکانی رائەگرێ، بۆئەوەی بەردەوام بێ لەسەر نەوە خستنەوە و پاراستنی نەژادی مرۆڤ، لەکاتێکدا پیاوان ئەچوون بۆ جەنگ و چەکەکانیان بە شانەوە بوو و نەیان ئەزانی بۆکوێ ئەچن و چیان بەسەردێ ژنەکانیان تەنیا ئەمان و نەوەی تازەیان بۆ جێگای ئەوان دەخستەوە. وەك ئەو ئافرەتە یۆنانیانەی لەکاتی بەڕێکردنی مێردەکانیاندا بۆ شەڕ پێیان ئەوتن: " کە گەڕانەوە لەژێر رەخت و مەتاڵی شەڕەکانتانا بن، یان بەسەریانەوە هەڵیگرابن، زیندوو یا مردوو، بەڵام نەکەن بە بەزیو و شکست خواردووی بگەڕێنەوە") هەروەها مارکیز لە ژیانی هاوسەرێتیشدا یەکێك بووە لە بەختەوەرترین ئەو پیاوانە و لەو بارەیەوە دەڵێت: تا ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەمدا هیچ ناکۆکیەك نەکەوتۆتە نێوانمانەوە و ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش زەواج چۆنمان لە شتەکان روانیوە ئێستاش وایە.

مارکیز یەکێکە لە ژیاندۆستترین نوسەرانی ئەمڕۆی دنیا و بە وردبوونەوە لە هەموو بەرهەمەکانی ئەم راستیە دەبینرێت، هەروەها هەرگیز لە هیچ بەرهەمێکدا دێڕێکی دژی ژن نەنوسیووە، بەڵکو هەموو بەرهەمەکانی خستۆتە

خزمەتی بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان و داکۆکیکردن بۆ دەستەبەرکردنیان، هەر ئەمەش مارکیزی بە ئەدەبێکی زیندوو هێشتۆتەوە تا بەرهەمەکانی لەسەر ئاستی جیهاندا ناسرا.

حوزەیرانی ٢٠٠٥

قسەیەك لەمەڕ پرۆسەی هاوسەرگیری

هاوسەرگرتن یەکێکە لەو پرۆسانەی کە لاوانی ئەمڕۆ تاڕادەیەکی زۆر لێی سڵەمیونەتەوە زۆر لە لاوان هەرخۆشیانی لێدەدزنەوە، بێگومان ئەمەش لەبەر تەنها هۆیەك نیە، بەڵکو لەبەر کۆمەڵێ هۆی یەك لە دوای یەکە وەکو کەمدەرامەتی زۆرێکی لاوان هەروەها نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون و نائاسوودەیی دەروونی لاوان ... هتد، بێگومان هەر ئەمەش وای کردووە قەیرە بوونی کچان روو لە زیاد بوون بکات، بەڵام بەدەر لەمانە پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کەی لاوان بڕیار لەسەر هاوسەرگرتن دەدەن، کەمن پێموایە ئەمە کاریگەری باشی لەسەر ئایندەی ژیانی ئەو لاوە دەبێت، هەندێ لە دەروونناسەکان دەڵێن، تەمەنی(١٨) ساڵی شیاوە(واتەپاش باڵق بوون)، چونکە کەسێتی لاو لە رووی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادە دەبێت، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە کە پاش(٢٢) ساڵ گونجاوە، بە

دەلیلی ئەوەی زۆرێك لە لاوان تا ئەو تەمەنە لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە کامڵ نابن. ئەم ڕایانە هەموویان گونجاو و لەجێی خۆیاندان، وەلێ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای تۆلستۆی کە لە رۆمانی(شەڕ و ئاشتیدا) دەڵێ؛ ژن مەهێنە تا دڵنیا نەبیت لەوەی ناتوانیت نەهێنیت!مەیهێنە تا تەمی ئارەزووکردنی ئەو ژنەی شەیدایی کردبیت، حەقیقەتی ژنە نەبینیت، تا دەتوانیت درەنگ ژن بهێنە!...

ئەم قسانەی تۆلستۆی هەمووی لە جێی خۆیدایەتی و مرۆڤ کاتێك بیر لە پێکهێنانی هاوسەر دەکاتەوە تەنها بە شەیدایی رووخسار و رووکەشی کەسی بەرامبەر نەبێت، چونکە زۆرجار رووخسار پێچەوانەی ناوەڕۆکە و مرۆڤەکانی ئەمڕۆ سەدان دەمامکیان لە رووی خۆیان داوە، بۆیە دەکرێ کاتێك لاوێك بیر لە هاوسەرگرتن دەکاتەوە، دەبێ زۆر وشیارانە بیر بکاتەوە و بزانێ ئەو کەسەی کە دەیکاتە هاوسەری چۆنە و کێیە و تا چەند گونجاوە لەگەڵ ژیان و بیروبۆچون و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.

دواجار دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە سەرەکیترین کێشە لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا گرفتی نیشتەجێ بوونە،

کە تا هەنووکەش چارەسەر نەکراوە، بەڵام دەکرێ حکومەتی هەرێم بیر لە رێگە چارەی گونجاو بکاتەوە بەکردنەوەی شوقە بۆ لاوانی تازە بەهاوسەربوو کەپێموایە ئەمە هەندێ لەگرفتەکان چارەسەر دەکات.

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤

بەشی سێیەم

ئیستاتیکای ژن

ئەم وتارانەی لەم بەشەدایە چەند سەرنجێکە لەسەر چەند بەرهەمێکی ژنانی نووسەر و ویستوومە لە رێی ئەم نووسینانەوە پەی بەو کارگەرییە سۆسیۆسایکۆلۆژیەکان لە نێو دەقدا بخەمە روو.

پشوویەك بۆ مردن

لە شیعرێکی شیرین.ك-دا

شیعر ئەو ژانرەیە کەزۆرترین راڤە هەڵدەگرێت و دەکرێت شیعرێك بەچەند جۆر لێکبدرێتەوە و لەهەمان کاتیشدا هەموویان راست بێت، هەمیشە شیعر جیا لەژانرەکانی تر نزیکتربووە لەخەمەکانی ئینسان و هەڵگری زۆرترین نیگەرانی و بێزاریەکانی دڵی مرۆڤ بووە، بۆیە کاتێك قسە لەسەر چرکە ساتێکی وروژانی دەروونی بکەین لای شاعیر، ئەوا ئێمە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو چرکە ساتە ئەدەین، چونکە شیعر شاعیرە لە شێوەی وشەدا، هەروەها دەمێکەیە وتراوە شیعر پێناسەیەکی نەگۆڕی نییە، پێناسەی شیعریش وەکو شیعر خۆی لە گۆڕاندایە. لێرەوە ئەرکی رەخنەگرو توێژەر گرانتر دەبێت هەربۆیە زۆرێك لەو نوسینانەی لەسەر شیعر دەنوسرێت

نەك پەییان بەئاماژەكانی ئەودیوی دەق نەبردووە، بەڵكو سایكۆلۆژیای شاعیریشیان فەرامۆشكردووە و تەنها لەسەر روخساری دەق قسەیان كردووە. كەواتە كاتێك باس لە شیعر دەكەین بێ ویستی خۆمان باسمان لەخودی شاعیریش كردووە ولەوێشەوە باسمان لەو كۆمەڵگەیە كردووە كە شاعیری تێدا گەورە بووە، واتە شاعیر پەیوەندیەكی راستەوخۆی بەكۆمەڵگەوە هەیە و بەردەوام ئازار و خەمەكانی لەكۆمەڵگەوە رێچكەی گرتووە ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەوقسەیەی(ئەلفرێد دۆمۆسە) كە دەڵێت؛ فرمێسكی شاعیر هەتوانی كۆمەڵگەیە. لێرەوە ئەركی شاعیر گرانتر دەبێت، چونكە بەپێی قسەكەی دۆمۆسە پەیامی شاعیر گەیاندنی ئەو شتانەیە كە دەبنە سارێژكەری برینی كۆمەڵگە. شیعر بۆ ئێستا و نەوەكانی تریش بۆشاییەكی گەورەو دورو درێژی لە ناو مەملەكەتی تێكشكاندنی گیانەكاندا داگیركردووە و داگیر دەكات. سۆزێكی بە گوڕو بەردەوامە هەر دەشمێنێ بۆ پڕكردنەوەی ویستی نەوەكان بۆ ئەوەی لە شنەبایەكی ئازادیبەخش و دوور لە سانسۆری هزرەكان گوزارشت لە خۆیان دەوروبەریان بكەن و تێكەڵاوی هەوای سازگاری زەمەنی دنیای نوێ و مۆدێرنە بن.

دەكرێت لەم سەرەتایەوە قسەیەك لەسەر شیعری(پشویەك یان..؟)ی خاتوو(شیرین.ك) بكەین و هەوڵی خوێندنەوەی چەند لایەنێكی بدەین.(شیرین.ك) یەكێكە لەو خاتوونە شاعیرانەی بەدەر لە شیعر سەرقاڵی چیرۆكنوسینیشە و كە ئەمەش بەرای من كاریگەرییەكی تایبەتی لەسەر شیعرەكانی ئەم خاتوونە داناوە و كاتێك شیعرێكی(شیرین.ك) دەخوێنیتەوە هەست بەو فەزای چیرۆكئامێزیە دەكەین، ئەگەرچی هەندێ جار چیرۆكەكان بچڕبچڕیش بن وەكو لەم شیعرە دا هەست پێدەكرێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم لەم شیعرەدا وێنەكانی ئەو چیرۆكە جیایە كە تاكۆتایی شیعرەكە هاوسەفەری خوێنەرن دەنا پەیامی ئەو چیرۆكەی لەپشت دەقە شیعریەكەوەیە پەیامی بێزارییە، بێزاریەك كەتەواوی كۆڵان و دەرگاو ماڵو هەموو شوێنێكی گرتۆتەوە بەدڵی نوسەریشەوە،ئەگەر هەرلەناونیشانی شیعرەكەوە بڕوانینە نێو ناوەرۆكی ئەم شیعرە دەبینین(پشویەك یان..؟) شاعیر لە ناونیشانەكەوە خوێنەر دەخاتە بەردەم پرسیارێك كە دەبێ پاش خوێندنەوەی دەقەكە خوێنەر وەڵامیبداتەوە ئەو پرسیارەش ئەوەیە ئایا ئەوەی لەكۆی ئەم دەقەدا لای خوێنەر دروست دەبێ پشووە، ئەگەر پشووە، پشووە

بۆچی؟ بۆ ژیان یان بۆ مردن، یان بۆ ئاوابوونی زەمەنی نیگەرانی، یان پشویەكی درێژە بۆ دیسان چاوەڕوانكردنی گۆدۆ. ئەمانەو دەیان یانی تر كە پاش خوێندنەوەی ئەم دەقە لای خوێنەر گەڵاڵە دەبێ، بۆیە لێرەوە فرە راڤەیی بۆ دەق دەستپێدەكات.

شاعیر سەرەتا دەڵێت؛

لەمڕۆوە
كەس بەم كۆڵانانا گوزەر ناكا
رەنگە ئەمیش پێویستی بەپشوو بێت.
رەنگە ئەمیش لەو هەموو
هەنگاوانەی شەو و رۆژ
بەسەریا هەڵدەنرێ
ماندووبێ.

بەسەرنجدانێكی ورد لەم چەند دێرە بۆمان دەردەكەوێت كات لەم شیعرە دا ئێستایەو (ئەمڕۆكەس بەم كۆڵانە گوزەرناكا)، واتە ئەم شیعرە چیرۆكی دوێنێیەكی بەسەرچوومان بۆ ناگێڕێتەوە و ئەمڕۆ كۆڵان و دەرگاو پەنجەرە هەست بەماندوو بوون دەكەن دەیانەوێ پشویەك بدەن، یان بڕۆكس وتەنی؛ شیعر بەرجەستەكردنی بیرۆكەیەكی پێشوەخت نییە و شیعر

شتێك بە خوێنەر ناگەیەنێت، بەڵكو خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت، واتە شیعر دەرككردنێكی هەنووكەییە بە بوون و پێشهاتەكانی ژیان، لێرەدا پەیامی ئەم شیعرە گێڕانەوەی بێزاریەكانی رابردوو و زەمەنی دوێنێ نییە، بەڵكو ئەمڕۆ دڵی شاعیرێك لەهەموو شتێك نیگەران دەبێت. بێگومان دەبێ ئەوەبزانین ئەوەی نیگەرانی و بێزاری دروست دەكات ژینگە و كۆمەڵگەیەو ئەو دوانە بەركەوتنی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هەست و نەستی مرۆڤدا، كاتێكیش شاعیرێك نیگەران دەبێت ئەوا كۆمەڵگایەك بەرەونیگەرانی پەلكێشی دەكات و نایەڵێت لەگەڵ خەیاڵەكاندا لەئاسماندا لەشەقەی باڵ بدا، چونكە هەمیشە دووبارە بوونەوەی رۆژە لەیەك چووەكانی ژیانی مرۆڤ بەرەونیگەرانی و بێزاری دەبەن تادەگاتە رادەی مەرگدۆستی وەكو چۆن لای هەژار دەگاتە ئەوەی بڵێ؛(ئەی مردن لەكوێی ژیان كوشتمی).

ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندی نێوان چیرۆك و شیعر، ساڵانێكە زۆرێك لە نوسەرانی دنیا ئەوە دەڵێن كە سنور لەنێوان ژانرە ئەدەبیەكاندا نەماوە و تا رادەیەكی زۆر تێكەڵی كەوتووەتە نێوان هەموو ژانرەكانەوە و گرنگ نییە چۆن دەنوسی؟ بەڵكو گرنگە

چی دەنوسی؟ بەڵام لای خوێنەری کورد هێشتا ئەم تێکشکاندنی سنوربەندییە شتێکی نوێیە و راستە چەند هەوڵێك دراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە لەنێو خوێنەردا نەچەسپیون. خاڵی نزیکی نێوان چیرۆك و شیعر "زمان"ە دەتوانێت بەو زمانەی چیرۆکێ دەنوسرێ بەهەمان زمانیش شیعر بنوسرێ، لەهەر چیرۆکێکدا ئەبێت شتێك ون بێت، یان ئامادە نەبێت بۆئەوەی لەدواییدا ئاشکرا بێت ئەگەر هەرشتێك لە شوێنی خۆیدا بێت ئەوا چیرۆکێك نامێنێتەوە بۆئەوەی بوترێ، ئەم ونبوونە ئازاراوییە لەهەمان کاتدا کاریگەرە و ئەو ئارەزووە ئەوروژێنێت کەناتوانین هەمانبێت، ئەمەش یەکێکە لە سەرچاوەکانی رازیکردنی چیرۆك ئەگەر هاتوو هەرگیز نەمانتوانی شتە ونبووەکان بەدەستبهێنین ئەوکاتە هەڵچونەکانمان تەحەمول ناکرێت و ئەبێت بە بێزاری؛ بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین لە ئەنجامدا ئەو شتە هەر بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە. لەم شیعرەشدا شتێك ونبووە کە ئەمەش خاڵێکی تری پەیوەندی نێوان چیرۆکبوونی ئەم شیعرەیە، ئەو شتەش کە ونبووە پشویەکە بۆ...؟ شاعیر خوێنەر سەرپشك دەکات چۆن و لە چیدا و بۆچی پشوو دەدات واتە دەبێت خوێنەر ئەو ونبوونە بدۆزێتەوە.

بێزاری پەنجەرەیەکی ترە لەو بەکارهاتوانەی شاعیر بەهاوسەفەری خۆی دەزانێ .پەنجەرە رەمزێکە بۆ هاتنە ژوورەوەی تیشکەکانی ژیان بۆ ناو شوێنێکی تاریك، یان شوێنی روانینی کەسانی ناکام و دیل کراو بۆ دەرەوەی تاریکی پاش پانتاییەکانی ژیان، ئەگەر پەنجەرە نەبێت چیتر مرۆڤ روانینی بگرێتە کوێ؟ بەڵام بێزاربوونی پەنجەرە لەو هەموو روانین و تەماشا و سەیرکردنە بێشومارە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە هیچ کام لەو روانین و سەیرکردنانە سەیرکردنێکی ئارامبەخش و پڕ ئاسودەگی نین، چونکە وەکو پێشتریش وتم؛ ژیان لە دووبارەبوونەوەدایە ودەبێ مرۆڤ دنیا بەجۆرێکی تر ببینێ، واتە سوهراب وتەنی؛ چاوەکانت بشۆ و دنیا بە جۆرێکی تر ببینە. دواتر شاعیر دەڵێت؛

لەمڕۆش بە دواوە
کەس، هیچ کەس پەی بەڕێی دڵم ناباو
کەسێ دەرگاکەی نادۆزێتەوە
کەس کەسیش لە پەنجەرەیەکەی
ناڕوانێ و سەیری ناکا
رەنگە دڵیشم پێویستی
پشوویەك بێت.

شاعیر لەم چەند دێرەدا ئەو نیگەرانی و ناکامیەی بە یەکجاری دەخاتە روو تا پشوویەك بدات و بەلاّم پرسیارەکە لێرەدا پشوو بۆچی دەدات؛ مرۆڤ تا ماندوونەبێت پشوو نادات ئایا دەیەوێت پشوویەك بدات بۆ پێشوازیکردن لە مەرگ، یان بۆ چیتر ... لێرەدا هەست بەمەرگدۆستی دەکەین لەم دەقەدا . مەرگ بەمانای باوەکەی نا، بەلّکو بە مانا فەلسەفیەکەی ، واتە مەرگی روانین و بیر و پرسیاری مرۆڤ لە دەوروبەرو ژیان . یان ئەگەر کۆجیتۆکەی دیکارت بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستم بەکار بهێنم (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) واتە مرۆڤ رەنگە بە جەستە زیندووبێت، بەلاّم بیر و ئەندێشەی مردووە ، یان بە پێچەوانەوە بە جەستە مردوو بە رۆح و هزر لەگەلّ ئێمەن، یان ئەو مردنەیە کە هەموو مرۆڤێك لە رێیدایە، وەکو سوقرات دەلّێت؛ کە مرۆڤێك لە ئومێد و خەیالّ دابڕا، لە مردوویەك زیاتر هیچی تر نییە.

بۆیە لێرەدا دەمەوێ ئەوە بلّێم قسەکردنی شاعیر لەسەر(تەواو تەواو بێزار بوون) واتە وەستانی بیرکردنەوە کە من مەرگی بیر کردنەوەی ناودەنێم، بەلاّم رەگوڕیشەی ئەم مەرگدۆستیە لای شاعیر تازە نییە، بەلّکو ئەو لە

دیوانی (کەنارەکانی خەون-١٩٩٩) دا و لە شیعری "یاد" دەنوسێت؛

منی مرۆڤ، هەزارەها دەقەو سەعات
لە پڕێکدا
وەڕس دەبم
لەهەناسەیەکم یاخی دەبم
بەندی دەکەم...دەمرم.

دواجار دەکرێت بلّێین ئەو پرسیارانەی ئەم شیعرە خستیەڕوو پرسیار بوون لە جەوهەری ژیان و ئەو چرکەساتانەی مرۆڤ نغرۆی خەم و نیگەرانییە، یان دەتوانین بلّێین هەولّێکە بۆ نووسینەوەی رۆژمێری ژنێکی تەنیا ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەی شاعیر لەدوا دێڕدا تەئکید لەسەر بێزاری دەکاتەوە، بەلاّم ئومێدێك لە پشت دەقەوە ماوە لێرەدا مەرگ دێت، بەلاّم پاش ئەو مەرگە ژیانەوە هەیە. . لە دواجاریشدا شاعیر لە پلەدا جیاوازە و لە هەمان جۆری مرۆڤیترنیین، شاعیر هەستیارییەکی ئێجگار زیندووی هەیە زۆر حەماسی و سۆزدارە و زانیارییەکی چڕی هەیە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە گیانێکی مەودا فراوانی تێگەیشتنی هەیە لە چاو هاوەلّە مرۆکانیدا

هەروەها بەدیهێنانەوەی تاقیکردنەوەکانی پێشتر دەتوانێت بیجولێنێت لە شیعردا.

دەمەوێ بە وتەیەکی باختین کۆتایی بەم نوسینە بهێنم کە دەڵێت؛ ئەگەر دەقێك لەئارادا نەبێت ئیتر بیر لە چی بکەینەوە و باسی چی بکەین؟ کەواتە دەق ئەو بابەتەیە کە خوێنەر دێنێتە قسە و لەسەر وەستان، ئەم نوسینەش رامانێکی کورتە لەسەر ئەم شیعرە و کە دەقەکە خۆی سەلماند تا بێتە بوون.

حوزەیرانی ٢٠٠٥

* "پشوویەك یان"شیعری (شیرین.ك) ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (٤٣٦) رۆژی (٢٠٠٥/٥/١٢).

گەڕان بەدوای شوناسدا

لای ئاویزان نوری

قسەکردن لەسەر شیعر وەکو هیچ قسەکردنێکی تر نىیە لەسەر ژانرە ئەدەبیەکان، هەرچی چیرۆك و رۆمانە هێڵێکی ستونی یان شاولی هەیە کە خوێنەر، یان رەخنەگر دەتوانێ کارێکی لەسەر بکات و بە زۆرێك لە لایەنە پەنهانیەکانی ئاشنا بێت، بەڵام لە شیعردا تەمومژێکی زۆرتر دێتە رێی خوێنەر، ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە شیعر زیاتر رۆحێکی ئیستاتیکی تێدا زاڵە و جوانییەکی سیحر ئامێزی پێبەخشیوە، بەمانایەکی تر شیعر دەرککردنێکی ئێستایانەی تێدایە بۆ ژیان کە وادەکات خوێنەر لەگەڵ خۆیدا تا دوا دێڕەکان پەلکێش بکات و بەرەو خەیاڵێکی سۆزئامێزانەی ببات، بێگومان من قسەم لەسەر ئەو شیعرانەیە کە هەڵگری

بەهاكانی شیعریەتن و پڕن لە ئیستاتیكا و فەنتازیا و پرسیار وروژێنەرن بۆیە كاتێك دێین و دەمانەوێ قسە لەسەر شیعر بكەین دەبێ وشیارانە مامەڵە لەگەڵ شیعر بكەین بە چاوێكی جیا لە ژانرە ئەدەبیەكانیتر لێی بڕوانین و خەیاڵمان لەئاست دەربڕینەكانی شیعردا زۆر فراوانتر بێت.

دەكرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر دیوانە شیعرێكی(ئاوێزان نوری) بكەین لەژێر ناونیشانی(پیاسەیەك بە كوچەكانی قەدەردا)، ئاوێزان یەكێكە لەو شاعیرانەی لەدوای رزگاركردنی كەركوكەوە من وەكو شاعیرێكی ژن ئاشنای بەرهەمەكانی بووم و لە زۆرێك لە بڵاوكراوەكانی كوردستاندا شیعرەكانی بڵاوكردۆتەوە و ئەم شیعرانەش ئەگەرچی زۆرێكیان بەرواری نوسینیان پێوە نیە، بەڵام پێموایە زۆرێكیان پاش رزگاركردنی كەركوك نوسرابن. لەم نوسینەدا هەوڵدەدەم خوێندنەوەیەكی گشتی بۆ چەند دەقێكی نێو ئەم دیوانە بكەم.

شاعیر لەیەكەم شیعرەوە دەیەوێت شوناسی خۆی بۆ خوێنەر بخاتە روو، ئەو شوناسەی كە خۆی وەكو مێینە خاوەنی نەبووە و ئەوانی تر بڕیاردەری هەست و

نەستەكانیەتی(مەبەستم لە ئەوانی تر خێزان و كۆمەڵگەیە) بێگومان لە كۆمەڵگەی ئێمەدا كە كۆمەڵگەیەكی باوكسالاری نائازادە هەمیشە خێزان و كۆمەڵگە شوناسی مێینە دیاری دەكەن و ئەوان بڕیار لەسەر هەموو چالاكی و جموجۆڵە جۆرا و جۆرەكانی رەگەزی مێینە دەدەن شاعیر دەنوسێت؛

ئەو كەسەی بە وشكی تەڕیان كردوو بە تاوان شوشتیانەوە

ئەوە من بووم

ئەوكەسەی پێناسەی عومری دیار نەكراو..

ئەلبومی ئۆقرەیان سوتاند

ئەوە من بووم

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە هەمیشە بڕیارەكانی ژیان بەدەست خودی شاعیر نەبوون لەژیانیدا(كەدەڵێم خودی شاعیر مەبەستم رەگەزی مێینەیە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، چونكە من شاعیر وەك نوێنەری دەنگی مێینە دەبینم) دواتر كە شاعیر باس لە ونبوونی پێناسەی عومری دەكات، ئەوە بە تەنیا ونبوونی تەمەنی ئەو نیە، ئەوە ونبوونی عومری سەدان كیژی كوردە كە بەدەست

خێزان و کۆمەڵگە و پێشتریش بەدەستی بەعس ونبوون تالەکۆتاییدا دەنوسێت:

بۆیە عومرم نغرۆ بووە و

مانەوەم بۆ هەڵوەرین دەسوتێ.

دواتر شاعیر دووبارە جەخت لەسەر نغرۆبوونی تەمەنی دەکات، کە پێموایە مەبەستی لە نغرۆبوونە لەو گێژاوەی کە کۆمەڵگەی ئێمە بۆ رەگەزی مێینە خوڵقاندوویەتی، هەروەها ئەو بوونەشی بە بوونێکی ئەکتیف نازانێ، چونکە پێیوایە بۆ هەڵوەرین دەسوتێ، هەڵوەرینیش سەفەرە بەرەو عەدەم، چونکە کچانی ئێمە لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری تەمەنیان لە گەورەیدا لە لێواری عەدەمدایە، بۆیە هەمیشە رەشبینن و ئایندە بە تاریکی دەبینن، ناچار دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ منداڵی و لەگەڵ خەونەکانی منداڵیدا پەرە بە ژیان بدات.

تەمەنی منداڵی ئەو تەمەنەیە کە مرۆڤ بناغەی کەسایەتی خۆی دادەنێت و لەوێوە بە جیهان و دەوروبەر ئاشنا دەبێت. لەلایەکی ترەوە پێموایە منداڵ ئازادترین بونەوەری سەرزەوییە، چونکە ئەوەی لە دڵیدایە و بەخەیاڵیدا دێت بێ سانسۆر دەری دەبڕێت، گەڕانەوە بۆ منداڵی خەونی شاعیرە و ئەو دەیەوێ هەمیشە لە

منداڵیدا ژیان بگوزەرێنێ، چونکە منداڵ دوورە لە چاوە بەگومانەکانی کۆمەڵگەی نەریتی و لە منداڵیدا کۆمەڵگە وەکو پەرییەك لەکچ دەڕوانن کە پڕیەتی لە بەرائەت وەکو خۆی دەڵێت:

لەیادمە کە منداڵ بووم، پەرییەك بووم، تاحەوت جەژن

شەم جورئەتی لێ دەڕژا لە هاتنەدنیام بە ڕووتی

تەمەن لە پەیژەکانی زەمەن سەرکەوت و..

شەمیش پڕبوو لە بەرائەت.

رەنگە ئەم گەڕانەوەیەی شاعیر بۆ منداڵی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە منداڵ ئازادترە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، چونکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئازادیەکانی منداڵ سنوردار دەکرێن، واتە دەتوانین بڵێین گەڕانەوە بۆ منداڵی، گەڕانەوەیە بۆ زەمەنی ئازادی.ئازادییەك کە لە مێینەکانی کۆمەڵگەی ئێمە زەوتکراوە.

دواتر شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا هەموو بەهاکانی ئازادی و منداڵی لێ ونبووە و ناتوانێ لە فیردەوسەکانی خودادا یاری بکات و مومارەسەی ژیان بکات، لەکۆتاییدا شاعیر دەڵێت:

ئەمێستا من

هەرخۆم تەنیا
تەنیا لەگەڵ سێبەرەکەم
سێبەرەکەشم ڕۆحی منە و ..
بەدیار شیوەنەکانی شەم هێدی..هێدی دەتوێتەوە.

تەنیایی ڕۆحی شاعیر دەکوژێ و بەرەو فەنابوونی دەبات، فەنابوونێك کە بەدیار فرمێسکەوە دەتوێتەوە. لێرەدا شیعر هەڵچوونی عەفەویانەی هەستە بەهێزەکانە و بنەمای خۆیلە سۆزێکی وەبیرهێنراوەی ساتەکانی هێورییەوە وەردەگرێت ئەو سۆزەی کە لێی رادەمێنرێت وەکو جۆرێك لە کاردانەوە وایە هێوری وردە وردە ون دەبێت و سۆزێك کە هەمان سروشتی ئەو هێورییەی هەیە دەردەکەوێت لە کاتێکدا کە هێشتا بوبێت بە بابەتی تێڕامان، ئەو سۆزە ئێستا لە کارێکی بەردەوامدا بەرهەمدەهێنرێت و لە راستیشدا لە مێشکدا خۆی فۆرمەلە دەکات. پاش خوێندنەوە سەرجەم تێکستەکانی ئەم دیوانە هەستێکی زۆری گومان و نائومێدی دەبینین کە ئەم گومان و نائومێدیانە بەدەرنین لەو نائومێدیانەی کچانی کورد و ئەم شیعرانە هەلگری خەمی نەوەیەکە کە لە دنیایەکە بێسنور و ئازاددا ئەوان کۆتی کۆمەلگە لەقاچیاندایە. لە دواجاریشدا شاعیر لە پلەدا جیاوازە و لە

هەمان جۆری مرۆڤیەترنیین، شاعیر هەستیارییەکی ئێجگار زیندووی هەیە زۆر حەماسی و سۆزدارە و زانیارییەك چڕی هەیە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە گیانێکی مەودا فراوانی تێگەیشتنی هەیە لە چاو هاوەڵە مرۆکانیدا هەروەها بەدیهێنانەوەی تاقیکردنەوەکانی پێشتر دەتوانێت بیجولێنێت لە شیعردا.

*نامیلکەی (پیاسەیەك بە کوچەکانی قەدەردا)، ئاویزان نوری- لەبلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوە-سالی(٢٠٠٥).

گومان و ونبوونی شوناس

له شیعری (کچێك به سادەیی ئەدوێ)

شیعر هەرچیەك بێت بەدەرنییە لە هەست و سۆزەکانی شاعیر و هەڵچوونی چرکەساتی شیعری. سۆزان بیرنار پێیوایە شیعر دوو جۆر حەقیقەت لە خۆدەگرێ، حەقیقەتێکی تایبەتی و سەربەخۆ و حەقیقەتێك کە پەیوەندی بە کەسێتی نووسەرەکەوە هەیە، لەوکاتەشدا کە کە حەقیقەتی شیعری دەبێتە کریستاڵبوونێکی شیعری و یەکەیەکی رێکخراو و ژیانەوەیەکی دووجایە بۆ ئەو شتەی کە لە ناخی نووسەرەکەیدا پەنگیخواردۆتەوە. منیش لەگەڵ هەمان رادام پێموایە شیعر ئەو ژانرەیە کە زۆرترین نهێنیەکانی ناخی مرۆڤی لە سینەیدا هەڵگرتووە و هیچ ژانرێکی ئەدەبی هێندەی شیعر بۆ مرۆڤ کاریگەر نەبووە و رێگەیەکی تارادەکیش ئاسان بووە و زۆر کەس

دەستیان پێیگەیشتووە کە ئەمە لە چیرۆك و رۆماندا بەدیناکرێت، چونکە ئەم دوو ژانرە ژانری سەردەمی شارستانی و نوخبەوین. لەلایەکی‌ترەوە دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە هەموو نوسینێك نابێتە دەق تا پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ خوێنەردا دروست نەکات، هەمیشە بڕیاردەر لەسەر بەدەقبوونی نوسینێك خوێنەر دەیدات و لێرەشەوە دەکرێیت بڵێین ئەگەرچی نوسین کارێکی فەردیە، بەڵام لەگەڵ بڵاوبونەوەی دەقدا لە کاری فەردانی دەردەچێت و دەبێتە کارێکی دەستە جەمعی، دەستە جەمعی بەو واتایەی چیدی نوسەر ناتوانێ راڤەیەك بەسەر خوێنەری دەقدا بسەپێنی، بەڵکو ئەوە خوێنەرە خوێندنەوە و راڤەی جیا جیا دەداتە دەق، بۆیە هەمیشە دەقە سەرکەوتووەکان، یان راستتر بڵێم ئەو نوسینانەی بوونەتە دەق زۆرترین راڤە هەڵدەگرن و خاوەنی فرە رەهەندترین مانان.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر شیعری (کچێك بە سادەیی ئەدوێ)ی (بەهار مەحمود)ی شاعیر بکەین، ئەم شیعرە یەکێك بووە لەو دەقانەی پاش خوێندنەوەی رایوەستاندم و پرسیاری جۆراوجۆری لەلاوروژاندم پرسیار لەمەڕ گومان و بێشوناسی کچی کورد و بیهودەیی و

..هتد یەكێك لە جوانیەكانی دەق وروژاندنی پرسیار لەبیری خوێنەردا، چونكە پێموایە هەموو دەقێك گەر زیندوو بێت (زیندوێتی بەو مانایەی هەڵگری بەهای دەقبوونە) دەبی پاش خوێندنەوەی پرسیار بوروژێنێت.

ئەگەر لە ناونیشانی ئەم شیعرە رابمێنین (كچێك بە سادەیی ئەدوێ) سەرەتا دەبی بزانین چی ئەم كچەی هێناوەتە دواندن، یان ئەو فەزایە چییە كە ئەم كچە هەوڵ دەدات تیایدا بدوێ؟ مرۆڤ بۆیە ئەدوێ تا گوزارشت لە بوونی خۆی بكات و پەیامێك بەگوێی ئەویتر (بەرامبەر) دا بدات، ئیتر رەنگە پەیامەكە پەیامێكی داواكاریانە بێت، یان پاڕانەوەیە، یان پرسیاركردنە لە ماهیەتی دیاردەیەك، یان...یان، ئەمە تەنها لە ناونیشاندا دەمانخاتە بەردەم چەند دید و تێڕوانینێكیتر.

ئەگەر بە وردی لە دەلالەت و ئاماژەكانی ئەم شیعرە بكۆڵینەوە دەبینین دوو چەمك زۆر باڵادەستن لەم شیعرەدا كە ئەوانیش چەمكی (گومان و شوناس)ن شاعیر لە سەرەتای شیعرەكەوە دەیەوێ بە شوناسێكی كچانەوە بدوێ و ناسنامەی كچێنی خۆی بنوسێتەوە و دەنوسێت؛

من كچێكم لە نووسینەوەی ئاو..

لە تێپەڕبوونی دەریا

دواتر شاعیر كە هەست بە ونبوونی كچێتی خۆی دەكات خۆی وەكو ژنێك دەناسێنێتەوە ئەمە بەڕای من حاڵەتێكی سایكۆلۆژی تایبەتی شاعیرە رەنگە لە بێئاگاییەوە ئەم دەقە هاتبێتە بوون، بەڵام ئەگەر لە ئاگایشدا بێت ئاساییە، چونكە هەمیشە لە كۆمەڵگە نەریتیەكانی وەكو كۆمەڵگەی كوردی و هاوشێوەكانی مێینە بێشوناسە زۆرجار لە تەمەنێكی كەمدا دەبیستین بە كچێك دەوترێت تۆ هێندەی ژنێك دەبیت، یان ئەگەر ئەو كچە مەیلێكی منداڵانەی هەبێت پێی دەڵێن؛ خۆ تۆ هێندەی ژنێكی كاری منداڵانە مەكە، بۆیە زۆرجار قۆناغێك لە تەمەنی مێینە لەم جۆرە كۆمەڵگایانەدا ون دەبێت لە منداڵیەوە بەرەو ژن بوون، شاعیر دەنوسێت؛

من ژنێكم حەرفەكانم گومانە و
دێڕەكانم سواو
گوێیەكانیش لە ئاستمدا
هیچ نابیستن

لێرەدا گوزارشت لەو حاڵەتە كراوە كە گوێ لە مێینە ناگیرێت و هەرچیش بڵێن گوێیەكانی ئەویتر لەئاستیدا هیچ نابیستێ، بێگومان لێرەدا مەبەستم لە (ئەویتر) لە

خێزان و کۆمەڵگە و هەتا هاوڕێ و خوشك و براشە، شاعیر بە درێژایی ئەم دەقە جەخت لەسەر ونبوونی شوناسی خۆی دەکات و گومان لە ژیان و لە هەموو دەورووبەری دەکات، هەتا دەتوانین بڵێین کە دەق لەنێو تەمی گوماندا نغرۆ بووە و ئەو تەمە هەموو دەقەکەی گرتۆتەوە هەتا گومان لە خودی خۆی دەکات و خۆیشی ناناسێتەوە، بەڵام دەبێ بپرسین چی وا لە مرۆڤ دەکات خۆی نەناسێتەوە، لە روانگەی سایکۆلۆژیەوە کاتێك مرۆڤێك خۆی هەست بە ئاڵۆزیەکی دەروونی زۆر بکات ئەو ساتانە هیچی لەبیر نامێنێت، ئەم لەبیر نەمانە سەرەتای ونبوونی خودە، شاعیر بەم شێوەیە گوزارشتی لێکردووە؛

هەرچی دەکەم کچێتیم ناناسمەوە
لە چ کۆڵۆنێکی یەئسا، جێمهێشتووە
ئای چەندە گومڕام لە ناسینەوەی خودی خۆم

پێشتر قسەمان لەسەر بوونی گومان و بێشوناسی و هەتا ونبوونی خودی شاعیریش کرد، بەڵام لەگەڵ وردبوونەوەی زیاتردا لە دەق بینین ئەم کاریگەریانە خۆکرد نین، بەڵکو ئەوە تارماییە ترسناکەکانی خێزان ئەم گومان و ترسەیان دروستکردووە و بوونەتە خۆرەی دڵی شاعیر و نەیتوانیوە

لەژێر ئەم تارماییەدا بێتە دەرەوە، بۆیە هەرخۆشی بە راشکاوانە دەڵێت؛

من ژنێکم پڕم لە منداڵی خۆم و
پڕم لە سەرکێشیەکانی باوکم و
پڕم لە ترسنۆکیەکانی دایکم.

لێرەشدا دیسان شاعیر باس لە کچێتی و تەمەنی کچێنی خۆی ناکات بۆیە من لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە شاعیر توانیویەتی گوزارشتێکی جوان لە ژیانی ئەو هەزاران کچە ئەنفالە بکات کە کچێنیان بە دەستی سەرانی عەرەب ونبوو و خۆیشیان نازانن چۆن و لەکوێ لە چ زیندانێکدا فەنا بوو، یان ئەو سەدان کچەی هەموو تەمەنی لاویان لە چوار دیواری ماڵەوەدا ونبووە. هەر لەو کۆپلەی سەرەوەدا شاعیر باس لە سەرکێشیەکانی باوکی و ترسنۆکیەکانی دایکی دەکات، ئەمەش گوزارشتە لەو حاڵەتە باوکسالاریەی نێو کۆمەڵگەی ئێمە و هاوشێوەکانی.

دەمەوێ دیسان بگەڕێمەوە بۆ ناونیشان کە شاعیر دەڵێت بە سادەیی دەدوێم هەر ئەمە لە کۆتایی شیعرەکەدا تەئکید دەکاتەوە. دەبێ سەرەتا بپرسین مرۆڤ بۆ بە سادەیی دەدوێ؟ هەموو دەزانین کاتێك مرۆڤێك دەیەوێ بە سادەیی بدوێ واتە دەیەوێ هەموو کەس، یان زۆرترین

کەس تێیبگات ئەمەش دیسان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کەس گوێ لە شاعیر ناگرێ بۆیە ناچار دەبێ زۆر بە سادەیی بدوێ تا ئەوەی لە ناخیدایە و دەیەوێ گوزارشتی لێبکات بە سادەیی بیدرکێنێ.

دواجار دەتوانین بڵێین شاعیران پتر لە خەڵکی ئاسایی، قوڵتر هەست بە دەور و بەری خۆیان دەکەن، هەربۆیەش خۆیان سەغڵەت دەکەن و هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك هەست و نەستی خۆیان دەربڕن کە هەموو کەسێك بۆی هەبێ بەشداریان بکات و تێیانبگات.

فروغی فەروغزاد جیا لەهەموو شاعیرەکانی تری دنیا بۆچونێکی جوانتر و جیاتری هەیە لەسەر شیعر و شاعیر بوون، ئەو پێی وایە شاعیر بوون جۆرێکە لە پارێزگاریکردن لە ژیان و خود و جەنگێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی مەرگ، لەم بارەیەوە دەڵێت؛من ناتوانم ئەوە روون بکەمەوە کە بۆچی شیعر دەنووسم. من وای بۆ دەچم هەموو ئەوانەی کە کاری هونەری دەکەن هۆکەی ، یان لانی کەم یەکێك لە هۆکان جۆرە پێداویستیەکینەستیانە (لاشعوریانە)یە بۆ رووبەڕوو بوونەوە و وەستانەوە دژ بە نەمان، ئەمانە مرۆڤگەلێکن کە ژیانیان زیاتر خۆشدەوێت و لێی تێدەگەن. دواتر لە

مەڕ شیعر دەڵێت؛ شیعر بۆ من وەکو هاوڕێیەکە کاتێك پێی دەگەم دەتوانم بە ئیسراحەتی خۆم دەردی دڵی خۆمی بۆ هەڵڕێژم، بەشەکەی ترمە کە کاملم دەکات، رازیم دەکات بێ ئەوەی ئازارم بدات. پێموایە لەم دەقەدا هەردوو حاڵەتەکە دەنگدانەوەی بەچاوی هەیە. شاعیر لە نائاگاییدا لە دەرگای زۆر باس و مەسەلەی هەستیاری کۆمەڵگەی کوردی داوە، ئەم شیعرە بەدەر لەوەی هەستێکی فەردانی شاعیرە، لە هەمانکاتدا کارکردنە لەسەر کۆمەڵگە و دەوروبەر و تیشکخستنە سەر ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگەی کوردی.

*کچێك بەسادەیی ئەدوێ، شیعری بەهار مەحمود، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (٤٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٥/٦/٣٠).

بەشی چوارەم

ژن و ژیان

ئەو وتارانەی لەم بەشەدایە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەیە کە لە رەوشی ئێستای ژیانی ژنی کورد دەدوێن و دەیانەوێت ژیانی ژنی کورد لەو چەقبەستووییە رزگار بکەن.

شەرەفنامە

هەوڵێك بۆ پێناسەكردنەوەی

چەمكە حەرامەكانی

كۆمەڵگەی كوردی

پاش راپەرین دۆزی ژنی كورد گۆڕانكارییەكی زۆری بەخۆیەوە بینی هەم لەڕووی چۆنایەتی و هەم لەڕووی چەندایەتیشەوە. بەر لە راپەڕین ژنی كورد خاوەنی رێكخراوێكی سەربەخۆ و تەنانەت یانەیەكی بەرگریكاریش نەبووە لە مافەكانی، بەڵام هەنووكە دەیان رێكخراوی حزبی و حكومی و سەربەخۆ بۆ داكۆكیكردن لە مافەكانی ژنان هاتونەتە بوون، هەروەها ژنان خاوەنی چەندین رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتن و لەوێوە رازەكانی خۆیان دەردەبڕن و لە زۆرێك لە رۆژنامە حزبی و حكومیيەكاندا خاوەنی لاپەڕەی تایبەت و تەوەرەی تایبەت بە ژنان و ئەمەش گرنگییەكی تری بەرەو پێش چوونی دۆزی ژنی كوردە، هەر پاش راپەڕین سەدان ژن هاتنە زۆرێك لە كایەكانی تری ژیانەوە و شان بە شانی رەگەزی بەردەم كەوتنە دەرخستن و بڕەودان بە تواناكانیان. لێرەوە ژنی كورد هیچ نەبێ توانی پەنجە لەسەر زامەكانی خۆی دابنێ و بەرامبەر رەگەزی بەرامبەر بڵێ(نا) كە بەڕای من ئەم(نا)یە سەرەتای ریفۆرمێكی كۆمەڵایەتی گرنگە.

دەكرێ لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر یەكێك لەو كتێبانە بكەین كە(نا)یەكی تری ژنی كوردە دژی دەسەڵاتی

کۆمەڵگە وئایین و خێزانسالاری ئەو کتێبەش(شەرەفنامە)یە کە لێکۆڵینەیەکی چڕوپڕی لەسەر کێشە هەنوکەییەکانی ژنی کورد کە خاتوو(مهاباد قەرەداغی) نوسیویەتی و لەم کتێبەدا هەوڵی سڕینەوەی ئەو ئاسەوارانە دەدات کە (شەرەف وەکو کۆدێك بۆ کۆیلە کردنی ژن) بەکاردێنێت و مەهاباد دەیەوێ پێناسەیەکی نوێ بۆ چەمکی شەرەف بهێنێتە نێو عەقڵی مرۆڤی کورد و چیتر شەرەف نەکرێتە ئەو شمشێرە خوێناوییەی جەستەی ژنی پێزامدار بکرێ. کتێبەکە لە دە بەش پێکهاتووە و لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر چەند لایەنێکی گرنگی ئەم کتێبە. سەرەتا نوسەر لەمەڕ ناوی کتێبەکەی دەنوسێت؛ ئەم کتێبەش ناوی شەرەفنامەیە، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی دوور و نزیکی نە بە شەرەفخان و نە بە شەرەفنامەکەی ئەوەوە هەیە. لەم کتێبەدا شەرەفنامە ئاماژەیە بەو پەیامە ترسناکەی کە لە چەمکی شەرەفدا جێگەی بۆتەوە و کراوەتەوە پێوەرێك بۆ رەوشت و، نۆرمێك بۆ کۆمەڵگە و، زیندانێك بۆ ژن. چونکە چەمکی شەرەف لە کلتووری باوکسالاری و، بەتایبەت لە کلتورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەك ئیماژی هەیە، ئەویش جەستەی ژنە، بە شەرەفیی و

بێشەرەفی تەنها و تەنها پەیوەستن بە چۆنێتی جموجوڵی ژنەوە سێکسوالێتی ژن بڕیاردەرە لە رێژە و رادەی بەشەرەفی پیاوانی بنەماڵە و خێڵ، کە کۆی ئەمانەش کۆمەڵگەکەی پێك دەهێنێت.

دواتر لە مەڕ ستراتیژی کارکردنی خۆی لەم کتێبەدا دەنوسێت؛ بۆچوونی من و هەوڵ و تەقەلاکانی من تەنها بۆ ئەوە نییە لە دیاردەی شەرەف بکۆڵمەوە و، بزانم هۆکارە کۆمەڵایەت و ئابوری و سیاسیەکانی چین، بەڵکە ئەوەشە کە بە یاریدەی پێوەری زانستیەکان، بەتایبەتی زانستە مرۆییەکان، بتوانم پسپۆڕانە لە پێناسەکردنەوەی چەمکی شەرەفدا بەشدار بم و، بتوانم شەرەف لەو پێناسە باو و سەپاوەی بهێنمە دەرەوە کە وەك کۆدێك بۆ کۆیلەکردنی ژن کاری پێکراوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو رایەی کارکردنی (مهاباد) لەپێناو سەلماندنی راستیەکاندا وەکو خۆیان نەك دەستکاریکردنی راستیەکان و بەکاربردنیان بەئارەزووی ئەو کەس و لایەن و حزبانەی دەیانەوێ مەرامی خۆیان بهێننە دی. لەبەشی یەکەمدا نوسەر دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە راستە جیاوازی لەنێوان هەردوو رەگەزدا هەیە، بەڵام ناکرێ و نابێت ئەم جیاوازیانە لە بەرژەوەندی لایەك بەرامبەر

لایەکی تر بەکاربهێنرێ، بەڵکە نۆرم و نرخاندنی کلتورەکان هاتوون خاڵە جیاوازەکانیان لە بەرژەوەندی لایەك لێکداوەتەوە و کردویانە بە مایەی دابەزاندنی پێگە و لاوازکردنی کەسایەتی لایەکی دیکە. لەم لێکۆڵینەوەدا دیاردەی رەوشت و کاریگەری رەوشت لە کلتورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەو نۆرم و نرخاندنانەی کە لەسەر بنچینەی تێگەیشتن لە رەوشت دانراون و کاریگەری هەموو ئەمانەش لەسەر کەسایەتی ژنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە کاریگەری بیئەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بێگومان بیئە مەبەست لە کۆمەڵگە و خێزانە هەموو کارتێکەرەکاتی ترە) کاریگەریەکی راستەوخۆی لەسەر رەوشی ژیانی ژن هەیە، ئەم کاریگەیانە تا رادەیەکی زۆر نێگەتیڤانە شکاوەتەوە لەدژی ژن بوون، بۆیە کاتێك پێناسەی چەمکی رەوشت دەکرێت لە کۆمەڵگە نائازادەکاندا دەگەینەوە ئەو رایەی کە چەمکی رەوشت بۆخۆی وەك هەر چەمکێکی تر و دیاردەیەکی تری ناو کۆمەڵگە، خۆی بێلایەنە، مرۆڤ لایەنێك، رێرەوێك و یاسایەکی بۆ دادەڕێژێ و لە بۆتەی ئەوانەدا لەناو پێناسەیەکی تایبەتیدا بەندی دەکات. چەمکی رەوشت لەناو هەموو چەمکە کۆمەڵایەتیەکانی تردا لە کۆمەڵگە

نەریتیەکاندا، هەستیارترین چەمکە و، لەناو تاقە پێناسەیەکی بەرتەنگدا بەند کراوە و قوفڵ دراوە. ئەو پێناسەیەش بەستراوە بە جەستەی ژنەوە، بە سێکس و پەیوەندییەکانی ژن و پیاوی ئەو کۆمەڵگانەوە. بۆیە گرنگە لەم پێناسەیەوە وەژوور بکەوین بە تونێلە تاریکەکانی ئەو کلتورەدا لە دووی ئەو هۆکارانە بگەڕێین کە بوونەتە سۆنگەی رەنگرێژکردنی چەمکی رەوشت بەرەنگی تاریك و لەئاکامیشدا ژنانی ئەو دەڤەرەیان لەناو تاریکی ئەم چەمکەدا گیر کردووە، زەبر و زەنگی رەوشت لەگەڵ گۆڕانکاریە زۆر و خێراکانی کە بەسەر مێژووی مرۆڤدا هات بەتایبەتی ئەو گۆڕانکاریە مەزنانەی لەسەر بنەمای ئابوری بەشێك لە وڵاتانی دنیادا، لەم چەند سەدەیەی دواییدا روویدا، بووە هۆی گۆڕانکاری مەزن لە بیر و هۆش و ئاوەزی خەڵکی ئەو وڵاتانەش کە گۆڕانکاریەکانیان تیدا رووی داوە.

بەشێکی تر لەو کاریگەریانەی کە زۆر بەروونی کاریگەری لەسەر ژن هەبووە (ئایین)ە، ئایین لە زۆربەی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوە بە بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتی سیاسی و، دەسەڵاتە سیاسیەکانیش لە لوتکەی دڕندایەتی و دیکتاتۆریدا خۆیان نواندووە. لەو دەڤەرەدا

کە هەر لە سەرەتاوە نیوەی کۆمەڵگەکەی ئیفلیج کراوە بەهۆی ئەو دەسەڵاتە کە ڕەوشت سەپاندوویەتی، نیوەکەی تری کۆمەڵگەش بەهۆی ڕەوشتی ئەو دەسەڵاتانەوە کە وڵاتەکان بەڕێوەی دەبەن، کەسایەتیان تا رادەیەکی زۆر و بە زەبری زەبروزەنگ و کوشت و بڕ، لەتوانا و بەرهەڵستی خاڵی دەکرێنەوە. هۆی ئەوەیە گۆڕان لەو دەڤەرەدا خاو دەڕوات، بەتایبەتی لە بواری هۆش و فیکردا. لەبارەی دیاردەی ڕەوشت و تێڕوانین بۆ ڕەوشت، وەك گۆمێکی وەستاو، هەزار ساڵێکە گۆڕانی ئەوتۆی کە شایانی باس بێت بەسەردا نەهاتووە.

بێگومان دەسەڵاتی بەعسیش لەژێر پەردەی ئاییندا زەبرێکی کاریگەری لە ژن وەشاند و کاریگەریەکانی تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە بەردەوامی دەبێت، چونکە ڕەوشتی ئەم دەسەڵاتە کە دوایین دەسەڵاتی عیراق بوو (٣٥) ساڵی ڕەبەق کلتورە زەبر و زەنگی لە عێراق (داگیرکەری باشوری کوردستان) پیادە کرد، ڕەوشتێکی لە خراپەکاریدا لە پەسەن نەهاتووە سەبارەت بە هەموو دیاردەکان، بەرامبەر بە دیاردەی ژن و مەسەلەی ژن، نەك تەنها ڕەوشتێکی باوکسالارانەی نەریتی بوو، بەڵکە لەو بوارەشدا زێدەڕۆیی کردبوو.واتە ڕژێمی بەعس لەپێناوی پاراستنی

دەسەڵاتی خۆیدا، هەر لەسەرەتای حوکم بەدەستەوە گرتنی و بەشێوەیەکی سیستماتیك، برەوی بە سیستمی خێڵایەتی و گەشەدان بە ڕەوشتی باوکسالارانەی خێڵەکان دا. بەڵام نابێ چاوپۆشی لەوە بکەین کە پاش راپەڕین دەروازەیەکی نوێ بەڕووی ژناندا کرایەوە بۆ زۆرێك لە بوارەکان، بەڵام ئەوەی کێشەی لەئاستی پێویستدا نەبێ خەمساردی ژنان و بەشبەشبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان بوو، کە هەریەکەیان بەرژەوەندی حزبەکەی خۆی لەپێش بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی دەبینیەوە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە قسەکردنە لەسەر جەوهەری کێشەی کورد و کێشەی ژنی کورد، سەرەتا دەبێ ئەو راستیە مێژووییە بزانین کە ئەوەی کێشەی ژنی کوردی زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و بارگرژی زیاتر بردووە کێشەی کوردە، چونکە تا هەنوکە تاکی کورد بەدەست دەیان کێشەی سیاسی و جۆراو جۆرەوە دەناڵێنێ، کە هەموویان کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر کێشەی ژنی کورد هەبوو. نوسەریش لەو بارەیەوە دەنوسێت؛ مێژووی کورد و مێژووی ژنی کورد، دوانەیەکی دیلن، لە رابردوویەکی دوورەوە تا دوێنێش کە رابردووە و کاتێکی لەدەست چووە ئەو مێژووە بە دیلێتی تۆمار بووە و بواری سڕینەوەی

مەحاڵە، بەڵام لەمرۆوە تا دواڕۆژێکی نزیك و دوور و هەموو ئەو رۆژ و ساڵانەی داهاتوومانداندان، ئەوانیش مێژوون، بەڵام مێژوویەکن هێشتا تۆمار نەبوون و بواری نەخشاندن و رەنگاندنی ئەو مێژووە بەدەستمانەوەیە، بە هەموو پێوەرێکی زانستی و لۆژیکی و هاوکێشە ئاوەزیەکان، ئازادکردنی دانەیەکی ئەم دوانەیە بۆ ئەوی تریان وەك کارێکی ناتەواو و ناڕێك دەدات بە دەستەوە. مێژووی ژنی کورد ناتوانێ بە تەنها ئازاد بێ، کە ژن بەشێك بێت لە نەتەوەیەکی دیل و وابەستە. مێژووی کورد ناتوانێ بە تەنها ئازاد بێ، کە مێژووی نەتەوەیەك بێت نیوەی کۆمەڵگەکەی دیل و چەوساوەبێت.

بەشی دواتر تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر بەشداری ژن لەکاری سیاسیدا و روانینی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ کاری سیاسی ژن. یەکێك لەو خاڵانەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە مشەخۆر و جیاکردنەوە و دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بۆ دوو نیوە کۆمەڵگەی ناتەواو کە ئەوانیش (کۆمەڵگەی پیاو) و (کۆمەڵگەی ژن)ە. کە لێرەوە جەهەنەمێك لە جیاوازی لەنێوان هەردوو رەگەزدا دروست دەبێت، کە ئەم جیاوازیانە دەبنە هەوێنی کۆمەڵگەیەکی خێزانسالار. لەم دوو نیوە کۆمەڵگە ناتەواوەدا بەبێ چەند و چوون هەر

ژن و پیاوێك ئەو ئەرکانە رادەپەڕێنن کە لە سەری سەرەوە سیستمێکە نادادپەروەر و کۆنەخواز، لەسەر بناغەی بێمافکردن و خەساندن و نایەکسانی و هتد. رۆڵەکانی دابەشکردووە. ئەندامەکانی ئەم دوو نیوە کۆمەڵگەیە نەك پێکەوە و هاوشانی یەکتر. نەك هەردووکیان هاوتەریبی یەکتر، بەڵکە هەریەك بە جیا و بەشێوەیەکی ناڕێك و پێك و زیکزاك، بەبێ هەبوونی هیچ ئامانجێك بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە هەنگاو دەنێن، هەریەك لە بواری جیاوازی خۆی تایبەتمەندێتی دەدرێتێ و لە کۆمەڵگەی ژناندا، ژنان دەبن بە پسپۆڕی کارە تایبەتیەکان، بواری خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ و مێرد، لە کۆمەڵگەی پیاوانیشدا پیاوان دەبنە پسپۆڕی کارە گشتیەکان، بواری سیاسەت و ئابووری و زانستی و هتد.

بۆیە لێرەوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نیوە کۆمەڵگەیە نائاساییبوون بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام ژن تاڕادەیەکی باش دەستی گەیشتووە بە لایەنەکانی تر و بەشداریەکی مامناوەندی زۆرێك لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵدا دەکات، بەڵام لە کایەی سیاسیدا تا هەنووکە ژنی کورد، نەك نەیتوانیوە پێی بگات، بەڵکو لەلایەن پیاوانیشەوە پەراوێز خراون و رێگیرییان کراوە، بەڵام

بەشێوەیەکی ئاسایی، سیاسەت ئەرکێکی بێلایەنە (نیوتراڵە)، ژن و پیاو دەتوانن ئەم ڕۆڵە وازیکەن و هەردووکیان وەك یەك لەبەردەم گریمانی سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنیدا لە پیادەکردنی ئەو ئەرکەدا دەوەستن بەڵام وەك نەریت، ئەرکی سیاسەت بە پیاو سپێردراوە و، بێژەی وا باوە کە پیاوانی سیاسەتباز سەرکەوتووترن لە ژنانی سیاسەتمەدار.ئەو ژنانەی کە گەیشتوونەتە پلەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا تەنها ئەوانەن کە ئەندامی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارن. لەبەرئەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار خاوەنی پڕۆژەی پێشکەوتنخوازانە و دیموکراتیانە و مەدەنیانە نین، بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ ژنان و گەشەدان بە توانای ژنان و، بیرازی کۆمەڵایەتی نیە، چۆنایەتی بیرکردنەوەی ژنانی سیاسەتبازی ئەندامیشیان بەهەمان ئاراستەیە. ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی حزبەکەیدا وێك نەکەوێت، با بۆ ژن و پرسی ژن جێی بایەخیش بێت، ئەمان گرنگی پێ نادەن، تەنها لەکاتێکدا دەنگیان دەبیسترێت کە لە پرسی ژن بدوێن، کاتێك فەرمان لە سەرەوەی حزبەوە درابێت ئەمانیش وەك ئەندام بەبێ چەند و چوون جێبەجێی دەکەن.

لەبەشی دواتردا نوسەر تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی ئایین لەسەر مەسەلەی ژن. بێگومان ئایین یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بۆتە هۆی چەوساندنەوەی ژنان بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی سەرهەڵدانی هەرسێ ئایینە ئاسمانیەکەن. ئایینەکان بۆیە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤ، چونکە ئایین بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە پەیڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکرا و بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە. لەم پەیڕەو و پرۆگرامەدا چۆنێتی ژیان بەمانا فراوانەکەی دەستنیشان دەکرێت. هەر ئاینێکی دیاریکراو، یەك جۆری دیاریکرا و لە باوەڕ پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات و لەناو ئەم باوەڕەدا پێشوەخت ستایلی ژیان بۆ مرۆڤەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەدیاریکراوە، لەهەر ئایینێکدا فەرهەنگێکی تایبەتی هەیە بۆ پێناسەکردنی دیاردەکان. ئەو پێناسانەش ڕەهان نەك ڕێژەیی، بۆنمونە چاك و خراپ، باوەڕدار و بێباوەڕ، لە ئاییندا وەك ڕەش و سپی، پێناسە دەکرێن و پەیڕەوکارانی ئەو ئایینە دیاریکراوە لەو پێناسانەوە دەڕواننە هەموو ئەو دیاردانەی کە لە ژیاندا هەن، واتە سیستمی عەقڵی ئەو

کۆمەڵگەیەی کە پەیڕۆکاری ئەو ئایینەن وا شێوە دەگرێ کە بە رەهایی (موتڵەق) بیربکەنەوە نەك بە رێژەیی.

کەواتە ئایین دەبێتە بناغەیەکی پان و بەرینی ئەو کۆمەڵگانە و، ژیان و گوزەران و داب و نەریت و نۆرم و نرخاندنەکانیان بۆ دیاریدەکات و ئەوانیش لەسەری دەڕۆن، ئایین دەبێتە ئەتەکێتێکی دیاریکراو بۆ خەڵك و، ئەوانیش بەپێی ئەو ئەتەکێتە دەجوڵێنەوە و چالاکی کۆمەڵایەتی دەکەن.

هەروەها ئایین و پەیڕەوکەرانی ئایین لەناو زمانی ئەو کۆمەڵگانەدا ئامادەییەکی هەمیشەییان هەیە. بەو پێیەش کە زانستی زمانناسی سەلماندوویەتی و پەیوەندی زمانی بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دۆزیوەتەوە، دەتوانین بڵێین کە ئایین رۆڵی کارا دەبینێت لە سیستمی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگانە و، بەپێی ئەو سیمبولانەش کە لە زمانەکاندا بەرامبەر بەدەستەواژەی ژن و پیاو دانراون و پێناسەکراون، ئایین رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بنیاتنانی ئەو زەبر و زەنگەدا کە بەرامبەر مێینەی مرۆڤ دەکرێت و لە زماندا بەرجەستە دەبێت و، لە کۆمەڵگەدا پیادە دەکرێت. لەلایەکی ترەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژن و جەستەی لە توندوتیژی زمان و کلتوری ئاییندا زەبری

کوشندەیان بەرکەوتووە. دوورخستنەوەی دین لە دەوڵەت، لە سیاسەت و کۆمەڵگە و هێنانەوەی بۆناو ماڵەکان و پریڤاتیزەکردنی، زۆرێك لەو توندوتیژییە کەم دەکاتەوە کە راستەوخۆ ئایین هۆکاری بووە.

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵ و کاریگەری لەسەر ژن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی سیڤیلدا، سەرەتا دەبێت بزانین کۆمەڵگە مرۆڤ بنیاتی دەنێ و هەموو یاسا و رێساکانیش مرۆڤەکان دایدەڕێژن بۆیە ئەگەر مرۆڤ خۆی خاوەنی رەوشتی دیموکراتی نەبێ ناتوانێت پەیڕەوی یاساکانی دیموکراتی بکات، زۆر سەختە مرۆڤێك هەموو تەمەنی لە سایەی نۆرم و نرخاندن و پەروەردەی نا دیموکراتیدا بەسەر بردبێت و لەپڕ بتوانێت رێساکانی دیموکراتی قبوڵ بکات و پەیڕەوی بکات. پەروەردەکردنی مرۆڤ و چەسپاندنی رەوشتی دیموکراتی لە تاکێکی کۆمەڵگەدا پێویستە لەقۆناغی سەرەتای تەمەنیەوە دەست پێبکات وەك پرۆسەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچێت، لە خێزان و لە باخچەی ساوایان و لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا پلانی زانستی بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سیفەت دیموکرات لە تاکەکانی کۆمەڵگە دابنرێت.

هەروەها مرۆڤ لە سێ دامەزراوەدا پەروەردە دەبێت و عەقڵی گەشە دەکات کە ئەوانیش دامەزراوەی (خێزان، خوێندنگە، کۆمەڵگە)ن، بەڵام کاتێ ئەم سێ دامەزراوە رۆڵێکی ئەکتیف ناگێڕن لە پەروەردەکردنی تاکدا ئەوا دواجار مرۆڤێکی تەندرووست و عەقڵیەتێکی دیموکرات نایەتە بوون، بێگومان کە کەسایەتی مرۆڤی کورد بە گشتی لە ئاستێکی باشدا نەبێت و خاوەنی عەقڵیەتێکی دیموکراتیک نەبێت ئەوا حاڵی ژنی کورد لە دۆخێکی باشتردا نابێت، چونکە ژنی کورد بەردەوام لەژێر زەبری دەسەڵاتی خێزانسالاریدایە و خێزان زۆرێک لە ئازادیە سروشتیەکانی زەوت کردووە.

بەشی شەشەم تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو خاڵانەی لە زمانی کوردیدا هەوڵی بچووککردنەوەی ژن دەدەن، بێگومان لە زمانی کوردیدا دەیان زاراوە و ئاماژەی جۆراو جۆر هەن کە هەموویان گوزارشتکەرن لە بچووککردنەوەی رۆڵی ژن لە کۆمەڵگە و خێزاندا و ئەو دیاردانەش کە بەردەوام لەلایەن پیاوانەوە پەیڕەو دەکرێن رۆژانە بەر چاوی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەوێت و بۆتە قسەو کرداری ئاسایی لەزمانی کوردیدا ژن کۆدی شەرەفە، بەپێی ئەوە جەستەی مرۆڤی مێینەی مرۆڤی گۆمەڵگەی

ئێمە دەبێت بە (شوێن)ێك بۆ پاراستنی ماناکانی شەرەف، واتە جەستە لە پێناسە ئاساییەکەی خۆی (کە دەبێت سەلمێنەری بەشە فیزیکیەکەی خودی مرۆڤ بێت و، لە جوڵەیەکی بەردەوامدا بێت بۆ داهێنان، لە پێناوی گەشەسەندنی ئەو خودە)، دوور دەکەوێتەوە و پێناسەیەکی تری نائاسایی دەدرێتێ و دەکرێت بە (شوێن بۆ شەرەف) شوێنێکی وەکو فرێزەر کە خواردنی تێدا دەپارێزرێت، واتە جەستەی ژن دەکرێت بە شت، ئەو (شتەش) خاوەنی هەیە، کە هاوکات خاوەنی شەرەفەکەشە. نوسەر ئەم بچوککردنەوەی ژنە لە زمانی کوردیدا دەبەستێتەوە بە دیاردەی شەرەفەوە ئەو تێڕوانینە باو و هەڵەیەی کە کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ژن هەیە کە دەبێ لێرەوە هەوڵی گۆڕینی ئەو کلتورە بدەین کە نیوەی کۆمەڵگە وەکو پاشکۆ سەیر دەکات، چونکە هیچ کلتورێك نەگۆڕ نیە، کۆدەکانی هیچ زمانێك کۆدی هەمیشەیی و جێگیر نین. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت گەشبین بێت بە گۆڕانکاری لە دوارۆژدا، بەڵام هیچ گۆڕانکاریەك لە خۆیەوە دروست نابێت و، هێزێکیش نیە لە سەرووی مرۆڤ خۆیەوە تابتوانێ ئەم کێشەیەی بۆ چارەسەر بکات.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەرلەبەری دیاردەکان پێویستە پێناسە بکرێنەوە ئەوەی پێویستە بەم ئەرکەش هەستێ روناکبیرانی کۆمەڵگەن، زانکۆ و دەزگا زانستیەکان، سیستمی پەروەردەیە، تاکەکانن، ژن خۆی ئەگەر کارا نەبێت لەم پێناسەکردنەوەیەدا، دووبارە پێناسەکان ئیماژی نالۆژیکی دەدەنێ، بۆیە رۆڵ و کاریگەری ژن خۆی لەم بوارەدا بڕیاردەرە لەوەی دوورە لە پێناسەکردنەوەی دیاردەکاندا ئەویش ئیماژی شایستە وەربگرێت. بە کورتی کلتوری کوردی پێویستی بە پرۆستڕۆیکایە، سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کلتور بە دەستی ژن و پیاوی روناکبیر و پێشکەوتنخوازی کورد.

ژن دەتوانێ تێڕوانینی کۆمەڵگە (بە ژن و پیاوەوە) بەرامبەر بەخۆی بگۆڕێ. لەم پرۆسەیەدا پێویستە رۆڵی سەرەکی ژنان خۆیان بیبینن و، ئەرکی بۆ بکێشن، ئەمە کاتێك دەکرێ کە ژنان هۆشیاربن بەرامبەر بە ئەرك و مافی خۆیان و، بەو ئاراستەیە کاردەکەن کە دەیانەوێ تێڕوانینی چەوتی کۆمەڵگە بەرامبەر بە خۆیان راست بکەنەوە.

لەبەشی حەوتەمدا نووسەر مەسەلەی سێکس و کۆدە ساماناکەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەخاتەوە بەرباس.

سێکس لە کۆمەڵگەی نائازادەکانی وەکو کۆمەڵگەی کوردی دەیان گرێی دەروونی بۆ هەردوو رەگەز دروستکردووە و ئەمە ئەگەر لەڕووی دەروونیەوە لە کاریگەریەکانی ئەم دیاردەیە بڕوانین، بەڵام ئەگەر لەم رووەوە سەیری ئەم دیاردەیە بکەین کە جەستەی ژن شەرەفی پیاوە و سندوقێکە دەبێ پیاو خاوەنی بێت ئەمە کۆدە ساماناکەی سێکسە و لێرەوە دەیان دیاردەی وەکو کوشتن و لوتبڕین و خۆسوتاندن و تیرۆرکردن دەستپێدەکات.

سێکس تایبەتیترین چالاکی مرۆڤە و یەکێکیشە لەو رەمەکانەی کە دابینبوونیان بۆ مرۆڤ پێویستە. دابینبوون یان دابیننەبوونی رەمەکەکانی مرۆڤ هەریەکە و بەجۆرێ کاریگەری خۆی لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێ رەمەکەکانی برسێتی، تینوێتی و خەو دابینبوون و دابیننەبوونیان کاریگەری فیزیکی لەسەر جەستەی مرۆڤ بەجێدەهێڵێ و راستە دابین نەبوونی موتڵەقیان رەنگە ببێتە هۆی مردن. بەڵام رەمەکی سێکس، دابینبوون و دابیننەبوونی کاریگەری لەسەر باری دەروونی مرۆڤ بەجێدەهێڵێ، بەڵام دەبێتە هۆی شێواندنی پارسەنگی باری دەروونی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی ئاسایی خاوەنی ئەو تێڕوانینە هەڵەن، بەڵام لەنێو نوسەران و رۆژنامەنوسان و

هونەرهەندانیشدا عەقڵیەتێکی سەلەفی هەیە و نائازادن و کە خاتوو مهاباد چەند نمونەیەکی هێناوەتەوە لەنێو توێژی رۆشنبیرانی ئێمەدا.

بەشی دواتر تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر بەکاڵاکردنی جەستەی ژن و لەم بەشەدا نوسەر دەیەوێ ئەو بسەلمێنێ جەستەی ژن شەرەفی پیاو نییە و دەبێ ئەو جەستەیە ژن ببێتەوە بە خاوەنی چیتر وەکو کاڵا لە کۆمپانیاکانیاندا مامەڵەی پێنەکرێت، هەتا چەمکی شەرەف و ناموس ئەو پێناسە سامناکەی هەبێت کە ئێستا لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا باوە و هەتا ئەم چەمکە لە جەستەی ژندا کۆکرابێتەوە بە تایبەتی ئەندامی سێکسی ژن پێوەری بن دۆخی کارەساتئامێز لە ئارادا دەبێت لەو دۆخەدا جەستەی ژن بەهای سروشتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە (شوێن)ێك (یەخچاڵ)ێك بۆ شەرەفی کەسانی دی، شەرەفیش لە مانا سروشتییەکەی خودی دوور دەکەوێتەوە کە دەبێت پێوەری سیفەتە گرنگەکانی مرۆڤ بێت وەکو: راستگۆیی، دەستپاکی، مرۆڤدۆستی و هتد.

بەشەکانی دواتری ئەم کتێبە چەند چاوپێکەوتنێکی نوسەری لەخۆگرتووە کە زیاتر بۆچوونەکانی نوسەر لەسەر دیاردەکانی کۆمەڵگەی کوردی روون دەکەنەوە.

دواجار وشیارکردنەوەی مرۆڤی کورد لە دیاردەکانی نێوکۆمەڵگە ئەرکی سەرەکی نوسەرانە، بەڵام رێگەکانی گەیاندنی ئەم وشیارییە سەختە، بەڵام لەوە سەختتر بێدەنگبوونە لەو گۆڕانکاریە گەورەیەی جیهان و هاتنی ئینتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت بۆ کوردستان ئەمانە سەرەتای گۆڕانی گەورەن لەنێو کۆمەڵگەدا، بۆیە لێرەوە دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی شەرەف و ئەخلاق و جەستەی ژن و... هتد ئەرکی سەرەکی نوسەرانە کە کاری بۆ بکەن، راستە ئەمڕۆ نەوەیەك هەیە تا رادەیەکی زۆر نەیارە لە دژی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە بە بیری ئازاد تێدەکۆشێ بۆ چەسپاندنی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز، بەڵام نەوەیەکی کۆنەپارێز و کۆنخوازیش هەیە کە وەکو نەوەکانی پێشوو بیردەکەنەوە و هەمان تێڕوانینیان بۆ ژن و شەرەف هەیە و بەردەوامی ئەم نەوەیە لەسەر ئەم عەقڵیەتی کۆنخوازیە زەنگێکی ترسناکە بۆ تاریکترکردنی ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی. نەوەی کۆنخواز نەك تەنها هەوڵی دەسبەسەردا گرتنی جەستەی ژن و کچەکانی کۆمەڵگە دەدەن بەڵکو هەوڵی مۆنۆپۆلکردنی بیرکردنەوە و روانین و هەڵسوکەوتی نێو ماڵیشیان دەدەن کە ئەمە ترسناکترین نەوەیە کە هەڵگری عەقڵیەتێکی

سەلەفییە لەدوای راپەڕین نمونـەکانی لەکۆمەڵگـەی ئێمـەدا بەرچاون.

دەستخۆشی بۆ خاتوو مهاباد قەرەداغی و ئەو هەوڵانـەی بۆ یەکسانی هەردوو رەگەز و وشیاری کۆمەڵگە دەیدات.

رامانێك لەمەڕ
کاریگەریەکانی ئەنفال
لەسەر ژنی کورد

کاتێك مرۆڤ لە مێژووی کوردستان ورد دەبێتەوە، زۆر بەچاکی بۆی دەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو دووچاری قاتوقڕی و چەوساندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی بۆتەوە و بە زەریایەك خوێن ئەم ڕێگایەی بڕیوە، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و تێکدان و ڕوخاندنی گوند و دێهاتەکان و لە دواقۆناغەکانیشدا کیمیابارانکردنی کوردستان. زنجیرە یەك لە دوا یەکەکانی تاوانی ڕژێمی عێراق بووە کە دەرهەق بەکورد ئەنجامدراوە.

لەم هەموو حاڵەتانەدا مرۆڤی کورد زیان لێکەوتووترین بووە و لەنێو ئەم زیانانەدا ژنی کورد بەدرێژایی مێژووی ئێمە قوربانیدەرترین چینی کۆمەڵگە بووە و هەر لە سەرەتای شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردەوە ئەو بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر قوربانیداوە، هەمیشە لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە ژن چەوسێنراوەتەوە، یان وەك کارتێك لە جەنگەکاندا کاری پێکراوە، یەکێك لەو جەنگانەی زۆرترین ژنی کوردی تێدا

بووە بەقوربانی کارەساتی ئەنفال بوو، لەم کارەساتەدا ژنی کورد زۆرێکیان بە مەرگ حوکم دران، یان بە وڵاتانی عەرەبی فرۆشران، یان بەبێکەسی ئێستا لە چاوەڕوانی نادیاردا ژیان دەگوزەرێنن، لەم پرۆسەیەدا ئەوانەی لەوێ گەڕاونەتەوە دەگێڕنەوە کە بەبەرچاوی باوك و برا و دایکەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر شەرەفی کچان و ژنان کراوە خۆ ئەگەر بەرهەڵستی توند و ڕەتدانەوەی یەکجاری هەبووبێت ئەوە دەستبەجێ کوشتنی ئەو کچ و ژنانە حەڵاڵ بووە.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر کتێبێك بکەین بەناوی (ئەنفال و ئافرەتی کورد) کەلە نوسینی (عەدالەت عومەر ساڵح)ە، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و ژنی کورد و ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە و بوونی لە ئەمڕۆدا، کتێبەکە لە حەوت بەش پێکهاتووە و نوسەر هەوڵیداوە لەسەرەتادا لە لە چەمکی ئەنفال ورد دەبێتەوە لە قورئانی پیرۆزدا و نوسەر لە بارەی ئەم وشەیەوە لە قورئاندا دەنوسێت؛ ئەنفال لە ڕووی زمانەوانییەوە کۆی (نفل)ە واتای (غنیمە) دەستکەوت دێت، کە لەکاتی شەڕ و تاڵانکردندا بەدەست شەڕکەران کەوتووە، لەڕووی زاراوەیشەوە ماناکەی زیادە

دەستکەوت دەگەیەنێت، ئەویش ئەو ماڵ و سامانەیە کە بە شەڕ لە موشریك و کافران دەسەنرێت، لەم بارەیەشەوە بۆچوونی زانایانی ئیسلام سەبارەت بە واتا و چەمکی ئەنفال ئەوەیە کە ((الأنفال هو الغنيمه أى كل نيل ناله المسلمون من أموال أهل الحرب))واتە بریتییە لەو ماڵەی کە لە خەڵکی شەڕکەر دەست موسوڵمانان دەکەوێت، کەواتە ئەنفال لە روانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەو دەسکەوت و سامان و سەر و ماڵەیە کە موسوڵمانان بە زەبر و هێز لە موشریك و بت پەرستان و بێ باوەڕان سەندوویانە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و کاریگەری ئەم پرۆسەیە ئەنجامدانی پرۆسەی دووەمی جینۆساید کە (ئەنفال)ە، ئاشکرایە عێراق لە جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا بە ئەندازەیەکی زۆر چەکی کیمیایی و بایلۆجی بەکارهێناوە و لە ئەنجامیشدا دەیان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و سووتەمەنی ئەو شەڕە، لە ساڵی ١٩٨٧دا و لە گەرمەی شەڕی عێراق- ئێراندا کوردستان دووچاری دژوارترین باروودۆخی سیاسی هات، دوای ئەوەی سوپای ئێرانی لە بەرەکانی جەنگی باشووردا بە تایبەتی لە

(رۆژهەڵاتی بەسرە) و (کەربەلا)دا دووچاری گەورەترین شکستی سەربازی هات و بە دەیان هەزار سەربازی لێ لەناو چوو، هەڵسا بە کردنەوەی بەرەیەکی جەنگ لە کوردستان ئەوەش وای کرد کە عێراق بیر لەوە بکاتەوە کە هەرچی هێز و توانای سەربازی هەیەتی بێنێتە کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ئێرانی چاوەڕوانکراو، بێگومان ئەو هەل و مەرج و بارودۆخە سەربازییەی کە لە کوردستان گیرساوە و ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی ئاوا دژوار تیایدا وای لە رژێمی عێراق کرد بکەوێتە گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی کورد و دەستپێکردنی زنجیرەیەك هێرشی سەربازی بۆ سەریان، کە بێگومان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کوشندەترین و دڕندانەترین کردار بوو، دۆڵەکانی جافایەتی و شارباژێڕ یەکەم شوێنە لە کوردستان کە رژێم بە گوللە تۆپ لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٧ کیمیابارانی کرد.

لە دوا مانگەکانی شەڕی نێوان عێراق- ئێراندا و رێك لە ١٩٨٨/٣/١٦ شاری هەڵەبجەی کوردنشین کەوتە بەر دڕندانەترین شاڵاوی بە قڕکردنی کۆمەڵی ئەم سەردەمە، لە چاو نوقانێکدا و لەبەرچاوی هەموو دونیا رژێمی عیراق بە جۆرەها چەکی کیمیایی لە نمونەی (خەردەل،

سیانید، سارین، تابوون، X V) ئەم شارە ئارامەی بۆردوومان کرد و بەتەواوی وێرانی کرد، ئەم کارەساتە بێوێنەیە کوژرانی نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار هاوڵاتی مەدەنی بێدیفاع و نزیکەی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار بریندار و ئاوارەبوونی دەیان هەزاری تری لێکەوتەوە و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی کە لە دوای خۆی جێیهێشت.بێگومان دیارترین کاریگەریەکانی ئەم جەنگ و کیمیاباران کردنە ژنان قوربانی زۆریان داوە.

بەشی سێیەم تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال ئاشکرایە کارکردن بۆ گەشەدان بە ستراتیژێکی پتەو و تۆکمە بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێك کارێکی ئاسان نییە، ئەم کارە بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە ویستەوە هەیە بەقەد ئەوەش پەیوەندی بە هەلومەرجی بابەتییەوە هەیە (دارشتنی هەر ستراتیژێکیش پێویست بەوە دەکا بۆچوونێکی تایبەت سەبارەت بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی دینامییکییە ئیقلیمییەکان گەلاڵە بکرێت، ئەمەش پێویست بە توخمە گۆراو و نەگۆڕەکانی بۆچوونەکە دەکا بێگومان هەر ئەم توخمانەش کۆڵەگەی ستراتیژی درێژخایەن پێك دێنن).

رژێمی عێراق ستراتیژی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی تەنها لە روانگەیەکەوە دانەڕشتبوو، بەڵکو بونیادی ستراتیژی ئەنفالی لەسەر تێکەڵەیەك لە فیکری فاشی و نازی و سەهیۆنی و بگرە درندانەتر دارشتبوو ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال لەناوبردنی بە کۆمەڵی نەتەوەی کورد و برانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بوو، هاوکات پرۆسەیەکی درندانەی رەقی رژێم بوو بۆ شێواندنی سروشتی کوردستان لەرووی جوگرافی و دیمۆگرافیشەوە، (بەپێی ستراتیژییەکانی ئەنفال بەعەرەبکردنی شوێن و ناوچەکانی کوردستانیش بوو).

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕوانینە هەموو ئەو تاوانانەی کە رژێم دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی داون لە ئەنفال و کیمیاباران و راگواستن و کوشتنی بە کۆمەڵ و ئیعدام کردن و بێسەر و شوێنکردنی هاوڵاتیان، دەسەڵاتدارانی رژێمی عێراق راستەوخۆ و بەشێوەیەکی رەسمی دانیان پیاناوە تەنانەت (ئەو بەڵگەنامانەی تیایدا رژێم بەرەسمی و لەرێگای رۆژنامەکانی خۆیەوە دانی بە هێرشەکانی ئەنفال ناوە).

بەڵام ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە ئەمرۆ سەرانی بەعس لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا بۆ دادگایی هەریەکەیان

بێتاوانی و بێئاگایی دەردەخات و تاوانەکان دەخاتە ملی ئەوی تر لە کاتێکدا کە خۆی لەو بەڵگانەی دەستکەوتووە ناوی هەموویانی تێدایە.

بەشی دواتر قسەکردنە لەسەر قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال. بێگومان ئەوە دەزانین کە حکومەتی بەعس بۆ پیادەکردنی ئەم شاڵاوەش ستراتیژێکی سەیر و دەگمەنی پیادە کرد، ئەویش دەستپێکردنی یەکەم شاڵاوی ئەنفال بوو لە (٢٣)ی شوباتی (١٩٨٨). لەدوای ئەم قۆناغەوە شاڵاوەکان بەردەوام بوون و تا (٢٥)ی ئابی (١٩٨٨). لێرە ئەگەر سەرنج بدەین لە ماوەی ئەم پێنج مانگەدا حەوت شاڵاوی ئەنفالکردن بەدوای یەکدا ئەنجامدراون، ئەمەش بەڕای من دوو هۆی هەیە. هۆی یەکەم بۆ خێرا ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال، هۆی دووەمیش کپکردنی ئەو چالاکی و جوڵەیەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دەستیان پێکردبوو. قۆناغی دووەمی ئەنفال لە بەرواری تەواو بوونی پرۆسەی ئەنفالی یەکەمەوە دەستی پێکرد کە (٢٥ی ئابی ١٩٨٨) و دەڤەری بادینانی گرتەوە گوللە بارانکردنی گیراوەکان لە ئەنفالی بادینان بەشێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا ئەنجامدراوە، ئەوەتا کارەساتترین شێوە لەگوندی کورێمی رووی داوە دوای ئەوەی خەڵکەکە خۆی

داوەتە دەست سوپاوە (٣٣) سی و سێ پیاو و کوڕی هەرزەکار کە تەمەنیان لە نێوان (١٣-٤٣) ساڵیدابووە لەلایەن ئەفسەرێکی سوپاوە کەوا پێدەچێت دوای قسەکردن بە ئامێرە لاسلکی هۆکی تۆکی فەرمانی پێدراوە گولله بارانیان بکات، بەم جۆرە ئەفسەرەکە لەو جێگایەدا (٢٧) کەسیان لێ گوللە باران دەکات و شەشەکەی تریش دەرباز دەبن، لە گوندی مێرگەتوشدا بەهەمان شێوە دوای ئەوەی خەڵکەکە دەستگیر دەکرێن ژن و پیاو لە یەکتری جودا دەکرێنەوە دواتر ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە ژوور پازدە ساڵیدا بووە دەستبەجێ گولله باران کران.

بەم جۆرە شاڵاوەکانی ئەنفال بە ئەنفالی بادینان لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات، ئەم ئۆپەراسیۆنە قاتوقڕییە کوردستانی وێران کرد و ژێرخانی ئابووریشی لە بنەچەوە هەڵتەکاند، ئەنفال تاوانێك بوو کە دنیا بێدەنگی لێکرد، بەڵام بۆ مێژوو و رووداوێکی وابوو مەحاڵە لەیاد بکرێت.

بەشەکانی دواتری ئەم کتێبە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەنفالکردنی ژنانی کورد و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی. نوسەر سەرەتا پشت بە پێناسەکردنی رەوشی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد دەبەستێ و دواتر باس لە پرۆسەی ئەنفالکردنی ژنانی کورد دەکات، دیارە

ئافرەتیش وەكو توێژێكی سەرەكی كۆمەڵ و رەگەزێكی كاریگەر تیایدا بەشی هەرە زۆری ئەو زەرەر و زیانانەی بەركەوت و بووە قۆچی قوربانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەدناوە، ئاسەوارە نێگەتیڤەكانی ئەنفال لەسەر ئافرەت تاوەكو ئەمرۆ بەردەوامە و بەڵكو رۆژ دوای رۆژ لە زیادبووندایە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی كە پیاوەكانیان تاوەكو ئێستا بێسەر و شوێنن و رووبەڕووی كۆمەڵێك گیروگرفتی خێزانی بوونەتەوە و چارەنوسیان نادیارە.

ڕێكخراوی (MEW) (چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە ساڵی ١٩٩٢ لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ ئافرەتێكی گوندی شێخ حەمیدی قەزای دوز خورماتوو گەیشتۆتە ئەو رایەی (كە پاش گرتنی خەڵكەكە ژن و پیاو لە یەكتر جیا كراونەتەوە ئینجا پیاوەكان بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە، دواتریش بەهەمان شێوە ژن و منداڵەكانیان).

سوكایەتی كردن بە ڕەوشت و كەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لە هەموو دابونەریتێكی مرۆڤایەتی یەكێك بووە لە ئامانجە هەرە سەرەكییەكانی رژێمی عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا، (وەكاتێك پیاو و ئافرەتەكان لە یەكتری جیاكراونەتەوە، جەللادەكان

دەستدرێژییان كردووەتە سەر ناموسی ئافرەتەكان و تەعدایان لێكردوون).

ئافرەتێكی هەڵهاتووی عەرعەر دەڵێت: (رۆژی وا هەبووە دوانزە پیاو هاتوونەتە لام و دەستدرێژیان كردووەتە سەر ناموسم) ڕێكخراوی (MEW) لەو بڕوایەدایە كە (دەنگ و باسێكی زۆر ترسناك هەیە كەوا لەبارەی كۆمەڵێكی گەورە كچی عازەبەوە دەدوێ گوایە بەجیا لە بەندییەكانی تر دایاننناون و بەردەوام ئەمنەكان دەستدرێژان كردوونەتە سەر، هەروەها باسی ئەمەش هەیە كە یەكێك لە ئافرەتەكان لە ئەنجامی ئەم كارەدا خۆی بە چەقۆیەك كوشتووە).

زۆر بەڵگە هەن كەوا ئەفسەرەكانی سوپای عێراقی هەستاون بە فرۆشتنی ئافرەتی كورد تەنانەت بۆ وڵاتانی دەرەوەش بەتایبەتی وڵاتانی كەنداو، (كەنعان مەكیە) دەڵێت: (بەرلەوەی بڕۆمە باكوری عێراق گوێبیستی گەلێك چیرۆكی سەیر و سەمەرە و نامۆ دەبووم وەك ئەوەی ئافرەتە كوردەكان چۆن لە بازاڕە پەرت و بڵاوەكانی كەنداو فرۆشران).

پرۆسەی بەدی ئەنفال وێڕای قات و قڕكردنی گەلی كورد و وێران كردنی كوردستان و تێكدانی ژێرخانی

ئابووری، گەلێك دەردەسەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە تاکو ئێستاش پاشماوەی کەس و کاری ئەنفالەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، راستە ئەم پرۆسەیە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەبێ جیاوازی گرتەوە، بەڵام هەروەك لەمەو پێش ئاماژەمان پێکرد ئافرەتی کورد بەشی هەرە زۆری لەو دەردەسەریانە بەرکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی رەوانەی ئۆردووگا زۆرەملێکان کران ئەویش بۆ مردنی لەسەرخۆ و تێکدانی رەوشی کۆمەڵایەتی و شکاندنی کەسایەتییان بەهەموو جۆرێك.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین نەخۆشییە دەروونییەکانی ئافرەتانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بەرێژەی نەخۆشییە جەستەیی و لەشییەکان یەکسانن و رۆژ لەدوای رۆژیش لەزیادبووندایە ئەگەرچی تاکو ئێستا بەپێی زانیاری نوسەر لێتوێژینەوەیەکی دروست و ئامارێکی سەرتاسەری لەمەڕ ئەو نەخۆشییانە ئەنجام نەدراوە.

بەڵام ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە روخساری کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و لەباروودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتییان بکۆڵینەوە ئەوا بە ئاشکرا ئاسەواری ئەو

نەخۆشییانە بەدیار دەکەوێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییدا توێژەرێك لە کۆی (١٥٠) خێزان کە زۆربەیان ئافرەتن ئەنجامی داوە (٤٧)خێزان دووچاری نەخۆشی دەروونی وەك دڵەراوکێ و خەمۆکی و ترس و لەهۆش خۆچوون و هتد هاتوون.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەیان گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ پاشماوەی خێزانە ئەنفالکراوەکان دروستکردووە. وەکو نەخوێندەواری و دارمانی باری ئابووری و خێزان... هتد کە ئەمانەش کاریگەری زۆر خراپی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی هەیە. بێگومان (توێژی ئافرەت) لە پێشینەی هەمووان دێت، چونکە دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە هەموو ئەرکەکانی کۆمەڵگا هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیش و کاری ناوماڵ و کارکردنی لە دەرەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی رۆژانە کەوتە سەر شانی ئافرەت بەوەی کە رێژەی پیاوەکان زیاتر بەر شاڵاوەکە کەوتوون بەرامبەر رێژەی ئافرەتان، بێگومان ئەوەش ئامانج و مەبەستی سەرەکی رژێم بووە بۆئەوەی خێزانی کورد پەرتەوازە بکات و ئافرەتەکانیش دیاردەی نامۆیی و دوور لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بکات.